WWW.RUDAW.NET

# ڕووداو
RÛDAW

خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت

ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22 ی پووشپەڕی 2715 (750) دینار

## حکومەت ڕۆژانە 3 ملیۆن دۆلار بە سووتەمەنی دەدات

**ڕووداو - هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی، ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن دۆلاری پێویستە.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند، ڕۆژانە پێویستمان بە شەش ملیۆن لیتر بەنزین هەیە، 3 ملیۆن و 200 هەزار لیتری لە نێوخۆ بەرهەم دێ و ئەوی دیکەش هاوردە دەکرێ.

بەگوێرەی ئامارەکان ملیۆنێک و 250 هەزار ئۆتۆمبێل لە کوردستان هەن. ئەو پەرلەمانتارە گوتی "ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێک لە ڕۆژێکدا تەنیا 5 لیتر سووتەمەنی خەرج بکات، ئەوا ڕۆژانە پێویستمان بە زیاتر لە شەش ملیۆن لیتر لە بەنزین و گازوایل هەیە".

وەزیری سامانە سروشتییەکان ڕایگەیاندبوو کە هەر لیترێکی بەنزین لە دەرەوە بە 1200 دینار دەکڕن و بە 700 دینار دەیدەنە خەڵک. بەو پێیە ڕۆژانە حکومەت ملیارێک و 500 ملیۆن دینار (زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار) بە بەنزین دەدات.

دڵشاد شەعبان دەڵێ ئەو وەزارەتە ڕۆژانە شەش ملیۆن لیتر گازوایل لە دەرەوە دەکڕێ کە هەر لیترێکی بە 110 دینارە و وەکو بەنزین بە 700 دینار دەیداتەوە هاووڵاتی.

واتە بۆ هەر لیترێک گازوایل 400 دینار دەدات کە لە ڕۆژێکدا نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار دەکات.

« 4

### ڕێکتڕازان لە دەرگای AKP دەدات
6

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:
### دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ
3

مستەفا هیجری بۆ (ڕووداو):
### لەبەرخاتری هەرێمی کوردستان دەستبەرداری چەکداری خەباتی نابین
5

بەسەرهاتی خۆیان بۆ (ڕووداو) دەگێڕنەوە

# داعشە کوردە هەڵاتووەکان لە گرێ سپی لە ئوڕفا گیریان خواردووە

« 4




ئاسیاسێڵ
کۆماندەکانەوە

## لە ڕەمەزاندا
ڕۆژانە ئینتەرنێت بەکاربهێنە
ئەگەر چرکەیەکیش بێت
100 هەفتانە
ملیۆن دینار بە دیاری وەربگرە



ڕەمەزانی بەخشندەیی

لە ڕەمەزانی بەخشندەیی دا ١٠٠,٠٠٠,٠٠٠ دینار هەموو هەینییەک چاوەڕوانی ١٠ بەشداربوومان دەکات.
ڕۆژانە و بە درێژایی هەفتە ئینتەرنێت بەکار بهێنە و دیارییە بە نرخەکەمان وەربگرە.
بۆ بەشداریکردن لە ئۆفەری ڕەمەزاندا پەیوەندی بکە بە #٢٧٢*
• ئۆفەرەکە هەموو بەشداربووانی ئێستا و نوێی ئاسیاسێڵ دەگرێتەوە.
• بەکارهێنانەکە لە هەینی تا پێنج شەممەی هەموو هەفتەیەکی مانگی ڕەمەزان حساب دەکرێت.

/AsiacellConnect

www.asiacell.com ١٣١/١١١ خزمەتگوزاریی بەشداربووان

## ڕووداو ڕووماڵی ڕەمەزانی مالیزیا دەکات

**سۆران بەهائەددین / ڕووداو- کوالالامپۆر**

تیمێکــی تــۆڕی میدیایی ڕووداو لە کوالالامپۆری پایتەختی مالیزیان بۆ ڕووماڵکردنی نەریتەکانی مانگی ڕەمەزان لە نێو موســڵمانانداندا ، ئەو تیمە تا تەواوبوونی مانگی ڕەمەزان لە نێو وڵاتە موســڵمانەکان دەگەڕێن و چیرۆکاکانی خەڵک لەگەڵ ڕەمەزان لە بەرنامەیەکدا بە ناوی ڕەمەزانی ئادەم دەگێڕنەوە. ئەو تیمە لە یەکەم کاریاندا باســی ڕەمەزانی کوالالامپۆر دەکەن، لەو وڵاتە کە زۆرینە موســڵمانن، ڕەمەزان هیچ کاریگەرییەکی لەســەر گەشتیاری و چێشتخانەکان و یانەکان و جلوبەرگی ژنان و کارکردن نییە، بە ڕۆژ کار دەکەن و شەوان شەقامە سەرەکییەکان چۆڵن.




ڕووداو
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

### دوای 9 ڕۆژ لە دیارنەمانی

# لە هەولێر ژنە دەستگێڕێک بە کوژراوی دەدۆزرێتەوە

**دیمەن بورهان**
**ڕووداو- هەولێر**

دوای 9 ڕۆژ لــە دیارنەمانــی، تەرمــی ژنێکــی دەســتگێڕ لەســەر ڕێگــەی هەولێــر- قوشــتەپە لەلایــەن کارمەندێکــی پاراســتنی ژینگــەوە دەدۆزرێتەوە و پۆلیســی لێ ئاگادار دەکرێتەوە. بەهۆی تێکچوونی تەرمەکەشــی، کەســوکارەکەی بــە خاڵە کوتراوەکانی ســەر دەستی ناسییانەوە.

ڕۆژی 2015/6/7 ژنێکی تەمەن 22 ســاڵ بەناوی ســەیجان خەســرۆ، دایکی دوو منداڵ، لــە ترافیــک لایتێکــی شــاری هەولێــر لەگەڵ تاکسییەک سەردەکەوێت بۆ ئەوەی بگەڕێتەوە ماڵــەوە، بــەڵام دوای 9 ڕۆژ لەســەر ڕێگــەی قوشتەپە بە کوژراوی دۆزرایەوە.

ســێ خێــزان کە کەســی نزیکــی یەکدین، لــە خانوویەکی کۆندا لە گەڕەکی کشــتوکاڵی شــاری هەولێر دەژیــن. ڕەســمیە زەینەڵ کە پووری سەیجانە و ڕۆژانە بە یەکەوە لە ترافیک لایتەکانی شــاری هەولێر کاری دەســتگێڕییان کردووە، بــە (ڕووداو)ی گــوت "دوای نیوەڕۆ چووین بۆ سەر کار، ئەو ڕۆژە لە ترافیک لایتی بنەسڵاوە کارمان دەکرد. کاژێر نزیکی چواری عەســر بوو، ســەیجان هاتە لام و گوتی سەرم زۆر دێشــێ دەمەوێت بچمەوە ماڵــەوە، دواتر تاکسییەکی گرت و ڕۆیشت".

دوای کاژێرێک ڕەسمیە دەگەڕێتەوە ماڵەوە و دەبینێ سەیجان نەگەڕاوەتەوە، بەڵام ڕەسمیە ســۆراخی ناکات "چونکە زۆرجار دەچووە لای ئەندامانــی دیکەی خێزانەکەمان کە لە ترافیک لایتەکانــی دیکە هەمان کاری ئێمەیان دەکرد، بەڵام شــەو هەر نەگەڕایــەوە، بۆیە پەیوەندیم کرد پێیانەوە و گوتیان نەهاتووەتە لای ئێمە".

سەمیر کە هاوژینی سەیجانە، بە (ڕووداو)ی گوت "دوای ئەوەی ئێوارە گەڕامەوە گوتیان سەیجان نەگەڕاوەتەوە، گومانمان کرد لەلایەن پۆلیســەوە دەســتگیرکرابێت، چونکە پێشتر حاڵەتی وا هەبووە کە پۆلیس دەستگێڕەکانی گرتــووە، بــەڵام هەموو بنکەکانی پۆلیســمان کرد، دەرکەوت کە دەســتگیر نەکــراوە، بۆیە پۆلیســیش لەگــەڵ ئێمە دەســتیان بە گەڕان کرد".

دوای 9 ڕۆژ لــە دیارنەمانــی ســەیجان، پۆلیســی فریاکەوتن پەیوەندی بە سەمیرەوە دەکەن و دەڵێن ســەیجان بریندارە و وەرە بۆ نەخۆشخانەی ڕزگاری.

ســەمیر وا خەیــاڵ دەکات کــە ئۆتۆمبێــل لــە ژنەکــەی دابێت، بــەڵام کاتێــک دەچێتە نەخۆشــخانە، دەبیــەن بــۆ ســەر تەرمێک و پێیدەڵێــن ئــەوە ســەیجانە. ســەمیر گوتــی "کاتێــک تەماشــای تەرمەکــەم کــرد، بینیم دوو گوللــەی لێدرابوو، یەکێکیان بەر ســەری کەوتبــوو ئەوی دیکەشــیان بەر ســکی، بەڵام ڕوخســار و لاشەی وەک ســووتاو وابوو کەس نەیدەناسییەوە، پێدەچوو بەدرێژایی ئەو چەند ڕۆژەی ونبــووە لەبــەر خۆر بووبــێ. ئێمە بە شــوێنە کوتراوەکانی سەر پەنجەکانی دەستی ناســیمانەوە، چونکە ناوی منداڵەکانی لەسەر پەنجەکانی دەستی نووسیبوو".

پــووری ســەیجان ڕەتیکــردەوە کــە ئەوان هیــچ کێشــەیەکیان لەگــەڵ کــەس هەبێت و گوتی "ســەیجان ژنێکــی زۆر هێمن و بێدەنگ بــوو، جگــە لە کارکردن لــە دەرەوە و ماڵەوە هیچی دیکەی نەدەزانی و کەسیشی لە دەرەوە نەدەناسی".

پرســەی ســەیجان زۆر چۆڵ بــوو، دایک و باوکــی لــە پرســەکەدا نەدەبینــران، کاتێــک پرســیارمان کــرد، ڕەســمیە گوتــی "باوکــی ســەیجان زیاتــر لــە چــوار ســاڵە بەتۆمەتی بازرگانیکردن بە ماددەی هۆشــبەر لە زیندانی ئەهوازە لە ئێران، بەڵام بوختانیان بۆ کردووە و ئەو بێتاوانە. دایکیشــی بۆ سەردانی باوکی چووەتــە ئێــران و هێشــتا ئــەم هەواڵەمــان پێڕانەگەیاندووە".

سەبارەت بە تۆمارکردنی سکاڵاش، سەمیر گوتی "گومانمان لە کەس نییە و سکاڵاشــمان لەسەر کەس تۆمار نەکردووە، چونکە کێشەمان لەگەڵ کــەس نەبووە، دراوسێکانیشــمان ئەو شایەتیەمان بۆ دەدەن".

یەکێک لە خێزانەکەی سەیجان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئەمە یەکەم دەســتگێڕ نییە کە دەڕفێنرێت، بەڵکو لــەم ماوەیەدا چەنــد دەســتگێڕێکی دیکەش ڕفێنراون".



# ناوی دایبییەک زەردەشتییەکانی کوردستان تووڕە دەکات

**خاوەنی دایبی ئاوێستا:**
**قەرەبووم بکەنەوە ناوەکەی دەگۆڕم**

**ئەندامێکی ڕێکخراوی یەسنا:**
**خاوەنەکەی ئیسلامییە و سکاڵا دژی کۆمپانیاکە تۆمار دەکەین**

**مەهدی محەممەد ڕواندزی**
**ڕووداو- هەولێر**




جۆرە دایبییــەک بەناوی "ئاوێســتا" دەکەوێتــە بازاڕەکانی کوردستانەوە کە زەردەشتییەکانی کوردستانی تــووڕە کــردووە و پێیانوایە خاوەنەکــەی بە ئەنقەســت ئــەم نــاوەی لــە دایبییەکە نــاوە، بۆیە دەڵێــن پەنا بۆ یاسا دەبەن لەبەرامبەر "ئەو سووکایەتیەی بە ئاڤێستای پیــرۆز" کــراوە. خاوەنــی دایبییەکــەش دەڵێت ئەگەر قەرەبووی بکەنەوە ناوی دایبییەکە دەگۆڕێ.

حەسەن تاهیر کە خاوەنی دایبی ئاوێستایە، ڕەتیکردەوە بە مەبەســت ئــەو کارەی کردبێ و دەڵێت "نابێت زەردەشــتییەکان بەمە نیگەران بــن، چونکە ئاوێســتا جیــاوازە لە ئاڤێســتا". گوتیشی "بە حیساب ئاوێستا ناوێکی کوردییە، وەک وەفایــەک بــۆ کــورد و کوردســتان ئــەم ناوەمان بۆ دایبییەکە هەڵبژارد".

حەســەن پشتڕاســتی کــردەوە کــە زەردەشــتییەکان بە نــاوی دایبییەکەی قەڵس بوونــە و دەڵێــت "مــن نەمدەزانی ئاوێســتا و ئاڤێستا هەمان ناون، تاوەکو ئەو کاتەی کەسێک تەلەفۆنی بۆ کردم، پێدەچوو زەردەشــتی بێ، بەتووڕەییــەوە قســەی لەگەڵ کــردم، یەکێکی دیکە بەهەمانشــێوە تەلەفۆنی کرد و پێیگوتم: ڕازیــت قورئانەکەتــان بکەمــە بیجامە؟ منیش گوتم: نەخێر. ئەو وایدەزانی لایەن کەسانێکەوە هاندراوم بۆ ئەو کارە، بەڵام دواتر قەناعەتی بە قسەکانم هات".

ســەبارەت بە هەڵبژاردنی ناوی ئاوێســتا بۆ دایبییەکە، حەسەن گوتی "لەبەر بێ ناوی ئەم نــاوەم هەڵبژارد. زۆر ناومان دیــاری کرد وەک پاشــا، کانی، شــاخ، نمــا و چەندانــی دیکە، کەچی هەر هەموویان هەبوون، بۆیە ئاوێستامان هەڵبژارد".

خاوەنــی دایبی ئاوێســتا بــەو مەرجە ڕازی دەبێت ناوی دایبییەکەی بگۆڕێت کە قەرەبووی زیانەکانی بکەنــەوە "دوای ئەو هەموو ڕیکلامە و ئاشنابوونی خەڵک بە دایبییەکەمان، گۆڕینی ناوەکــەی زۆر زەحمەتــە، بــەڵام ئەگــەر هــەر چارەســەر نەبوو، بــا زەرەرەکەمان بۆ ببژێرن، ناوەکەی دەگۆڕین".

ئاوێستا یان ئاڤێستا، کتێبی ئاینیــی زەردەشــتییەکانە. ئەندامێکــی دەســتەی بــاڵا لــە ڕێکخــراوی یەســنای زەردەشــتییەکان دەڵێــت ئــەم کارە بە ئەنقەست کراوە و دوای ئەوە هاتووە کە زەردەشتییەکان خەریکی خۆڕێکخستنەوەن.

ئــاوات عیســام، ئەندامــی دەســتەی بــاڵا لــە ڕێکخــراوی یەســنای زەردەشــتییەکان دەڵێ "کاتێ هەســتیان کردووە زەردەشــتییەکان جموجۆڵیــان هەیــە و خەڵکەکــە دەگەڕێنەوە ســەر دینی ڕەســەنی خۆیان، ئیــدی هاتوون سووکایەتی بە ئاوێستای پیرۆز دەکەن".

ئاوات دەپرســێ "باشــە هیچ زەردەشتییەک ناوی کتێبێکی ئاسمانی خستووەتە سەر بەرگی کلینێکس، تاوەکو ئەوان ناوی ئاوێســتا بخەنە سەر دایبی".

ئــاوات دەڵێت ئــەوە تەنیــا نیگەرانیی ئەو نییــە لەو ناوەی لــە دایبییەکە نــراوە "ڕۆژانە چەندین نامەم پێدەگات کــە داوامان لێدەکەن ســکاڵا تۆمار بکەین، بۆیە ئێستا لیژنەیەکمان دروســتکردووە و ســکاڵا دژی ئەم کۆمپانیایە تۆمار دەکەین".

ئــاوات دڵنیایە کە ئەم کارە بە ئەنقەســت کــراوە و دەڵێــت "بەدواداچوونمــان کــردووە، دەرکەوتووە خاوەنی کۆمپانیاکە ئیسلامییە".

# "500 دۆلار زیاد لە هەر حاجیەک وەردەگیرێ"



**عوبێد ڕەشاڤایی**
**ڕووداو- دهۆک**

ئەندامێکی لیژنەی ئەوقاف لە ئەنجوومەنی پارێــزگای دهــۆک لێکدانەوەی بۆ ســەرجەم خەرجــی حاجییەکانی کوردســتان لە مەککە کــردووە و بۆی دەرکەوتــووە هەر حاجییەک 500 دۆلاری زیاد لێوەرگیراوە.

سەباح بابیری، ســەرۆکی لیژنەی ئەوقاف و کاروبــاری ئاینی لــە ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک ڕەخنە لــە وەزارەتی ئەوقاف دەگرێت لەســەر ئەوەی کە تەنیا بۆ هوتێل بۆ ماوەی 22 ڕۆژ لــە مەککــە 1800 دۆلار لــە حاجیان وەردەگرن.

بەپێــی ئــەو لێکدانەوەیــەی بابیــری بــۆ خەرجی حاجییــەکان کردوویەتی، پارەیەکی زۆر لەو پارەیەی لە حاجییەکان وەردەگیرێت دەمێنێتــەوە و دەشــڵێت "نازانین ئەو پارەیە چی لێدێت".

ئەمساڵ 3656 کەس لە هەرێمی کوردستان ســەفەری حەج دەکــەن، هەر حاجییەک بڕی 4 ملیــۆن و 200 هــەزار دینار (3300 دۆلار)ی لێوەردەگیرێت، بەڵام بەلای هەندێکەوە ئەم بڕە پارەیە زۆرە.

سەباح بابیری دەڵێت "بەپێی زانیارییەکانی ئێمــە، ئــەو بــڕە پارەیــەی لــە حاجیانــی وەردەگیــرێ 550 دۆلار بــۆ فڕۆکــە، 450 دۆلاریــش بــۆ بەکرێگرتنی چادر لــە عەرەفە و گواســتنەوە لە نێــوان جــەدە و مەدینە و مەککــە، 1800 دۆلاریش بۆ هوتێلە، ئەمەش ئەگــەر هــەر ژوورێک ســێ کەســی تێدابێ، بەڵام هەموو ســاڵێک پێنــج حاجی دەخرێنە ژوورێک. سەرەڕای ئەوەش هێشتا 500 دۆلار دەمێنێتــەوە، کەس نازانێــت ئەو پارەیە چی لێدێت".

ســەردار قوربانــی، گوتەبێــژی وەزارەتی ئەوقاف و کاروباری ئاینی لەوبارەیەوە دەڵێت "بــڕی پارەکە لە لایــەن وەزارەتــی ئەوقافی عێراقــەوە دیــاری دەکرێت نــەک ئێمە، بەڵام خەرجی حاجیان زۆرە و لەوانەیە ئەو پارەیەی ئێستا بەشیان نەکات".

ســەبارەت بە وەرگرتنی بڕە پارەیەکی زۆر بۆ هوتێل، قوربانی گوتی "پێش چەند مانگێک وەزیری ئەوقاف خۆی ســەردانی ســعودیەی کردووە و لە مەککە هوتێلێکی باشتری لەوەی ســاڵی ڕابــردوو لە هەمان شــوێن گرتووە کە کرێیەکــەی 4 ملیۆن ڕیاڵ (زیاتر لە ملیۆنێک دینار) لەوەی ساڵی ڕابردوو کەمترە".

مەریــوان نەقشــبەندی کە چەندین ســاڵ هاوســەفەری حاجیانــی کوردســتان بووە بۆ مەککــە، پێیوایــە پارەی زیاتر لــە حاجیانی کوردستان وەردەگیرێت و نموونە بە وڵاتێکی وەکو ئەندۆنیسیا دێنێتەوە "ئەندۆنیسییەکان 15 کاژێــر بە فڕۆکە گەشــت دەکــەن تاوەکو دەگەنــە مەککە، تەنیــا دوو هــەزار دۆلاریان لێوەردەگرن، بەڵام حاجیانی کوردستان 3300 دۆلاریان لێوەردەگیرێت".

### بە تابلۆی ئۆتۆمبێل پارە پەیدا دەکەن

# پارێزگاری هەڵەبجە 9999 ژمارەی ئۆتۆمبێل مەزاد دەکات

**ڕێبین یارئەحمەد**
**ڕووداو- هەڵەبجەی شەهید**

ئیدارەی پارێزگای هەڵەبجە هەر لە ئێستاوە دەیەوێ سەرچاوەی دارایی بۆ خۆی پەیدا بکات و چاوەڕێــی بەغدا و هەولێر نــەکات پارەی بۆ بنێرن. لە یەکەم هەنگاویشــدا دەیەوێ تابلۆی ئۆتۆمبێلەکانی پارێزگای هەڵەبجە بە زیادکردنی ئاشکرا بە هاووڵاتیان بفرۆشێ.

هوشیار باوێلەیی، دەمێکە تابلۆی ژمارە 1ی تایبەتی پارێزگای هەڵەبجەی لە ئۆتۆمبێلەکەی بەستووە، وەک ئەوەی هەستی کردبێت ڕۆژێک دادێت شــارەکەی دەبێتــە چــوارەم پارێزگای هەرێمی کوردستان.

باوێلەیی کە بە قسەی خۆی 2 ملیۆن و 386 هەزار مینی هەڵگرتووەتەوە، هەردوو قاچەکانی لــە کاتی میــن هەڵگرتنەوە لەدەســتداوە. ئەو دەڵێــت "هەمــوو شــارەکانی کوردســتان بەم ژمارەیــە گــەڕاوم کــە زانیویانــە من هوشیار باوێلەییم قســەیان نەکردووە و لێپێچینەوەیان لەگەڵ نەکردووم".

لەگــەڵ بــە پارێزگابوونــی هەڵەبجــە، هەڵەبجەییــەکان زۆرتر چاویــان لەوەیە تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێلەکانیان بگۆڕێت بۆ هەڵەبجە و هەر لە شارەکەیان پاسپۆرت وەربگرن.

جــەلال کەریم، بریــکاری وەزیــری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردســتان، لە مەراسیمی دەســتبەکاربوونی پارێــزگاری هەڵەبجە و دوو جێگرەکــەی بــە (ڕووداو)ی گوت "بەم نزیکانە لیژنەیــەک لــە وەزارەتــی ناوخۆ دەســتبەکار دەبێــت بۆ ئەوەی بەڕێوەبەرایەتییەکانی ســەر بــە وەزارەتی ناوخــۆ لە هەڵەبجــە بکرێنەوە، لەوانــەش بەڕێوەبەرایەتــی پۆلیســی هاتوچۆ، بــۆ ئەوەی دەســت بکرێت بە پێدانــی تابلۆی ژمارەی ئۆتۆمبێل لە هەڵەبجە. بۆ پاسپۆرتیش دەبێت حکومەتی عێراق ڕەزامەندی دەربڕێت. نووســراومان کــردووە، بــەڵام وەڵامیــان نەداوینەتەوە".

لە مەراسیمی دەســتبەکاربوونی پارێزگاری هەڵەبجــە و دوو جێگرەکەیــدا ســەرمایەداران سێ ئۆتۆمبێلیان بەخشیە پارێزگای هەڵەبجە و ڕاستەوخۆ لە وەزارەتی ناوخۆوە، ژمارە 1 و 2 و 3ی شین (حکومی)یان پێدرا، ئێستا ئۆتۆمبێلە تۆیۆتا- لاندکرۆزەرەکــەی عەبدوڵــڵا نەوڕۆڵــی، پارێزگاری هەڵەبجە کە مۆدێلی 2015یە، ژمارە 1ی لێ بەستراوە.




بــە پارێزگابوونــی هەڵەبجە لــە کاتێکدایە کــە هەرێمــی کوردســتان قەیرانــی داراییــی هەیــە. پارێــزگاری هەڵەبجە هەر لە ئێســتاوە ســەرچاوەیەکی داهاتی دۆزیوەتــەوە و دەڵێت "ژمــارەی تایبەتی تابلــۆی ئۆتۆمبێل لە ژمارە یەکــەوە تاوەکــو 9999 دەخەینە مــەزادەوە و دەیفرۆشــین و بە پارەکەشی چەند کاروبارێکی پارێزگاکــە و چەنــد پڕۆژەیەکــی پێ جێبەجێ دەکەین".

ســەبارەت بە پێدانــی تابلۆی ژمارە یەک بە هۆشــیار باوێلەیی، پارێــزگاری هەڵەبجە گوتی "هیچ ژمارەیەک نادەینە کەس و سەرجەم ژمارە تایبەتەکان لە ژمارە یەک تاوەکو 999 دەخەینە موزایەدەوە".

ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

## کۆمەڵی ئیسلامی: زۆربەی قەیرانەکانی کوردستان دەستکردن

**ڕووداو- هەولێر**

مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمانی کوردستان داوای کشانەوەی هەر چوار لایەنەکە (یەکێتی، گۆڕان، کۆمەڵ و یەکگرتوو) لە کا حکومەت دەکات و دەڵێت "نیەتێک بۆ فەشەلی هەر سێ لایەنەکەی پێشووی ئۆپۆزیسیۆن دەبینین. بەداخەوە بە بیانووی قەیرانی دارایی و شەڕی داعش حکومەت چاکسازی و گۆڕانکاری ریشەیی نەکردووە، کە مەرجی لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن بووە بۆ بەشداری لە حکومەت".
مەروان گەڵاڵی پێیوایە "زۆربەی قەیرانەکان دروستکراون و حەقیقی نین".

### ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو:

# دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ

**بێگەرد تاڵەبانی:**
**پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان پەیوەندی بە پۆستی سەرۆک کۆمارەوە نییە**

**ئومێد خۆشناو:**
**کلیلی مەلەفی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دراوەتە دەست نێچیرڤان بارزانی**

**هیڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی ڕایگەیاند کە "دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ و تەواوی دەسەڵاتی هەبێت". پارتیش دەڵێ "پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ بارزانییە و لە چوار ساڵ کەمتریش قبووڵ ناکەین". بەڵام یەکێتی دوا قسەی خۆی لەسەر ئەو پۆستە، لەلای خودی بارزانی دەکات.

### کلیلەکە لای نێچیرڤان بارزانییە

خەریکە بگەنە بنبەست لە مەسەلەی یەکلاکردنەوەی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و هەندێکیان سەرقاڵی پێشکەشکردنی پرۆژەن بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان. هەر یەک لە یەکێتی و گۆڕان و ئیسلامییەکان پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لە پەرلەمانی کوردستان وای بۆ دەچێ کە "کێشەکە چارەسەر دەبێ، چونکە کلیلی مەلەفی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان دراوەتە دەست نێچیرڤان بارزانی".

پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێ چوار ساڵی داهاتوو، پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان لای ئەوان دەبێ، چونکە ڕێککەوتنی ستراتیژییان هەیە لەگەڵ یەکێتی کە سەرۆک کۆماری عێراق پشکی یەکێتی دەبێ و سەرۆکی هەرێمی کوردستانیش بۆ پارتی دەبێ.

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ئێستا قایل نییە بەو ڕێککەوتنە و دەڵێن بۆ پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق کەس خێری بە یەکێتی نەکردووە.

بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان گوتی "پۆستی سەرۆک کۆماری عێراق لەلایەن یەکێتییەوە بەپێی خاڵ بووە و بەرامبەر ئەوەش پارتی لە بەغدا جێگری سەرۆک وەزیران و وەزیری دارایی وەرگرتووە".

بۆیە وەک بێگەرد تاڵەبانی دەڵێ "دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمانی کوردستان هەڵبژێردرێ و پارتیش بێتە پێشەوە و وەکو یەکێتی و گۆڕان و لایەنەکانی دیکە پرۆژەی خۆی پێشکەش بکات".

یەکێتی دوا قسە لەگەڵ بارزانی دەکات

یەکێتی لە پرۆژەکەیدا کە پێشکەشی پەرلەمانی کوردستانی کردووە، داوا دەکات "بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، هەر یەک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگاکان و نوێنەرانی کورد لە بەغدا بەشداربن"

بڕیارە ئەمڕۆ (دووشەممە) شاندێکی باڵای یەکێتی نیشتیمانیی کوردستان لە پیرمام لەگەڵ مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان کۆببێتەوە. وەک ئەندامێکی شاندی یەکێتی گوتی "یەکێتی دەیەوێ دوا قسەی کاک مەسعود بزانێ، چونکە تاوەکو ئێستا لە خودی کاک مەسعودمان نەبیستووە کە هەڵوێستی چییە". گوتیشی "یەکێتی قسە و پێشنیازی خۆی لای بارزانی دەکات".

پرۆژەکەی یەکێتی و گۆڕان جگە لە جەختکردنە سەر ئەوەی کە دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، داواش دەکات دەسەڵاتەکانی سەرۆک کەم بکرێنەوە.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڵێت "تێدەگەین بۆچی یەکێتی پرۆژەیان پێشکەش کردووە، بۆ ئەوەی پێشانی لایەنگرانی خۆیانی بدەن کە تەنیا گۆڕان نییە پرۆژە پێشکەش دەکات. یەکێتی ویستی بە گۆڕان بڵێ تەنیا ئێوە پێشڕەوی ڕەوتەکە نین".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی پارتی کە لەبەر ڕەوتی دانوستاندنەکان پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "یەکێتی هیچ کێشەی نەماوە و قسەی خۆشی بۆ پارتی کردووە و بە مانەوەی سەرۆک بارزانی ڕازین".

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لەگەڵ لایەنەکان دەستیکردووە بە دانوستاندن، یەکەمجار لە سلێمانی لەگەڵ بزووتنەوەی گۆڕان کۆبووەوە، بڕیارە لەگەڵ پارتی و لایەنە ئیسلامییەکانیش کۆببێتەوە.

هەڵسوڕاوێکی بزووتنەوەی گۆڕان کە بەشدار بووە لە کۆبوونەوەی نێوان حیزبەکەی و یەکێتی، بە (ڕووداو)ی گوت "یەکێتی بە گۆڕانی ڕاگەیاند دوای جەولەی دانوستاندنەکان، قسەی جددی و کۆتایی خۆیان لەسەر پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن".

پێشکەشکردنی ئەو هەموو پرۆژانە دوای ئەوە هات کە کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان وەڵامی فەرمانەکەی مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستانی دایەوە کە ناتوانن لە 2015/8/20 هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بەڕێوەببەن.



### پرۆژەکەی یەکێتی بەدڵی یەکگرتوو نییە

بەڵام یەکگرتووی ئیسلامی ڕایەکی جیاوازی هەیە لە یەکێتی و گۆڕان و داوا دەکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان "ڕاستەوخۆ" هەڵبژێردرێ.

غازی سەعید، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتووی ئیسلامی پێشنیازەکەی یەکێتی بۆ هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە "نادروست" دەزانێ و دەڵێت "بەڕاستی پێشنیازێکی ناواقیعییە، هەڵبژاردنی سەرۆک یان دەبێ لەنێو پەرلەمانی بێ، یان ڕاستەوخۆ بێ. یەکێتی هەوڵیداوە ڕێگای سێیەم پێشنیاز بکات، بەڵام ئەمە سیستەمێکی زۆر غەریب و عەجیبە".

ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو پێیوایە لەم قۆناغەدا ناکرێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەکو یەکێتی و گۆڕان داوا دەکەن لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، "بەڵکو تاوەکو هەرێمی کوردستان لەم قۆناغە تێدەپەڕێ، دەبێ سەرۆکێکی بەدەسەڵاتی هەبێ، نەک سەرۆکێکی تەشریفاتی".

غازی سەعید لەبارەی سەرۆکی تەشریفاتی کە دەگوترێ گەرەنتی ئەوەیە دیکتاتۆر دروست نەبێ، گوتی "سەرۆکی تەشریفاتی چ پێویستە هەبێ یان نەبێ، خۆ سەرۆک کۆماری عێراقیش تەشریفاتییە، بەڵام گەورەترین دیکتاتۆرییەت لە سەرۆک وەزیرانی عێراقەوە دروست بوو لەسەردەمی نوری مالیکی".

هەرچەندە یەکگرتووی ئیسلامی زیاتر لە جارێک ڕایگەیاندووە لەگەڵ سیستەمی پەرلەمانین و سەرۆک لە نێو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، بەڵام ئەو ئەندامەی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو دەڵێ "ئەم هەرێمە بەرەو دەوڵەتبوون دەچێ و ئەمەش پێویستی بە کەسێکی خاوەن کاریزما و خاوەن سەنگێکی بەهێز و دەسەڵات هەیە". گوتیشی "دەبێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن گەلەوە هەڵبژێردرێ".

ئەم داوایەی یەکگرتووی ئیسلامی لەگەڵ داوای پارتی دیموکراتی کوردستان یەکانگیرە کە داوا دەکات سەرۆکی هەرێمی کوردستان ڕاستەوخۆ لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێ.

ئەندامێکی مەکتەبی سیاسی پارتی دەڵێ "جگە لە چوار ساڵ بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان کە کاک مەسعود کاندیدی ئێمەیە، هیچ پێشنیارێکی دیکە قبووڵ ناکەین". گوتیشی "نە پارتی و نە سەرۆک بارزانی بەهیچ شێوەیەک قبووڵ ناکەن سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەنێو پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ، ئەگەر لایەنەکان سووربن لەسەر ئەوە، بابێن بۆخۆیان ئەو وڵاتە بەڕێوەبەرن".

# نەوشیروان مستەفا داوا لە یەکێتی دەکات هاوڕابن لەسەر پرۆژەکەیان

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو- سلێمانی**

لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا، بزووتنەوەی گۆڕان درێژکردنەوەی وادەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی بۆ دوو ساڵ کە دەگوترا بە پێشنیازی یەکێتی بووە، کردە کەرەستەیەکی کاریگەر بۆ ئەوەی یەکێتی پێ بشکێنێ و دەنگەکانی سلێمانی بچنێتەوە، بەڵام ئێستا دیمەنەکان پێچەوانە دەبنەوە. پۆستەکەی بارزانی، ئەو دوو حیزبە لەیەک نزیکدەکاتەوە.

سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی لە پەرلەمانی کوردستان کە هاوکات ئەندامی سەرکردایەتی ئەو حیزبەشە، دەڵێت پرۆژەی ئەوان وەک پرۆژەی گۆڕان نییە و جیاوازیی تێدایە "لە شێوازی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و چەند خاڵێکی دیکەدا جیاوازی لە پرۆژەکانماندا هەیە".

بێگەرد تاڵەبانی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکێتی گوتی کە ئەوان یەکەم حیزب بوون لە دوای هەڵبژاردنی ئەم خولەی پەرلەمان پرۆژە یاسایان بۆ هەموارکردنی پرۆژەی دەستوور و هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان داوەتە پەرلەمان.

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، ئەو پرۆژەیەی ڕۆژی 2015/6/21 یەکێتی بڵاوی کردەوە، نزیکەی 2 مانگ لەمەوبەر ئامادە کراوە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەیداوەتە سەرۆکایەتی پەرلەمان، هەرچی بزووتنەوەی گۆڕانە پەلەی کرد لە ڕاگەیاندنی پرۆژەکەی خۆی و کەوتە پێش یەکێتییەوە.



(فۆتۆ: سەرتیپ عوسمان)

پرۆژەی هەموارەکەی یەکێتی لە زۆربەی خاڵەکاندا هەمان پرۆژەکەی گۆڕانە، بەڵام وەک بێگەرد تاڵەبانی باسیکرد، ئەوان دەیانەوێ سەرۆکی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمانی کوردستانەوە هەڵبژێردرێ "داوا دەکەین ئەنجوومەنێک لە ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان، ئەندامانی پەرلەمانی عێراق و ئەندامانی ئەنجوومەنی پارێزگاکان پێکبهێنرێ و ئەوان کەسێک بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان هەڵبژێرن".

هەروەها گوتیشی، لە پرۆژەکەی ئێمەدا دەسەڵاتی ڕاگەیاندنی باری نائاسایی لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان وەردەگیرێتەوە، بەڵام لەکاتی ڕاگەیاندنی باری نائاساییدا، ئەنجوومەنێک پێکدەهێنرێ "ئەندامانی ئەنجوومەنەکە لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی، سەرۆکی پەرلەمان و جێگرەکەی پێکدێن، ئەوانە ناودەنرێن ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی کاروباری ئیداری تاوەکو ئەوکاتەی بارە نائاساییەکە تەواو دەبێ".

ڕۆژی 2015/6/21 شاندێکی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان سەردانی نەوشیروان مستەفایان کرد لە گردی زەرگەتە، دوای کۆبوونەوەیەک، هەردوولا ڕایانگەیاند کە کۆبوونەوەیەکەیان سەرکەوتوو بووە و لەو خاڵانەی باسیان کردووە هەردووولا هاوڕا بوون.

بەپێی ئەو زانیاریانەی سەرچاوەیەکی ئاگادار لە کۆبوونەوەکە بۆ (ڕووداو)ی باسکرد، جگە لە باسکردنی پرۆژەکانی هەردوولا بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و لیژنەی نووسینەوەی دەستوور، باسی کێشە ئیدارییەکانی ئەم دواییەی هەرێمی کوردستان و پەیوەندییەکانی نێوان هەولێر و بەغداشیان کردووە.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی "کاک نەوشیروان بە یەکێتی ڕاگەیاند کە ئەوان وەک بزووتنەوەی گۆڕان پەشیمان نابنەوە لەو پرۆژەیەی پێشکەشیان کردووە و سوورن لەسەر ئەوەی سیستەمی حوکمڕانی بکرێتە پەرلەمانی و سەرۆکی هەرێم لە پەرلەمانەوە هەڵبژێردرێ".

بڕیارە ئەمڕۆ دووشەممە 2015/6/22 شاندێکی یەکێتی سەردانی بارزانی بکەن و دواتر لەگەڵ ئیسلامییەکان کۆببنەوە.

عیماد ئەحمەد، گوتەبێژی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، کۆبوونەوەکەی یەکێتی و گۆڕانی لە چوارچێوەی ئەو کۆبوونەوانەی یەکێتی ئەژمار کرد کە "بۆ زیاتر پتەوکردنی یەکڕیزیی نێوان لایەنەکان و هەوڵدانە بۆ تەبایی زیاتر بۆ ئەوەی هەرێمی کوردستان لەڕووی نێوخۆییەوە باشتر بتوانێ لەگەڵ ڕووداوەکان مامەڵە بکات". ڕەتیشیکردەوە کۆبوونەوەکەیان لەگەڵ گۆڕان بەتەنیا تایبەت بووبێت بە پرسی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان.

بزووتنەوەی گۆڕان پێشوازی لە پرۆژەکەی یەکێتی دەکات و بەپاڵپشتیی پرۆژەکەی خۆی دەزانێ، هەروەک چۆن چاوەڕوانی ڕاگەیاندنی هەڵوێستی کۆتایی ئیسلامییەکانیش دەکەن لەو بارەیەوە. بەڵام مەروان گەڵاڵی، سەرۆکی فراکسیۆنی کۆمەڵی ئیسلامی ڕەتیدەکاتەوە ئەوان هەڵوێستی کۆتایی ڕابگەیێنن "ئێمە و یەکگرتوو هەڵوێستی کۆتاییمان ڕاگەیاندووە و داوای سیستمی پەرلەمانی و دەسەڵاتی تەشریفاتی بۆ سەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەین و لای ئێمە کۆتایی هاتووە".

هەر بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لە کۆبوونەوەکەی دوێنێدا، نەوشیروان مستەفا هیوای خواستووە "یەکێتی لەنێوخۆیدا هاوڕا بن بۆ پاڵپشتی لە پرۆژەکەیان".

بێگەرد تاڵەبانی، زیاتر باسی پرۆژەکەیان دەکات و دەڵێ "بەپێی یاسا بارزانی مافی خۆپاڵاوتنەوەی نییە و بەیاسا گرفتی لەبەردەمدایە". گوتیشی "ئێمە پرۆژەمان بۆ دژایەتی هیچ کەسێک ئامادە نەکردووە و چاوەڕوانی ئەوەش ناکەین کاردانەوەی بەدوادابێت".

رووداو
راپۆرت
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22



## پارێزگاری سلێمانی و جێگرەکەی ئامادەن دەست لەکاربکێشنەوە



**رووداو- سلێمانی**

ئاسۆ فەرەیدوون، پارێزگاری سلێمانی مژدە بە دانیشتووانی شارەکەی دەدات کە لەم هەفتەیەدا قەیرانی بەنزین چارەسەردەبێت، جێگری پارێزگاری سلێمانیش جەختدەکاتەوە ئەگەر قەیرانەکەیان پێ چارەسەرنەکرا، ئامادەیە دەست لەکاربکێشێتەوە. ئاسۆ فەرەیدوون، لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەڤانیدا گوتی "شۆفێران دڵنیادەکەینەوە کە تاوەکو رۆژی 23/6/2015 کێشەی بەنزین چارەسەردەکرێت". سەردار قادر، جێگری پارێزگاری سلێمانیش جەختیکردەوە ئەگەر قەیرانی بەنزین و گرفتەکانی دیکەیان پێ چارەسەرنەکرێن، لەگەڵ پارێزگار ئامادەن دەست لەکاربکێشنەوە.

### داعشە پەشیمانەکان بەسەرهاتی خۆیان بۆ (رووداو) دەگێڕنەوە

# داعشێکی خەڵکی هەولێر لە هوتێلێکی شاری ئورفا گیری خواردووە

## داعشێکی عەرەب: ناهێڵم یەک بستی خاکی عەرەب لە بن دەستی کورد بمێنێ

**ناسر عەلی**
**رووداو – دهۆک**

دوای کۆنترۆڵکردنی گرێ سپی لەلایەن یەکینەکانی پاراستنی گەل و بورکانی فورات، ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش خۆیان گەیاندە شارەکانی تورکیا و لەوانەش شاری ئورفا، یەکێک لەو چەکدارانەی داعش خەڵکی هەولێرە و دەڵێت "پەشیمانم.. دەمەوێ رێگایەک بدۆزمەوە بۆئەوەی بگەڕێمەوە کوردستان".

هەر دوای کۆنترۆڵکردنی گرێ سپی، تیمی (رووداو) خۆی گەیاندە ناوچەکە بۆ رووماڵکردنی هەواڵەکانی شەڕ و رەوشی گرێ سپی دوای کۆنترۆڵکردنی. بەپێی زانیارییەکان لە ماوەی شەڕدا ژمارەیەکی زۆر لە چەکدارانی داعش بەبیانووی بەشداریکردن لەو شەڕە هاتوونەتە گرێ سپی، بەڵام پاشان هەڵاتوون بۆ تورکیا.

### بەدوای براکەیدا دەگەڕا

تیمی (رووداو) ماوەی پێنج رۆژ لە نێوان گرێ سپی و شاری ئورفای باکووری کوردستان بوو. لەوێ چاوی بە هاووڵاتییەکی ئەڵمانی کەوت، دوای دواندنی دەرکەوت بەدوای براکەیدا دەگەڕێت کە بووەتە چەکداری داعش.

ئەو پیاوە ئەڵمانە بە (رووداو)ی گوت "20 رۆژ لەمەوبەر لە رێگەی ئیمەیلەوە پەیوەندیم بە براکەمەوە کرد لە مووسڵ، پێیگوتم وەرە بۆ تورکیا، منیش دێم بۆ گرێ سپی، لەوێوە دێمە تورکیا بۆ ئەوەی هاوکاریم بکەی و بگەڕێمەوە ئەڵمانیا".

ئەو ئەڵمانە کە لەسەر سنووری رۆژئاڤا و باکووری کوردستان قسەی دەکرد، گوتی "بەرێگای ئیمەیل زانیم براکەم لە مووسڵ هاتووەتە شاری رەققە و پاشانیش بەرەو گرێ سپی، بەڵام لەرێگای یوتیوب بینیم براکەم لەلایەن پەیەدەوە گیراوە".

ئەو کەسە داوای لە پەیامنێری (رووداو) کرد بەهۆی ئەوەی کوردە و لە زمانی شەڕڤانانی یەپەگە تێدەگات، پێیانبڵێت کە براکەی پەشیمانە لەوەی بووەتە داعش و بەڵگەشی ئەو ئیمەیلانەیە کە پێشتر براکەی بۆی ناردووە و دەڵێت پەشیمانە و بەنیازبووە بە یەکجاری بگەڕێتەوە ئەڵمانیا.

سەرەتای هەفتەی رابردوو گرێ سپی لەلایەن شەرڤانانی یەپەگە و بورکانی فورات لە چەکدارانی داعش پاککرایەوە. بە هەزاران کەس لە شارەکە ئاوارەی باکووری کوردستان بوون و ئەوەش بووە دەرفەتێک بۆ ئەو چەکدارانەی دەیانویست واز لە داعش بهێنن و لەگەڵ خەڵکەکە بەرەو باکووری کوردستان برۆن.

### داعشێکی کورد لە هوتێلی پەشیمانەکان

شاری ئورفا نزیکترین شاری سەرسنوورە لەگەڵ گرێ سپی، زۆر لەو چەکدارانەی داعش کە هەڵاتوون ئێستا لە هوتێلێکی شارەکە نیشتەجێن، بە جۆرێک ئێستا هوتێلەکە بەناوی هوتێلی داعشە پەشیمانەکان ناوی دەرکردووە.

لەو هوتێلەدا گەنجێکی تەمەن 24 ساڵی خەڵکی هەولێری لێبوو. ئەو گەنجە بە (رووداو)ی گوت "من خەڵکی قەزای بنەسڵاوەی سەر بە شاری هەولێرم، لەسەرەتای شەڕی داعش لە عێراق، پەیوەندیم بە داعشەوە کرد لە مووسڵ و لە ریزەکانی ئەواندا شەڕم کرد، بەڵام مانگێک پێش ئێستا بۆم دەرکەوت ئەوەی داعش دەیکات لە پێناوی خودا نییە، ئەوەی خودا پێی ناخۆشە ئەوان دەیکەن. بۆ ئەوەی لە دەستیان دەرباز ببم بە بەرپرسەکەی خۆمم گوت دەچمە گرێ سپی بۆ شەڕکردن، ئەویش رازی بوو، بەڵام کە هاتمە گرێ سپی رێگایەکم دۆزییەوە و خۆم گەیاندە تورکیا".

ئەو داعشە کوردە لەو هوتێلە گیری خواردووە و دەڵێت "نازانم بۆ کوێ بچم، بگەڕێمەوە نێو داعش دەمکوژن، بگەڕێمەوە کوردستانیش دەستگیر دەکرێم". ئەو گەنجە زۆری حەز دەکرد هەواڵ بە کەسوکارەکەی بدات کە لە تورکیایە، بەڵام دەترسا ناونیشانی خۆی بڵێت و لەوێش تووشی کێشە ببێ.

چەکدارێکی دیکەی هەڵاتووی داعش کە لە هوتێلەکە بوو، خەڵکی شاری کەرکووک بوو، تەمەنی نزیکەی 40 ساڵ دەبوو، ئەویش لەژێر دەسەڵاتی داعش هەڵاتووە و خۆی گەیاندووەتە تورکیا.

ئەو چەکدارە بەسەرهاتی خۆی گێڕایەوە و گوتی "من خەڵکی کەرکووکم، هەر لە سەرەتای هاتنی داعش پەیوەندیم پێوەکردن، بەڵام 15 رۆژ لەمەوبەر پەشیمان بوومەوە، بۆیە بڕیارمدا هەڵبێم، سەرەتا لە مووسڵەوە هاتمە شنگال، پاشان چووم بۆ رەققە، لەوێش قاچاخچییەک بە 500 دۆلار گەیاندمییە تورکیا".

ئەویش لەوێ گیری خواردووە و دەڵێت "لێرە نازانم بۆ کوێ بڕۆم، دەترسم بچمە ئەورووپا و لەوێ دەستگیرم بکەن، ناشوێرم بگەڕێمەوە کەرکووک، چونکە لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە داواکراوم".

### "کورد دەردەکەین"

هوتێلەکە تەنیا چەکدارە پەشیمانەکانی داعشی تێدا نەبوو، بەڵکو هەندێک چەکداری داعشی تێدابوو کە دوای هێرشی شەڕڤانانی یەپەگە و بورکانی فورات، چەکیان فڕێ داوە و لەگەڵ خەڵکەکە هەڵاتوون بۆ ئورفا.

چەکدارێکی داعشی خەڵکی شاری مووسڵ کە بە رەجیف خۆی بە (رووداو) ناساند، گوتی "لە ریزەکانی داعشدا شەڕم کردووە و پەشیمان نیم. ئەوکاتەی ئێمە زانیمان کورد دەوڵەت رادەگەیەنن، زۆربەی سوننەکانی مووسڵ زۆر تووڕە بوون، هەوڵماندا زیاتر هاوکاری داعش بکەین، پەیوەندیم بە ریزەکانی ئەوانەوە کرد، پێیانگوتم برۆ گرێ سپی شەڕ بکە، منیش هاتمە ئێرە، بەڵام شەڕەکە زۆر قورس بوو، وەکو ئاوارەیەک هاتمە تورکیا".

ئەو داعشە بە ئاشکرا دژایەتی کوردی دەکرد و دەیگوت "هەتا توانام هەبێت شەڕ دەکەم، ناهێڵم یەک بستی خاکی عەرەب لە بن دەستی کورد بمێنێ".

رێکخراوی GIOی نێودەوڵەتی لە سنووری گرێ سپی کە خەریکی تۆمارکردنی ناوی ئاوارەکان بوو، هاوکاریی بەسەردا دابەش دەکردن، بەپێی ئامارەکانی ئەو رێکخراوە لەو 5 رۆژەدا نزیکەی 1300 خێزانی خەڵکی مووسڵ، ئەنبار و نەجەف بەرێگای ئەو سنوورەوە هاتوونەتە شاری ئورفا.

یەکێک لەو ئاوارانە گوتی "پێش هاتنی داعش بۆ مووسڵ، ئەفسەر بووم لە سوپای عێراق لە شاری مووسڵ، خۆم عەرەبی سوننەم و ماڵم لە شاری مووسڵە، ئەوکاتەی داعش زانی سەرباز بووم، بۆمبی چێندراویان لە نێو ئۆتۆمبێلەکەم دانا و بەو هۆیەوە ژنەکەم کوژرا، منیش لەبەر مەرگی خۆم رامکرد بۆ شاری رەققە و پاشانیش بە قاچاخ بە 200 دۆلار هاتمە تورکیا".

ئەم پیاوە خاوەنی کوڕ و کچێکە و ئێستا لە شاری مووسڵن، گوتی "پێش شەڕی گرێ سپی ویستم جارێکی دیکە بگەڕێمەوە رەققە و لەوێش بچم کوڕ و کچەکەم بهێنم، بەڵام بەهۆی شەڕی گرێ سپییەوە دەرنەچووم".



(فۆتۆ: AFP)

# 5000 کەس ناوی خۆیان بۆ لیوا تازەکانی وەزارەتی پێشمەرگە نووسیوە



**مەحموود یاسین کوردی**
**رووداو- هەولێر**

دوای تێپەڕبوونی 5 مانگ بەسەر وادەی دیاریکراوی پەرلەمانی کوردستان بۆ وەزارەتی پێشمەرگە تاوەکو هێزەکانی یەکەی 80ی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکەی 70ی سەر بە یەکێتی نیشتمانی کوردستان یەکبخاتەوە، تاوەکو ئێستا ئەو هێزانە یەک نەخراونەتەوە، پەرلەمانتارێک دەڵێ "لە دیاریکردنی کاتەکەدا پەلەمان کرد".

رۆژی 23ی تەمموزی 2014 ، پەرلەمانی کوردستان بڕیاری ژمارە 19ی تایبەت بەهێزەکانی پێشمەرگەی دەرکرد. بڕیارەکە کە لە 21 خاڵ پێکهاتبوو، تایبەت بوو بە یەکخستن و باشترکردنی ژیان و گوزەرانی هێزی پێشمەرگە.

لە خاڵی چوارەمی بڕیارەکەدا هاتووە "پێویستە لەسەر حکومەتی هەرێمی کوردستان هەموو هێزەکانی پێشمەرگە لە ماوەی 6 مانگ لە دەرچوونی ئەم بڕیارەوە لە چوارچێوەی وەزارەتی پێشمەرگەدا وەکو هێزێکی نیشتمانی یەکبخات بە تایبەتی یەکەکانی (70 و 80)".

### "پەلەمان کرد"

ئاری هەرسین، سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە و شەهیدان و قوربانیانی جینۆساید و زیندانیانی سیاسی لە پەرلەمانی کوردستان، پێیوایە پەرلەمان هەڵە بوو لە دیاریکردنی کاتی یەکخستنەوەکە.

ئاری هەرسین بە (رووداو)ی راگەیاند "یەکخستنەوەی هێزەکانی پێشمەرگە بە تایبەتی یەکەی 80 و 70ی پارتی و یەکێتی کارێکی ئاسان نییە، چونکە ئەم بابەتە شەڕی ناوخۆ و دوو ئیدارەیی لە پشتەوەیە، بۆیە دیاریکردنی ماوەی 6 مانگ بۆ ئەو پرۆسەیە هەڵەیەک بوو بەسەرماندا تێپەڕی، چونکە پرۆسەکە زۆر ئاڵۆزە و پێویستی بە وردبینی و کاری لەسەرخۆ هەیە".

ئاری هەرسین پێیوایە شەڕی داعش و قەیرانی دارایی و بڕیاری سیاسی سێ ئاستەنگ و گرفتی بەردەم یەکخستنی هێزەکانی 80 و 70ن و دەڵێ "ئێمە نابێت ئەوەمان لە بیربچێت ئەو دوو هێزە سەر بە دوو حیزبی جیاواز بوون و پێشتر شەڕی یەکدییان کردووە، بۆیە یەکخستنیان پێویستی بە کاری جدی و پشوودرێژیی هەیە، یەکخستنی ئەو هێزانە تەنیا بە ناو نییە، بەڵکو دەبێت بە حەقیقی ئەو دوو یەکەیە یەکبگرن و بێنە ژێر دەسەڵاتی وەزارەتی پێشمەرگە".

فەریق جەبار یاوەر، ئەمینداری گشتی وەزارەتی پێشمەرگە دەڵێت پرۆسەی یەکخستنی هێزەکان لە چوارچێوەی لیوای هاوبەش بەردەوامە "بەڵام قەیرانی دارایی و شەڕی داعش ئەو پرۆسەیەی دواخست".

جەبار یاوەر، ئامادە نەبوو لەسەر ئەو وادەیە قسە بکات کە پەرلەمانی کوردستان بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستانی دیاریکردبوو بۆ یەکخستنەوەی یەکەی 80 و 70 و گوتی "هیچ کۆمێنتێکمان لەسەر بڕیارەکەی پەرلەمان نییە، پەرلەمانتاران خۆیان وادەکەیان دیاریکردبوو، ئێستاش نزیکەی 5 مانگ بەسەر ئەو وادەیە تێپەڕیوە".

ئاری هەرسین ئەوەی ئاشکرا کرد کە ئێستا یەکەیەکی هاوبەش بۆ پرسی دابەشکردنی مووچە و بابەتە داراییەکان لە نێوان یەکەی 80 و 70 دروستکراوەو دەڵێ "دروستکردنی یەکەیەکی هاوبەش هەنگاوێکی گرنگە. ئەگەر لە بواری مووچە و بودجە ئەو هێزانە یەکبخرێن، ئیدی هەنگاوەکانی دیکەش ئاسان دەبێت".

### 5000 کەس ناوی خۆیان نووسیوە

شێخ جەعفەر مستەفا، وەزیری پێشووی پێشمەرگە و فەرماندەی یەکەی هێزەکانی 70ی سەر بە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان پێشتر لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) ئاشکرای کردبوو کە ژمارەی پێشمەرگەی یەکەکانی 70 و 80 زۆر لە ژمارەی لیوا هاوبەشەکانی وەزارەتی پێشمەرگە زیاترە.

دلێر ماوەتی، جێگری سەرۆکی لیژنەی کاروباری پێشمەرگە لە پەرلەمانی کوردستان هاوشێوەی سەرۆکی لیژنەکەی پێیوایە دانانی کاتێکی دیاریکراو بۆ یەکخستنەوەی هێزەکان گونجاو نەبوو، بەڵام دڵسۆزیی پەرلەمانتاران و خەمی چاککردنی بژێوی ژیانی پێشمەرگە وایکرد ئەو 6 مانگە دیاری بکرێت، بەڵام لەگەڵ دروستکردنی لیوا هاوبەشەکان بەرە بەرە یەکەکانی هێزی 70 و 80 نامێنن، جگە لەوەی لە دابەشکردنی چەکی نوێ و بە دەستهێنانی چەکەکانی دوژمن لە بەرەکانی شەڕ هەمووی لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەیە و ئەمەش هەنگاوی باشە بۆ یەکخستنەوەی هێزەکان.

دلێر ماوەتی گوتی "ئێستا 14 لیوای هاوبەش لە ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگەدان، لەگەڵ دروستکردنی سێ لیوای دیکەش کە بڕیارە ئەمریکا مەشق و راهێنان و چەک و پێداویستییان بۆ دابین بکات، دەبێتە هەنگاوێکی دیکە بۆ نەهێشتنی هێزەکانی 70 و 80".

ئەو پەرلەمانتارە ئاشکرای کرد کە زیاتر لە 5000 هاووڵاتی بۆ ئەو سێ لیوایە فۆرمیان پڕکردووەتەوە، مەرجی وەرگرتنیش خوێندەوارییە، چونکە مەشق لەسەر چەکی نوێ و پێشکەوتوو دەکەن جگە لەوەش دەبێت تەمەنیان لە نێوان 18 تاوەکو 25 ساڵ بێت، هەروەها یەکێک لەو لیوایانە لە 2500 پێشمەرگە پێکدێت.


دلێر ماوەتی دەڵێ "وەزیری پێشمەرگە پێیڕاگەیاندین کە چەک و تفاقی ئەو سێ لیوایە بەشی دروستکردنی لیوایەکی دیکەش دەکات".

## مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بۆ (ڕووداو):

# ناتوانین لەبەرخاتری هەرێمی کوردستان دەستبەرداری خەباتی چەکداری بین

نزیکەی مانگێکە گەشتێکی دەستپێکردووە بۆ ئەوروپا و ئەمریکا، یەکەم وێستگەی گەشتەکەی ئەڵمانیا بوو، نزیکەی سێ هەفتەشە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکایە و (ڕووداو) لە واشنتن هەڤپەیڤینێکی لەگەڵ سازکرد.
مستەفا هیجری، سکرتێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ئێستا لە واشنتنە بۆ ئەوەی لەگەڵ کاربەدەستان و کۆنگرێسمانەکانی ئەمریکا قسە بکات. هیجری دەڵێت مەبەست لە سەردانەکەی بۆ واشنتن ئەوەیە کە هۆشداری بداتە کاربەدەستانی ئەمریکا لەمەڕ سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا. هیجری پێیوایە سیاسەتەکانی ئێران بەهێزکردنی داعشیش دەگرێتەوە تاوەکو باڵادەستیی خۆی لە ناوچەکەدا مسۆگەر بکات. ئەو دەڵێت ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران دەستی کاربەدەستانی ئەو وڵاتە واڵاتر دەکات لەبەرامبەر هاووڵاتیانی ئێران و پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە. هیجری هەروەها دەڵێت پارتەکەی دەستی لە خەباتی چەکداری لە دژی کۆماری ئیسلامی هەڵگرتووە لەبەر خاتری هەرێمی کوردستان، بەڵام هەمانکاتیش دەڵێت "ئێمە ناتوانین لەبەر خاتری هەرێمی کوردستان هەتا هەتایە دەست لە خەباتی چەکداری هەڵگرین".

هەڤپەیڤین: پەریڤان سەعید
ڕووداو- واشنتن



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

**ڕووداو: بەسەردانێکی فەرمی لە ئەمریکای؟ مەبەستی سەردانەکە چییە؟**

**مستەفا هیجری:** من بە دەستپێشخەری خۆم هاتووم بۆ ئەمریکا و پێشتریش سەردانی ئەمریکام کردووە. ئەمجارەیان بەهۆی ئەو هۆکارانەوە هاتووم کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوودەدەن. شەڕی داعش، گفتوگۆی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا دەربارەی پرۆگرامی ئەتۆمیی ئێران کە بڕیار وایە لە کۆتایی ئەم مانگە ڕێککەوتنێک بکرێت. ویستم بۆچوون و نیگەرانیی خۆمان ئاراستەی ئەمریکییەکان بکەین، دەربارەی لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕێککەوتنێکی لەو شێوەیە لەسەر کورد. هەروەها سەردانی ئەڵمانیا و هەندێک وڵاتی دیکەمان کرد بۆ ئەوەی لە هەمان نیگەرانی ئاگاداریان بکەینەوە.

**ڕووداو: دەربارەی چی لەگەڵ ئەمریکییەکان قسەتان کرد؟**

**مستەفا هیجری:** ئەوەی کە لەگەڵ ئەمریکی و ئەوروپییەکان جەختم لێکردەوە ئەوە بوو کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێران شتێکی باشە ئەگەر ڕێگە لە ئێران بگرێت چەکی ئەتۆمی دروست نەکات. ئەوە پێشکەوتنێکی باشە بۆ ئاشتیی ناوچەکە و جیهان. بەڵام لایەنە نێگەتیڤەکانی ڕێککەوتنی ئەتۆمی زۆر بەلای ئێمەوە گرنگن. بۆ نموونە لابردنی گەمارۆی ئابووری کە وا لە ئێران دەکات بتوانێت بە ئازادانە نەوتی خۆی بفرۆشێ. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی ئێران ئاسانتر داهاتی دەستبکەوێ، ئەوکات بەهێزتر دەبێت و زیاتر دەست لە کاروباری ناوچەکە وەردەدات. دەستی ئێران واڵاتر دەبێت لە "هەناردەکردنی شۆڕش" بۆ ناوچەکە و هاوکاریی زیاتری هاوپەیمانەکانی بکات، لەوانە ڕژێمی بەشار ئەسەد و حیزبوڵڵای لوبنان و حوسییەکانی یەمەن. ئەمە سیاسەتەکانی ئێران لە ناوچەکەدا زیاتر دەکات و لە ئەنجامیشدا بارگرژی و شەڕی زیاتر لە ناوچەکەدا ڕوودەدات.

هۆکارێکی دیکەی سەردانەکەم مەسەلەی داعشە. ئۆباما پێشتر ڕایگەیاند کە ئێران و ئەمریکا چەند خاڵێکی هاوبەشیان هەیە. بەڵام بە پێچەوانەوە، ئێران شەڕی داعش ناکات. ئێران یەکێکە لەو لایەنە سەرەکیانەی کە دەیەوێت داعش بەهێزتر بێت. ئەمە لە دەزگا نهێنییە باوەڕپێکراوەکانەوە بیستوومانە کە لە ناوخۆی ئێراندان. ئەمە شرۆڤە و شیکارکردن نییە. ڕاستییەکانی سەر گۆڕەپانەکەش ئەوە دەردەخەن. کەوتنی مووسڵ و ڕومادی بەڵگەی ئەو سیاسەتانەی ئێرانن بۆ بەهێزکردنی داعش.

**ڕووداو: دڵنیای کە ئێران لە پشت کەوتنی مووسڵ و ڕومادییەوە بوو؟**

**مستەفا هیجری:** بەڵێ، بەپێی سەرچاوەکانی ئێمە و ڕاستییەکانی سەر گۆڕەپانەکە. ئەگەر ببینی، دروشمەکانی داعش دژە شیعەیە، بەڵام داعش هێرش ناکاتە سەر ناوچە شیعەکان. کاتێک کە مووسڵ کەوت، هەموو کەس چاوەڕێی ئەوەی دەکرد کە ئەو گرووپە بەرەو بەغدا بکەونەڕێ. بەتایبەتی دوای ئەوەی کە سوپای عێراق ورەی ڕووخابوو، بەڵام لەبری بەغدا ئاڕاستەی بەرەو کوردستان گۆڕی. چونکە ئێران ئەوەی دەویست. ئێران دەیەوێت شارستانیەت و شوناس و هونەر و کولتووری عێراق وێران بێت و پێکهاتەی عێراق بگۆڕێت. لەوەش زیاتر، تاران دەیەوێت عێراق وەکو ئێرانێکی دیکە لێ بکات. بۆ نموونە دروستکردنی حەشدی شەعبی کە لەلایەن ئێرانەوە مەشقی پێدەکرێت و چەکی پێدەدرێت. ئەمە بۆ ئەوەیە کە عێراق بە تەواوەتی لە ڕووی سەربازییەوە لەژێر کۆنترۆڵی خۆیدا بێت. کشانەوەی سوپای عێراق لە ڕومادی بۆ ئەوەبوو کە شەرعیەت بە ناردنی حەشدی شەعبی بۆ ئەنبار بدات. ئامانج ئەوەیە کە هەر شتێک لە دوای داعش بەجێماوە وێران بکرێت. بینیمان لە تکریت باڵەخانەکان تەختکران و ئاگریان تێبەردرا لەلایەن حەشدی شەعبیەوە و خەڵکی ئاوارە کران. لەبەرئەوە بێ هۆکار نییە کە ئاوارەکانی ئەنبار ڕێگەیان پێنادرێ بچنە بەغدا. ئامانج پاککردنەوەی ناوچەکەیە لە سوننە. ئەمانە هەموو بەشێکن لە ماستەر پلانێکی کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی کە عێراقێک دروست بکات تەنیا خۆی تێیدا حاکم بێت. بەلای ئێرانەوە هێشتا سیناریۆی سەدام حوسێنێکی دیکە لە عێراق لە ئارادایە. لەبەرئەوە ئەوان دەیانەوێت ئەمە لە ڕێگەی هەر کەس بۆخۆییەوە دروست نەبێت. لەلایەکەوە ئێران ئاراستەی هێرشی داعش بەرەو کوردستان دەگۆڕێت، لەلایەکی دیکەش دێت و دەڵێت "من هاتووم تاوەکو هاوکاریت بکەم". تاران دەست دەخاتە نێوان پارتە کوردی و سووریا و یەمەن و هەر شوێنێکی تریش کە بتوانێت دەیکات.

**ڕووداو: ڕێککەوتنی ئەتۆمی چ کاریگەرییەکی نێگەتیڤی لەسەر کورد دەبێت؟**

**مستەفا هیجری:** ئەمە مەترسییەکە و ئێمە بە ئەمریکیەکانیشمان ڕاگەیاندووە کە ڕێککەوتنی ئەتۆمی ڕەنگە وا بکات چاو لە ئاستی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ئێران دابخرێن. ترسمان هەیە ئەمریکا چاوپۆشی لەو توندوتیژیانە بکات کە ئێران دەیانکات. لە ژێر گەمارۆدا، ئێران بۆی نییە چەک بفرۆشێت، بەڵام هێشتا بایی 10 ملیار دۆلار چەکی بە عێراق فرۆشتووە، کەچی ئەمریکا چاوپۆشی لێدەکات و باسی ناکات. چەکدارکردنی گرووپەکان شتێکی ترە کە ئێران دەیکات و ئەمریکاش بێدەنگیی لێ دەکات بە خاتری ڕێککەوتنی ئەتۆمی. وڵاتانی ڕۆژئاوا پێیانوایە لابردنی گەمارۆ سوودی بۆ خەڵکی ئێران دەبێت و کوردیش لەو نێوەندەدا سوود دەبینێ. بەڵام ئەمە هەڵەیەکی گەورەیە بەو شێوەیە بیر بکەیتەوە، چونکە ڕژێمی ئێران هیچ بەرژەوەندیەکی لە گەشەپێدانی باری خەڵکی ئێراندا نییە. هەموو پارە و داهاتەکەی بۆ بەهێزترکردنی دەزگا ئەمنی و سەربازیەکانی دەبێت و بۆ ئەوە دەبێت کە گرووپی دەرەوەی ئێرانی پێ چەکدار پارتە شیعەیەکانەوە بۆ ئەوەی بە زاڵی بمێنێتەوە. لەبەرئەوە بە کورتی، داعش ئامانجەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بەرەو پێشتر دەبات. بەڵام بەداخەوە، ڕۆژئاوا نازانێ ئامانجەکانی ئێران لە ناوچەکەدا چییە. بۆیە لەم سەردانەماندا، دەمانەوێ ڕۆژئاوا لە پلان و ئامانجی ئێران لە ناوچەکەدا ئاگادار بکەینەوە.

**ڕووداو: دەتەوێت بڵێی ئامانجی ئێران تەنیا ئامانجی سیاسی و سەربازی نین، بەڵکو کولتووریشن، لە ڕێگەی وێرانکردنی کولتوور و شارستانیەتی عێراقیەوە؟**

**مستەفا هیجری:** بە دڵنیاییەوە. ئامانجی ئێران ئامانجی درێژمەودان. ئێران دەیەوێت بە کاریگەری بمێنێتەوە لە داهاتووشدا. ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی سڕینەوە و گۆڕینی کولتوور و شارستانیەتی عێراقەوە بەدەست بێت. دەسەڵاتداری ڕاستەقینە لە بەغدا ئێرانە، ئەمەش دەکرێت لە ڕێگەی مەشق و ڕاهێنانی سوپای عێراقەوە لە ڕێگەی حەشدی شەعبیەوە درێژەی پێ بدرێت. ئەمە تەنها لە عێراق نییە، بەڵکو لە بکات، ئەمەیە ئامانجی تاران. ئەنجامیش هیچ سوودێک بۆ خەڵکی ئێران ناڕوات.

**ڕووداو: دەربارەی هەڵوێستی ئەمریکا لەمەڕ ڕووداوەکەی مەهاباد چۆن دەفکرن؟**

**مستەفا هیجری:** ئەمریکا هەڵوێستی دەربارەی ڕووداوەکەی مەهاباد نەبوو. هێشتا سەد کورد لە زینداندان و ئەشکەنجە دەدرێن و لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ دەکرێت. تاران دەیەوێت سزای قورس بەسەر ئەو کوردانەدا بدات بۆ ئەوەی کورد بترسێنێ و شتی لەوشێوەیە دووبارە نەکەنەوە. بەداخەوە هەڵوێستی ڕۆژئاوا بە گشتی و ئەمریکا بەتایبەتی هیچ جێی ڕەزامەندی نەبووە و ناکرێت پشتیان پێ ببەسترێ.

**ڕووداو: هیچ کەناڵێکی دیپلۆماسیتان لەگەڵ تاران هەیە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی کورد بەشێوەیەکی سیاسی؟**

**مستەفا هیجری:** هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ تاران نییە و پێمانوانییە کە ئێران هیچ هەنگاوێک بۆ پێدانی مافی نەتەوەکان دەگرێتەبەر. ئێران بڕوای بە مافی کورد نییە. ئەزمونی ڕابردوومان نیشانی داوە گفتوگۆ لەگەڵ ئێران بێسوودە. ئەمە لەبەرئەوە نییە کە ئێمە بڕوامان بە دیالۆگ نەبێت، بەڵکو ئێران بڕوای پێ نییە.

**ڕووداو: دوای هاتنی حەسەن ڕووحانی، نزیکەی ساڵێک لەمەوبەر، باروودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کورد گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە؟**

**مستەفا هیجری:** حەز دەکەم ئەوەت پێ بڵێم کە گۆڕینی کاربەدەستانی ئێران- لە وەزیرەوە بۆ سەرۆکەکانیان- هەمووی بێسوودە و بۆ جوانکاری دەکرێت بۆ ئەوەی بە جیهان بڵێن کە هەڵبژاردنیان هەیە و حکومەتیان هەیە و پەرلەمان و دادگایان هەیە. ئەوانەی کە لە ئێران هەڵدەبژێردرێن هەمان ئایدیۆلۆژییان هەیە. کاتێک کە دێن و هەندێک بەڵێنی هەڵبژاردن دەدەن، ئامانج لێی ڕاکێشانی خەڵکە بۆ سندوقەکانی دەنگدان. بەڵام کە کار دێتە سەر کارکردن، هیچ ناکەن. ڕووحانی نموونەیەکی زیندووی ئەمەیە. ئەو بەڵێنی زۆری بە کورد و کەمینەکان دا. بەڵام شتەکان خراپتربوون، بەپێی ئەو داتایانەی کە ڕژێم بڵاوی کردوونەتەوە، خەڵکی زیاتر لە سێدارە دەدرێن لە ژێر دەسەڵاتی ڕوحانی وەکو لەکاتی سەرۆک ئەحمەدی نەژاد. تەنیا جیاوازیی نێوان ڕوحانی و ئەحمەدی نەژاد شێوازی قسەکردنیانە. ئەگەرنا ئایدیۆلۆژیا و پرۆگرامەکەیان یەکە.

**ڕووداو: پلانتان هەیە دەست بە خەباتی چەکداری لە دژی ئێران بکەنەوە؟**

**مستەفا هیجری:** پلانمان هەیە دەست بە خەباتی پێشمەرگەکانمان بکەینەوە. نیازمان نییە لەگەڵ دەوڵەتی ئێران ڕووبەڕوو ببینەوە، بەڵام دەمانەوێت پێشمەرگە و کادیرەکانمان لە ئێراندا بن و پەیوەندییان لەگەڵ خەڵکی هەبێت. بەڵام ئەگەر ئێران هێرش بکاتە سەر پێشمەرگەکانمان، ئەوکات ئەوانیش بەرگری لە خۆیان دەکەن. ئەمە پرۆگرامی ئێمەیە. بەڵام چەند کۆسپێک لەگەڵ پەککە هەیە کە دەمانەوێت لە ڕێگەی گفتوگۆوە چارەسەریان بکەین.

**ڕووداو: پێتوانییە کە دەستپێکردنەوەی خەباتی چەکداری کێشەی دیبلۆماسی بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست بکات؟**

**مستەفا هیجری:** ڕەنگە ئێران فشار بخاتە سەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئێمە چەندین ساڵە چالاکیەکانمان ڕاگرتووە بۆ ئەوەی کێشە بۆ هەرێمی کوردستان دروست نەبێت. بەڵام ئێمە ناتوانین هەتا هەتایە چالاکییە چەکداریەکانمان ڕاگرین، بەخاتری ئەوەی هەرێمی کوردستان تووشی ئاڵۆزی نەبێت. پێموایە کێشە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر پارتە کوردییەکان بە یەکدەنگی وەڵامی تاران بدەنەوە، دەکرێت کێشەکان لە خۆیان دووربخەنەوە.

> ● ئێران دەیەوێت داعش بەهێزتر بێت

> ● ئێران لە پشت کەوتنی مووسڵ و ڕومادی بوو

> ● داعش ئامانجەکانی ئێران لە ناوچەکەدا بەرەو پێشتر دەبات

> ● جیاوازی نێوان ڕۆحانی و نەژاد تەنیا شێوازی قسەکردنیانە

> ● ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران و ڕۆژئاوا بە زیانی کورد و نەتەوەکانی دیکە دەشکێتەوە

> ● پلانمان هەیە دەست بە خەباتی پێشمەرگایەتی بکەینەوە

## زانکۆیەکی سکۆتلەندی ڕێز لە ئۆجەلان دەنێت

**عەلی حوسێن کەریمی/ ڕووداو- گلاسکۆ**

زانکۆی سترازکلاید کە یەکێکە لە زانکۆ بەناوبانگەکانی سکۆتلەند، خەڵاتێکی ڕێزلێنان بە عەبدوڵڵا ئۆجەلان، سەرۆکی زیندانیکراوی پارتی کرێکارانی کوردستان دەبەخشێ. زانکۆکە چوار ساڵ لەمەوبەر هەمان خەڵاتی بە نیسلۆن ماندێلا، سەرۆکی پێشووی ئەفریقیای باشوور، بەخشیوە.
لە ڕێورەسمی بەخشینی خەڵاتەکە ژمارەیەکی زۆر کورد و سکۆتی ئامادەبوون و ڕێیمی هایدەر وەک نوێنەری ئۆجەلان خەڵاتەکەی وەرگرت.
جیمس کیڵمان نووسەر و ڕۆماننووسی دیاری سکۆتلەندی بە (ڕووداو)ی گوت "ئەم خەڵاتە تەنیا دیارییەکی بچووکە بۆ هەوڵ و ئازاری کورد".



ڕووداو
ڕاپۆرت
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

### پەرتووکێک نێو ماڵی پارتەکەی ئەردۆغان دەهەژێنێ

# لێکترازان لە دەرگای AKP دەدات

**ڕووداو- هەولێر**

دابەزینی کێرڤی دەنگەکانی پارتی داد و گەشەپێدان (AKP) لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیرانی ڕابردوودا، خوێندنەوەی چاودێران و سیاسەتمەدارانی لەبارەی ئەو پارتەوە گۆڕیوە. ئەوان پێیانوایە تەقینەوەی کێشەکانی ناو ئەو پارتە تەنیا مەسەلەی کاتە.

لەدوای دامەزراندنی لە 14ی ئابی 2001، سەرکەوتنی لە 12 هەڵبژاردن و دوو ڕاپرسی یەک لەدوای یەک، ئاکپارتی بۆ یەکەمجار کێرڤی دەنگەکانی لە دوایین هەڵبژاردندا بۆ 40.66% دابەزی.

ئەگەر بەرزبوونەوە و دابەزینی دەنگی هەر پارتێکی سیاسی لە پرۆسەی هەڵبژاردندا ئاسایی بێت، ئەوە بۆ AKP ئاسایی نییە، چونکە AKP لە دەسەڵاتی بەتەنیا ڕاهاتووە. لەوانەیە هەڵگەڕانەوەی AKP لەناسنامەی خۆی سەرەکیترین هۆکاری ئەم پاشەکشەیە بێت.

### لە فرە ناسنامەوە بۆ تاک ناسنامە

هەرچەندە AKP وەک پارتێکی سیاسی دەناسرێ، بەڵام ئەم پارتە لەناوخۆدا هاوپەیمانێتی بەرژەوەندییە جیاوازەکان بووە. بەبڕوای چاودێران و شرۆڤەکاران، دوورکەوتنەوە یان وازهێنانی نوێنەری بەرژەوەندی و فیکرە جیاوازەکانی وەکو عەبدوڵڵا گیول، ئەرتوغرول گونای، میر دەنگیر محەممەد فورات، عەلی جۆشکون و پرۆفیسۆر محەممەد ئایدن، بە واتای گۆڕینی ناسنامەی فرە ڕەنگی AKP بۆ یەک ڕەنگی دێت و ئەوەش هۆکاری سەرەکییە لە گەیاندنی بەو ڕۆژە.

محەممەد کایا، سەرۆکی سەنتەری دیجلە بۆ توێژینەوەی کۆمەڵایەتی لەوبارەیەوە بە (ڕووداو)ی گوت "ئیسلامییەکان، چەپ، لیبراڵ، نەتەوەپەرست و عەلەوی لەناو AKP بۆ ماوەیەکی درێژ دەسەڵاتی ئەو وڵاتەیان بەدەستەوە گرت، بەڵام لەم سێ ساڵەی دواییدا لەناو ئۆرگانەکانی AKP فەرامۆشکردنی ئەوانی دیکە باڵادەست بوو، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی بەتایبەتی کورد، چەپ و لیبراڵەکان لە AKP دووربکەونەوە".

هەر لەوبارەیەوە وەهاب جۆشکون مامۆستای زانکۆ و نووسەر بە (ڕووداو)ی گوت "AKP لەسەرەتای دامەزراندنیدا پارتێکی فرە مینبەر بوو، نوێنەرایەتی زۆرینەی کۆمەڵگای دەکرد، بەڵام لەم ساڵانەی دواییدا ئەو پارتە ناسنامەیەکی دیکەی تایبەت بەخۆی دروستکرد".



### پێکهێنانی حکومەت

لە ئەزموونی حوکمڕانی 13 ساڵەی AKPدا هیچ هاوپەیمانێتییەک یان شەراکەتێکی سیاسی نەبووە. چونکە ڕێژەی دەنگەکانی پێویستی بە تاقیکردنەوەی ئەو شێوازە حوکمڕانییە نەبووە. بۆیە پێدەچێت AKP لە مەسەلەی دروستکردنی حکومەتی هاوپەیمانی زۆر دوودڵ بێت و هەوڵ بدات بەشێوازی گونجاو بەبێ ئەوەی لەسەری بکەوێت، خۆی لە قەرەی ئەو جۆرە حکومەتە بدزێتەوە کە ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران دەیسەپێنێ.

بەشێک لە میدیاکانی تورکیا باس لە هەوڵی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان و AKP دەکەن بۆ هەڵبژاردنی پێشوەخت. سیاسەتمەداری کورد سەرتاج بوجاک بە (ڕووداو)ی گوت "ئەردۆغان دەخوازێ هەڵبژاردنی پێشوەخت بکرێ، بەڵام پێموایە هەڵبژاردنی پێشوەخت نابێتە فریادڕەسی AKP".

بەڵام محەممەد کایا دەڵێت لەبەرئەوەی جێگای هەدەپە و مەهەپە بەیەکەوە لەناو تابلۆی حکومەتی هاوپەیمانی نابێتەوە، مومکین نییە حکومەتی هاوپەیمانی بەبێ AKP دروست بکرێت. بە بۆچوونی کایا، حکومەتی هاوپەیمانی گۆشەگیری لەسەر AKP هەڵدەگرێ.

سەرەڕای ئەمەش، حکومەتی هاوپەیمانی بۆ AKP ئاسان نابێت، چونکە هەموو پارتەکانی دیکە لەکاتی پرۆسەی کەمپینی هەڵبژاردن بەڵێنیان بە دەنگدەر داوە، دۆسیەی گەندەڵی و بەرتیل کە لەمانگی کۆتایی 2013 سەریهەڵدا و چوار وەزیری AKPی گرتەوە، هەڵبدەنەوە. لەوانەشە هەڵدانەوەی ئەو دۆسیەیە، یەکڕیزیی AKP بهەژێنێ.

سەرۆکی سەنتەری دیجلە پێیوایە AKP بە دوو ڕێگا لە چارەسەری ئەو کێشەیە دەگەڕێت "یەکەم: لەکاتی گفتوگۆکردن لەسەر پێکهێنانی حکومەت، ئەردۆغان لە بەرامبەر داواکاری ئۆپۆزیسیۆن لەبارەی دەسەڵاتەکانی و هەڵدانەوەی دۆسیەی گەندەڵی هەنگاو بۆ دواوە نەنێت. ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی تورکیا بەبێ حکومەت بمێنێتەوە، ئەو کاتە سەرۆک کۆمار بەپێی دەسەڵاتەکانی بڕیاری هەڵبژاردنی پێشوەخت دەدات. ئاکپارتی بەهیوایە لە هەڵبژاردنی پێشوەختدا 45%ی دەنگەکان بهێنێ و بە تەنیا ببێتەوە حیزبی دەسەڵاتدار. دووەمیشیان: دروستکردنی حکومەتێکی کاتییە لەناو پەرلەمان بۆ ماوەی ساڵێک و دوای هەموارکردنەوەی چەند یاسایەک و پاشانیش ئەنجامدانی هەڵبژاردنی گشتی".

بەڵام وەهاب جۆشکون بە پێچەوانەی کایا، جەخت لەوە دەکاتەوە کە AKP سوورە لەسەر دروستکردنی حکومەتێکی هاوپەیمانی. لەمبارەیەوە دەڵێت "ئاکپارتی 258 پەرلەمانتاری هەیە، ئەوە لە پەرلەمان بە واتای زۆرینە دێت. پێموانییە حکومەتێک دروست بکرێت AKPی تێدا نەبێت. سیناریۆی حکومەتی کوالسیۆنی جەهەپە، مەهەپە و هەدەپە واقیعی نییە. پێشموایە AKP زەمینەی دامەزراندنی حکومەت لەگەڵ جەهەپە یان مەهەپە دەدۆزێتەوە".

### ناکۆکییەکانی نێو ماڵی ئاکپارتی

هەرچەندە لە دوای 2011ەوە دەنگۆی ناکۆکی و دووبەرەکی لەناو AKP لە میدیاکاندا بڵاودەکرایەوە، بەڵام AKP توانی یەکێتیی خۆی بپارێزێ، سەرەڕای دوورکەوتنەوەی چەندین کەسایەتی کاریگەری، بەڵام لەدوای ئەنجامەکانی هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران، ئیتر مەسەلەی یەکپارچەیی و یەک جەستەیی AKP گفتوگۆی لەسەر دەکرێت. لەکاتی پرۆسەی هەڵبژاردن و دوای هەڵبژاردنیش، لەناو میدیای سەر بە AKP ئەوە بە ئاشکرا دیارە. هەروەها بڵاوکردنەوەی پەرتووکی "12 ساڵ لەگەڵ گیول" دوای هەڵبژاردن بەهەفتەیەک لەلایەن ئەحمەد سەڤەر کە ڕاوێژکاری گیول بووە، ئاماژەیەکی دیکەیە بۆ ئەوەی کە ناکۆکییەکانی ناو AKP بە گوڕتر دەبن و لەوانەیە بگەنە ئاستی دابەشبوونی ئەو پارتە.

محەممەد کایا شیمانەی دابەشبوون بە دوور نازانێت و دەڵێت "ئەگەرێکی زۆر هەیە لەم قۆناغەدا بەهۆی دوو ئاراستە و سێ سەری (گیول، داودئۆغڵو و ئەردۆغان) لەناو AKP قەوارەیەکی دیکە سەرهەڵبدات. زۆربەی ئەو کاندیدانەی لە هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران بوونەتە پەرلەمانتاری AKP سەر بە ئەردۆغانن. بۆیە ئەگەری سەرهەڵدانی ئۆپۆزیسیۆنێکی بەهێز لەناو AKP لەدژی دەسەڵاتی تاکڕەوانەی ئەردۆغان لاوازە. بەڵام ئەگەر عەبدوللا گیول لە کۆنگرەی داهاتووی AKP بە سەرۆک هەڵبژێردرێتەوە، ئەوکات هەژموونی ئەردۆغان کەم دەبێتەوە و ئەگەری پارچەبوون بەهێز دەبێت".

سەرتاج بوجاکیش لەوبارەیەوە دەڵێت ناکۆکی و دووبەرەکی ناو AKP لەسەر لێواری تەقینەوەیە "AKP تاوەکو ئەمڕۆ کێشەکانی لەناوخۆدا چارەسەر دەکرد. بۆیە ناکۆکییەکان ڕەنگدانەوەیان لەسەر دەرەوە نەبوو، بەڵام پەرتووکەکەی ئەحمەد سەڤەر نیشانی دەدات کە ناکۆکییەکانی ناو AKP لە ئاستێکی باڵا و قووڵدان". هەروەها دەڵێت "پێشبینی دەکەم لەناو AKP دوو جەمسەر لەژێر ناوی سیستەمی پەرلەمانی و سیستەمی سەرۆکایەتی شەڕی یەکدی بکەن. لەدوارۆژدا AKP بۆ جەمسەری سەر بە گیول و ئەردۆغان دابەش ببێت. زۆر کەس لە دەستڕۆیشتوویی بەڕێز ئەردۆغان لەناو AKP دەترسێن".

### پەرلەمانتارانی ئەوروپا:

# هێشتنەوەی پەکەکە لەناو لیستی تیرۆر دوورووییە



**دەنیز سەرنجی**
**ڕووداو- دانیمارک**

سیاسەتمەدارانی ئەوروپا ڕەخنە لە دەنگدانێکی پەرلەمانی ئەوروپا دەگرن کە لەسەر پێشنیازێک بوو بۆ لابردنی ناوی پارتی کرێکارانی کوردستان لە لیستی تیرۆری یەکێتی ئەوروپا.

زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی ئەوروپا دەنگیان لە دژی دەرکردنی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دا. پارتی کرێکارانی کوردستان لەلایەن ئەمریکا و ئەندامانی ناتۆشەوە وەکو گرووپێکی "تیرۆریستی" ناسراوە.

بەڵام بەهۆی گفتوگۆی ئاشتیی پەکەکە لەگەڵ تورکیا و هەروەها بەهۆی بوونی باڵی سەربازیی پەکەکە لە سووریا و شەڕی دژە داعش کە لەوێ لەلایەن ئەمریکا و ڕۆژئاواوە هاوکاری دەکرێن، ئێستا داواکارییەکی زۆر هەیە بۆ لابردنی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر.

لە پەرلەمانی ئەوروپادا 493 پەرلەمانتار دەنگیان لە دژی دەرکردنی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دا و 138 ئەندامیش دەنگیان بۆ لابردنی پەکەکە دا. هەروەها 64 ئەندامیش دەنگیان نەدا.

هاری ڤان بۆمێڵ، ئەندامی پەرلەمانی هۆڵەندا و سەر بە پارتی سۆشیالیست دەڵێت، مانەوەی پاشناوی تیرۆریست بە ناوی پەکەکەوە وای کردووە کە گفتوگۆی ڕاستەقینە دەربارەی ئاشتی لە نێوان پەکەکە و ئەنقەرە قورس بێت. "پرۆسەی ئاشتی زۆر سەرکەوتوو نەبووە، ئەگەر پێشکەوتنی زیاترمان بوێت، دەبێت پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربکرێت بۆ ئەوەی ببێتە لایەنێکی فەرمی و جددی".

لە شاری کۆبانێ یەکینەکانی پاراستنی گەل کە دروستکراوی پەکەکەیە، چەک و هاوکاری لەلایەن ڕۆژئاواوە پێدراوە و لەلایەن ئەمریکاوە بەهێرشی ئاسمانی پشتگیری کراوە. ئەمەش زەمینەی ڕەخساند بۆئەوەی داعش لە شارەکە وەدەربنێ.

ڤان بۆمێڵ دەڵێت تەنیا ئەوەندە بەسە بۆ لابردنی ناوی تیرۆریست لەسەر پەکەکە "ناکرێت پشت بە پەکەکە ببەستین لە شەڕی دژە داعشدا و لەهەمانکاتیشدا پێیان بڵێین تیرۆریست. ئەمە دوورووییە".

ئەو ئاماژەی بە گرنگیی هەڵبژاردنەکانی 7ی حوزەیرانی تورکیا کرد کە تێیدا پارتی دیموکراتی گەلان (هەدەپە) سەرکەوتنی بەرچاوی بەدەستهێنا و دەبێتە یەکەم پارتی کوردی کە بچێتە پەرلەمانی تورکیا. هەدەپە نێوەندگیری سەرەکیی نێوان حکومەتی تورکیا و سەرۆکی زیندانیکراوی پەکەکە، عەبدوڵڵا ئۆجەلانە.

"بە بردنەوەی هەڵبژاردنەکان، کورد ئێستا لایەنێکی گرنگی سیاسەتن لە تورکیا، ئەمەش وا دەکات ئەو ناوی تیرۆریزمە کێشە دروست بکات" بە گوتەی ڤان بۆمێڵ.

ئۆگمۆندۆر جۆناسۆن، ئەندامی ئەنجومەنی ئەوروپا کە تاوەکو ساڵی ڕابردوو وەزیری ناوخۆی ئایسلاند بوو، ئەویش پێیوایە دەبێت بیرکردنەوەی نوێ دەربارەی پەکەکە بێتە کایەوە.

ئەو دەڵێت بڕیاری هێشتنەوەی ناوی "تیرۆریست" لەسەر پەکەکە "هەڵەیە" لەم کاتەدا، بە تایبەتی دوای ئەوەی "پەکەکە ئاماژەی ڕوونی بۆ چارەسەری ئاشتیانە نیشانداوە".

جۆناسۆن کە واژۆی لەسەر داواکارییەک کردووە بۆ ئەوەی تورکیا عەبدوڵڵا ئۆجەلان لە زیندان ئازاد بکات، دەڵێت "بوونی ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆردا لەم کاتەدا، وەکو ئەوە وایە شەقازللەیەک لە پرۆسەی ئاشتی و هەموو ئەوانە بدەی کە کاری لەسەر دەکەن".

ئەو پێیوایە کە جیهان پشتگیری لە شەڕی دژە داعش دەکات "بۆیە ناوبردنی پەکەکە بە ڕێکخراوێکی تیرۆریستی لەم کاتەدا کارێکی ژیرانە نییە".

نیکۆلاژ ڤیلمسۆن، ئەندام پەرلەمانێکی دانیمارک و ئەندامی ئەنجوومەنی ئەوروپا، ئەویش پێیوایە ئەو بڕیارەی پەرلەمانی ئەوروپا بڕیارێکی "ناژیرانە" بوو. ئەو دەڵێت "لەبری ئەوەی پشتگیری لە پرۆسەی ئاشتی بکات، یەکێتی ئەوروپا ئێستا پشتگیری لە یەک لایەن دەکات. پێموایە ناوبردنی پەکەکە بە تیرۆریست هەڵەیە، بەتایبەتی کە ئێستا ئاگربەست هەیە و پرۆسەی ئاشتی لە ئارادایە".

لارس ئێرسلەڤ ئاندەرسن، لێکۆڵەر و نووسەری چەند کتێبێک لەسەر تیرۆریزم لەوبارەوە دەڵێت "بڕیارێکی دژیەک و نالۆژیکییە" کە پەکەکە بە تیرۆریست ناوببەی "لە هەمانکاتدا وڵاتانی ئەندامی یەکێتی ئەوروپا پشتگیری لە پەکەکە دەکەن و چەکی بۆ دەنێرن لە شەڕی دژە داعشدا".

مایکڵ گەنتەر، شارەزای کوردناسی و مامۆستای زانکۆی تێنەسی تێکنۆلۆژیکال لە ئەمریکا، دەڵێت یەکەم هەنگاو دەبێت لە تورکیا بنرێت و تورکیا پەکەکە لە ئامێز بگرێتەوە "یەکەمجار دەبێت تورکیا ناوی پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربکا، چونکە تورکیا بەشێکە لەو کێشەیە. کە تورکیا ئەمەی کرد ئەوکات یەکێتی ئەوروپا و ئەمریکاش هەمان شت دەکەن".

لە ساڵی 2008دا، دادگای سەرەتایی لوکسەمبێرگ بڕیاری دا پەکەکە لە لیستی تیرۆر دەربکرێت، چونکە بەپێی یاساکانی یەکێتی ئەوروپا ئەو ناوبردنە نایاساییە. بەڵام بڕیارەکەی ئەو دادگایە کاریگەری لەسەر یەکێتی ئەوروپا نەبوو.

ئەو کەسانەی دەڵێن پەکەکە دەبێت لە لیستی تیرۆر دەرنەچێت، بیانووەکەیان ئەوەیە کە ئەو گرووپە هێشتا چەکدارە و جارجارە هەڕەشەی گەڕانەوە بۆ خەباتی گەریلایی دەکات لە تورکیا.

گۆڕان و کۆمەڵ و یەکگرتوو داوای پشکی خۆیان لە نوێنەرایەتی دەرەوە دەکەن

# کۆمەڵی ئیسلامی داوای نوێنەرایەتی حکومەت لە تاران دەکات

مەحموود یاسین کوردی
ڕووداو- هەولێر

دوای تێپەڕبوونی ساڵێک بەسەر پێکهێنانی کابینەی هەشتەمی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا، سێ لایەنەکەی ئۆپۆزیسیۆنی پێشوو (بزووتنەوەی گۆڕان و یەکگرتووی ئیسلامی و کۆمەڵی ئیسلامی) داوای پشکی خۆیان لە نوێنەرایەتی حکومەتی بنکەفراوان لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەکەن.

## گۆڕان: پارتی و یەکێتی نوێنەرایەتیان پاوان کردووە

رابوون مەعروف، پەرلەمانتاری گۆڕان و ئەندامی لیژنەی پەیوەندییەکان و کاروباری ڕەوەندی کوردستانی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "گۆڕان ناخوازێت لەسەر بنەمای حیزبی سەرجەم نوێنەرایەتییەکانی دەرەوە دابەش بکرێت، بەڵکو لەسەر بنەمای لێهاتوویی و شایستەیی و پرۆفیشناڵی ئەو پۆستانە پڕبکرێنەوە".

رابوون گوتی کە پارتی و یەکێتی، بە تایبەتیش پارتی، نوێنەرایەتییەکانی حکومەتی لە دەرەوە پاوان کردووە "قۆرخکاری هەردوو حیزبی دەسەڵاتدار بە تایبەتی پارتی لە سلکی پەیوەندییەکانی دەرەوە وایکردووە چەندین کەسی بەتوانا لە وەرگرتنی نەک نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە بێبەش بن، تەنانەت ڕێگەیان پێنەدراوە وەکو فەرمانبەری ئاسایی کاربکەن" بۆیە گوتی "گۆڕان لەسەر بنەمای ئیستیحقاقی هەڵبژاردنەکان داوای ڕێکخستنەوەی نوێنەرایەتییەکان دەکات".

حکومەتی هەرێمی کوردستان 14 نوێنەرایەتی لە وڵاتانی (ئەڵمانیا، بەریتانیا، ئەمریکا، ئێران، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ئیسپانیا، نەمسا، ڕووسیا، پۆڵۆنیا، ئوستراليا، سوید، بەلجیکا و سویسرا) هەیە. جگە لە نوێنەرایەتی فەرەنسا کە دارا بەکرساڵح لەسەر پشکی گۆڕان لە چەند هەفتەی ڕابردوودا دەستبەکار بوو، سەرجەم نوێنەرایەتییەکان بەرپرسەکانیان سەر بە پارتی و یەکێتین.

(ڕووداو) زانیویەتی نوێنەرایەتی بەلجیکا بۆ گۆڕان یەکلابووەتەوە، بڕیارە ڕێوشوێنە ئیدارییەکان تەواو بکرێت و گۆڕان کەسێک بۆ ئەو پۆستە دەستنیشان بکات.



## یەکگرتوو: بەپێی قەبارەی خۆمان داوای نوێنەرایەتی دەکەین

یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان کە خاوەنی 10 کورسی پەرلەمانە، بە فەرمی داوای پشکی خۆی لە نوێنەرایەتی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە.

فەرهاد مەلا ساڵح، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکگرتوو بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە لە کۆبوونەوەماندا لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان بە فەرمی داوای بەشداریکردنمان لە نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی قەبارە و ئیستیحقاقی هەڵبژاردن کرد و چاوەڕێی وەڵامی ئەوان دەکەین".

سەبارەت بە نوێنەرایەتی ئەو وڵاتانەی داوای دەکەن، فەرهاد مەلا ساڵح گوتی "تاوەکو ئێستا جۆری پۆستەکە و شوێنی نوێنەرایەتیمان دیاری نەکردووە، بەڵام وەکو یەکگرتوو دەمانەوێ لە پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەپێی قەبارەی هەڵبژاردن بەشدار بین".

## کۆمەڵ داوای نوێنەرایەتی ئێران دەکات

بیلال سلێمان، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری کۆمەڵی ئیسلامی سەبارەت بە پشکی حیزبەکەی لە نوێنەرایەتی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمەش لە کۆبوونەوەکانمان لەگەڵ شاندی پارتی و خودی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان داوای نوێنەرایەتی دەرەوەمان کردووە. سەرۆکی حکومەتیش بە زارەکی ڕازی بووە کە بەپێی قەبارەو قورسایی کۆمەڵی ئیسلامی لە پەرلەمان و حکومەت لە نوێنەرایەتییەکانی دەرەوەش ڕۆڵمان هەبێت".

سەبارەت بەو پۆستانەی داوای دەکەن، بیلال سلێمان گوتی "باسی تەواوی وردەکارییەکانمان لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان نەکردووە، وەکو کۆمەڵ داوای یەکێک لە نوێنەرایەتییەکانی بەریتانیا و ئەڵمانیا و ئێرانمان کردووە، بەڵام بەشێوەی فەرمی وەڵام نەدراوینەتەوە".

سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستی نوێنەرایەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و زیادکردنی چەند نوێنەرایەتییەک، (ڕووداو) پەیوەندی بە فەلاح مستەفا، بەپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە کرد، بەڵام بە بیانووی بەشداربوونی لە کۆنفرانسێک لە دەرەوە ئامادە نەبوو لێدوان بدات.

فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە مانگی ئەیلولی 2006 بەبڕیاری ژمارە 143ی سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران دامەزرا. بەرپرسەکەی پلەی وەزیری هەیە و ئێستا ئەو پۆستە لەلای پارتییە. ئەرکی سەرەکی ئەم فەرمانگەیە دامەزراندن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستانە لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی وڵاتانی بیانییە لەگەڵ هەرێمی کوردستان.

## کونسوڵخانە فەرمی و فەخرییەکان لە کوردستان

ژمارەیەکی زۆر کونسوڵخانە و نوێنەرایەتی وڵاتان لە هەرێمی کوردستان دەستبەکاربوون، لەوانە (کونسوڵگەری گشتیی ئێران، ڕووسیای فیدراڵ، بەریتانیا، ئەمریکا، ئەڵمانیا، فەڕەنسا، هەنگاریا، تورکیا، ئوردن، فەلەستین، ئیمارات، چین، ڕۆمانیا و کوێت).

چەند وڵاتێکیش لەسەر ئاستی نووسینگە لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن وەک نووسینگەی باڵیۆزخانەی هۆڵەندا، ئاژانسی کونسوڵگەریی کۆماری پۆڵەندا، نووسینگەی کونسوڵگەریی کۆریای باشوور، نووسینگەی کونسوڵگەریی ئیتاڵیا، نووسینگەی شانشینی سوید، نووسینگەی بازرگانیی کۆماری نەمسا، کونسوڵگەریی گشتی کۆماری چیک، بەشی کاروباری ئابووری و بازرگانی باڵیۆزخانەی یۆنان، بەشی کاروباری ئابووری و بازرگانی باڵیۆزخانەی بولگاریا، نووسینگەی بازرگانی باڵیۆزخانەی کەنەدا، کونسوڵگەریی فەخری شانشینی ئیسپانیا، کونسوڵگەریی فەخری ژاپۆن، کونسوڵگەریی فەخری شانشینی دانیمارک، کونسوڵگەریی فەخری بیلاروسیا، کونسوڵگەریی فەخری کۆماری سلۆڤاکیا، کونسوڵگەریی فەخری کۆماری بەرازیل.

جگە لەمانەش چەند ئاژانسێکی مرۆییش لە هەرێمی کوردستان کاردەکەن، وەکو ئاژانسی هاوکاری نێودەوڵەتیی ژاپۆن (جایکا)، ئاژانسی هاریکاریی نێودەوڵەتی کۆریای باشوور (کۆیکا)، نووسینگەی نوێنەرایەتی یۆنامی، ڕێکخراوی خاچی سووری نێودەوڵەتی.

# ڕێککەوتننامەی ستراتیژیی نێوان یەکێتی و پارتی "بە کردەوە" کۆتایی هات

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

هەرچەندە بەفەرمی کۆتاییهاتنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی لە نێوان یەکێتی و پارتیدا ڕانەگەیەندراوە، بەڵام سووربوونی یەکێتی لەسەر سیستمی پەرلەمانی و داخستنی دەرگا لەسەر بارزانی تاوەکو خۆی نەپاڵێوێتەوە، پەیوەندی نێوان ئەو دوو حیزبەی گەیاندووەتە قۆناغێکی دیکە و پەرلەمانتارێکی یەکێتیش دەڵێت "ئەو ڕێککەوتنە لەسەر ئەرزی واقیع نەماوە".

ماوەی زیاتر لە 10 ساڵە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ ئەوەی بتوانن پێکەوە لە بەڕێوەبردنی حکومەت و جومگە ئیداری و سیاسییەکانی هەرێمی کوردستاندا بە هاوبەشی هەڵبکەن، ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژییان واژۆ کرد. بەپێی ناوەڕۆکی ڕێککەوتننامەکەش پۆستە سیادییەکانی هەرێمی کوردستان و عێراق لەسەر ئەو بنەمایە لەنێوانیاندا دابەش دەکرا، بەتایبەتیش "سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆک کۆماری عێراق".

فەرید ئەسەسەرد، ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی دەڵێت یەکێتی مەرگی ڕێککەوتننامەکەی جارنەداوە و تاوەکو ئێستا بە فەرمی نەیگوتووە پابەندی ڕێککەوتننامەکە نییە "سەبارەت بەپرۆژەی هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی، بەشێوەیەکی یاسایی پێشکەشی پەرلەمان کراوە و بۆ پرسێکی نیشتمانییە و لە ڕێککەوتننامەی ستراتیژیشدا هیچ خاڵ و بڕگەیەکی تێدا نییە کە لایەنەکان پرۆژە یاسا پێشکەشی پەرلەمان نەکەن". گوتیشی "ئەوە ناکاتە کۆتاییهاتنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژی".

فەرید ئەسەسەرد دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆک کۆمار و سەرۆکی هەرێمی گەڕاندەوە بۆ ئامادەبوونی ئەو کاتەی تاڵەبانی لە گۆڕەپانی سیاسیدا و گوتی دابەشکردنی پۆستەکان لە سەردەمی مام جەلال بوو "بەڵام بۆ هەڵبژاردنی د.فوئاد مەعسوم بۆ سەرۆک کۆمار هیچ لایەکیان پابەند نەبوون بە ڕێککەوتننامەی ستراتیژییەوە، بەڵکو یەکلاکردنەوەی ئەو پۆستە برایە لای کوتلە کوردییەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق".



یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە بەشداریکردنی هەردوو حیزب بوو بە یەک لیست لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستان و عێراق، بەڵام لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان لەساڵی 2013 دا سەرەتای کۆتایی ئەو ڕێککەوتننامەیە دەرکەوت، کاتێک یەکێتی بە لیستی سەربەخۆ بەشداری هەڵبژاردنەکەی کرد و دواتریش بەهەمانشێوە لە هەڵبژاردنەکانی 30ی نیسانی 2014ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و ئەنجوومەنی پارێزگاکاندا هەردوولا بە لیستی جیا بەشدارییان کرد.

فازڵ بەشارەتی، ئەندامی سەرکردایەتی پارتی لە سلێمانی، ڕەخنە لە یەکێتی دەگرێ و پێیوایە بۆ "موزایەدەی سیاسی" و "ئاشتکردنەوەی دەنگدەرەکانی"، پرۆژەی بۆ هەموارکردنەوەی یاسای سەرۆکایەتی هەرێم داوەتە پەرلەمان و گوتی "هەر لایەنێک لە دەرەوەی ڕێککەوتننامە ستراتیژییەکان پرۆژە پێشکەش دەکەن، پەنا بۆ موزایەداتی سیاسی دەبەن و دڵنیا نین لە نفوزی جەماوەرییان".

بەشارەتی هەروەها دەڵێ، هەتا ئێستا ئەو ڕێککەوتنە لەنێو ئەخلاقیاتی سیاسی پارتیدا ماوە "تاوەکو ئێستاش پارتی یەکهەڵوێست و یەک گوتار و یەک بڕیارە، بەڵام ئەوانە لای یەکێتی نەماون، هەندێکیان بەرگری لە ڕێککەوتننامەکە و بەرژەوەندییەکانی خەڵک دەکەن و هەندێکیشیان دژی بەرژەوەندییەکانن و هەندێکیشیان سیاسەتی خورمژ پەیڕەو دەکەن".

پۆستەکەی بارزانی، نزیکایەتی سیاسی لە نێوان گۆڕان و یەکێتی دروستکردووە و پێدەچێ ئەمجارە بەپێچەوانەی 2013، یەکێتی و گۆڕان پێکەوە بن و پارتی بەتەنیا بمێنێتەوە، ڕێککەوتنە ڕانەگەیێندراوەکە ئەوجارە لە نێوان یەکێتی و گۆڕان بێت.

پەرلەمانتارانی یەکێتی و پارتی بۆچوونی جیاوازیان لەسەر چارەنووسی ئەو ڕێککەوتننامەیە هەیە. خەڵەف ئەحمەد، پەرلەمانتاری یەکێتی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێ ڕێککەوتننامەکە بەو فۆرمەی جاران کە هەموو دۆسیەکانی کوردستان و عێراق لەسەر بنەمای ڕێککەوتننامەکە تاوتوێ دەکران نەماوە، بەڵام پەیوەندییەکان ماون و گوتی "ڕێککەوتننامەی ستراتیژی وەکو جاران لەسەر ئەرزی واقیع نەماوە".

سەرۆکی فراکسیۆنی پارتیش لە بری ڕێککەوتننامەی ستراتیژی، پێشنیازی ڕێککەوتننامەیەکی نیشتمانی لەنێوان لایەنەکاندا دەکات بۆ ئایندەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

ئومێد خۆشناو، سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی لەپەرلەمانی کوردستان دەڵێت لەڕووی مەبدەئەوە مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی ڕایاننەگەیاندووە کە ڕێککەوتننامەکە نەماوە، بەڵام لەڕووی کردارییەوە هیچ مانایەک بۆ ڕێککەوتننامەکە نەماوە "قۆناغەکە وا دەخوازێ ئەو ڕێککەوتننامەیە گەشەی زیاتری پێبدرێ و ڕێککەوتننامەیەکی ستراتیژی لە نێوان سەرجەم لایەنەکاندا بکرێت".

ساڵی ڕابردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی هەوڵی هەموارکردنی ڕێککەوتننامەی ستراتیژییان دا، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون، ئومێد خۆشناو گوتی "ئەوکات یەکێتی داوای کاتی زیاتریان کرد بۆ هەموارکردنەکە، بەڵام تاوەکو ئێستا بەفەرمی وەڵامی پارتییان نەداوەتەوە".

بەبۆچوونی فەرید ئەسەسەرد، چارەنووسی ئەو ڕێککەوتننامەیە لە چەند ئەگەرێکدا خۆی دەبینێتەوە، یەکێکیان ئەوەیە کە "وەکو هەر ڕێککەوتننامەیەکی دیکە ڕەنگە هەڵبوەشێتەوە یاخود کاری پێنەکرێ، یاخود هەردوولا ئەگەر بەپێویستیان زانی هەمواری بکەن، یان دەتوانن زیندووی بکەنەوە" گوتیشی "لەم هەلومەرجەدا زۆر زەحمەتە دەقی ڕێککەوتننامەکە وەک ئەوەی هاتووە جێبەجێ بکرێ، بۆیە چارەسەرەکەی هەڵوەشانەوە یاخود هەموارکردنە".

بەڵام ئەندامێکی دیکەی سەرکردایەتی یەکێتی کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، دەڵێت لەکاتی گەرموگوڕیی پەیوەندییەکانی یەکێتی و پارتیشدا تەنیا 30%ی بڕگەکانی ئەو ڕێککەوتننامەیە جێبەجێ کران. ئەو ڕێککەوتننامەکەی هاوشێوەی ڕێککەوتنی بەرەی کوردستانی لە ساڵی 1991 وێنا کرد کە لەنێوان لایەنە کوردییەکاندا کرا "بەڵام دواتر وەک چۆن بەرەی کوردستانی بەپێی گۆڕانکاری بارودۆخ بەرەو هەڵوەشانەوە ڕۆیشت، ڕێککەوتننامەی ستراتیژیش بەهەمان شێوەیە".

ڕووداو
ئابووری
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

## 250 بەڵێندەر مایەپووچ بوون

**ڕووداو- سلێمانی**

بەگوێرەی ئاماری یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستان تەنیا لەساڵی ڕابردوودا 250 بەڵێندەر بەهۆی قەیرانی داراییەوە مایەپوچ بوون. د.عیزەت سابر، سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (ڕووداو)ی گوت "پێشبینی ناکەم ئەم قەیرانە تاوەکو کۆتایی ساڵ کۆتایی پێبێت". سەبارەت بە ڕێگەچارەش، د.عیزەت سابیر گوتی "حکومەت دوو ڕێگە چارەی لەبەردەمدایە، یەکیان دەبێت ڕازی بێت بەو پارەیەی کە بەغدا بۆی دەنێرێ، یاخود دەبێت بڕیاری ئەوە بدات کە خۆی سەربەخۆ نەوتی خۆی بفرۆشێت".



## بەهۆی ڕاگرتنی قیست

# بازاڕی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل ڕادەوەستێ

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**



(فۆتۆ: فەرزین حەسەن)

بەهۆی قەیرانی دارایی و درەنگ گەڕاندنەوەی قیستەکانیان و پاڵپشتی نەکردنیان لەلایەن بانکەکانەوە، بەشی زۆری کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل لە هەولێر، فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانیان بە قیست ڕاگرتووە، ئەمەش کاریگەری لەسەر بازاڕی ئۆتۆمبێل هەبووە. بەڕێوەبەری کۆمپانیایەک دەڵێت "بازاڕی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل وەستاوە".

کۆمپانیای لەندەن ئۆتۆ بۆ بازرگانی کڕین و فرۆشتنی ئۆتۆمبێل، بە یەکێک لەو کۆمپانیایانە دادەنرێت کە پێشەنگن لە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە قیست، بەڵام ماوەی ساڵێکە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی بە قیست ڕاگرتووە.

حوسێن حەسەن، بەڕێوەبەری کۆمپانیای لەندەن ئۆتۆ، هۆکارەکەی بۆ (ڕووداو) باسکرد و گوتی "کەس پارەی نەدەدا، بۆیە ناچار بووین فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانمان بە قیست ڕابگرین".

ڕاگرتنی قیستەکان کاریگەری کردووەتە سەر کەمبوونەوەی فرۆشی ئۆتۆمبیلی کۆمپانیاکەی حوسێن، ئێستا وەک جاران کڕیار ڕووی تێناکەن، حوسێن دەڵێت "پێشتر مانگانە بە بەردەوامی 50 ئۆتۆمبێلمان دەفرۆشت، بەڵام بەهۆی ڕاگرتنی قیست و قەیرانی دارایی، ئێستا مانگانە 2 تاوەکو 3 ئۆتۆمبیل دەفرۆشین، تەنانەت کار گەیشتووەتە ئەوەی لە گیرفانی خۆمان، پارەی کرێی پێشەنگا بدەین".

بەپێی قسەی ئەو خاوەن کۆمپانیایە، بەهۆی ئەو بێ بازاڕییەی ڕووی تێکردوون "50%ی خاوەن کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل دەرگای پێشانگاکانیان داخستووە". گوتیشی "چەندین هاوڕێی بازرگانم بەهۆی ئەو بێ بازاڕییەی ئۆتۆمبێل ئیفلاسیان کردووە".

بۆ ئەوەی هاوشێوەی هاوڕێکانی پیشەکەی لەدەست نەدات و جارێکی دیکە جوڵە بخاتەوە بازاڕی کۆمپانیاکەی، حوسێن لە سەرەتای ئەم مانگەوە دوای ڕێککەوتن لەگەڵ بانکێک، دەستیکردووەتەوە بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلەکانی بەقیست، بەڵام وەک خۆی دەڵێت "بەهۆی ئەو مەرجە قورسانەی کە بانک بۆ فرۆشتن بەقیست بەسەر کۆمپانیاکەیدا سەپاندووە، تاوەکو ئێستا هیچ ئۆتۆمبێلێکمان نەفرۆشتووە".

ڕاگرتنی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بەقیست تەنیا کۆمپانیا بچووک و مام ناوەندەکانی نەگرتووەتەوە، بەڵکو کۆمپانیا گەورەکانیش بڕیاریان داوە چیدی ئۆتۆمبێل بە قیست نەفرۆشن.

کۆمپانیای جیهان مۆتۆرز کە بەیەکێک لەکۆمپانیا گەورەکانی بازرگانی ئۆتۆمبێل لە کوردستان ناوی ڕۆیشتووە، نزیکەی ساڵێکە فرۆشتنی ئۆتۆمبیلی بە قیست ڕاگرتووە، بەڵام چەند ڕۆژێکە بۆ سەرنجڕاکێشانی کڕیارەکانیان، بەبۆنەی هاتنی مانگی ڕەمەزانەوە جارێکی دیکە و بۆ ماوەی مانگێک بە قیست ئۆتۆمبێل دەفرۆشێ.

ئەندازیار هونەر عەبدوللەتیف، بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای جیهان مۆتۆرز، گوتی "قەیرانی دارایی و ڕاگرتنی قیستەکان کاریگەری زۆری لەسەر فرۆشی ئۆتۆمبیلەکانمان هەبووە، بە بەراورد بەساڵانی ڕابردوو فرۆشمان بە ڕێژەی 65% دابەزیوە".

خاوەنی کۆمپانیاکانی ئۆتۆمبێل دەڵێن بەهۆی ئەو قەیرانە داراییەی دووچاری هەرێمی کوردستان بووە، کڕیارەکان وەک پێویست توانای گەڕاندنەوەی قیستەکانیان نییە، ئەمەش وایکردووە بانکەکان وەک پێشتر پاڵپشتی کۆمپانیاکان نەکەن، بۆیە زۆربەی کۆمپانیاکان بەناچاری فرۆشتنی ئۆتۆمبێلیان بە قیست ڕاگرتووە.

هونەر عەبدوللەتیف دەڵێت "بەگشتی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بە قیست لەلایەن کۆمپانیاکان زۆر کەمبووەتەوە، ئەو کۆمپانیایانەشی بەردەوامن، ئەوانەن کە بەرهەمەکانیان لە بازاڕ خواستی لەسەر نییە".

پێچەوانەی کۆمپانیاکانی دیکە، فرۆشتنی ئۆتۆمبیل بە قیست لە کۆمپانیای ساز بەردەوامە، بەڵام سەمیر سەبری، بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای ساز بۆ بازرگانی ئۆتۆمبیلی تۆیوتا دەڵێت "بەهۆی ئەو مەرجە قورسانەی بانکەکان لەسەر کڕیاریان داناوە، وەک پێویست کۆمپانیاکەمان نەیانتوانیوە سوود لە فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بە قیست وەربگرێ".

سەمیر نموونە بە فرۆشی ئۆتۆمبیلەکانیان لەساڵی 2013 بە بەراورد بەساڵی 2014 و شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵ دەهێنێتەوە و دەڵێت "لە ساڵی 2013 مانگانە بەتێکڕایی 100 تاوەکو 200 ئۆتۆمبیلمان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا مانگانە 50 تاوەکو 100 ئۆتۆمبێل دەفرۆشین، واتە فرۆشمان بەڕێژەی 50% دابەزیوە".

بەڕێوەبەری فرۆشتن لە کۆمپانیای ساز گوتیشی "بەهۆی ناجێگیریی بارودۆخی ئابووریی کوردستان بەشێوەیەکی گشتی بازاڕی فرۆشتنی ئۆتۆمبیل لاوازە و خواست زیاتر لەسەر کڕینی ئۆتۆمبێل بە قیستە، بەڵام بەهۆی دواکەوتنی مووچەش کڕیارەکان وەک پێویست قیستەکان ناگەڕێننەوە، ئەمەش وایکردووە بانکەکان دوودڵ بن لە پاڵپشتیکردنی کۆمپانیاکانیئۆتۆمبێل".

سەمیر باسی مەرجە تازەکانی بانکەکان دەکات بۆ ئەوەی مامەڵە لەگەڵ کۆمپانیاکانی فرۆشتنی ئۆتۆمبێل بکەن و دەڵێت "بانکەکان بۆ ئەوەی دڵنیابن لە گەڕانەوەی پارەکانیان، مەرجی قورس لە کڕیار داوا دەکەن، بۆ نموونە جگە لە ڕەهن دانانی خانوو، داوای دوو کەفیل دەکەن کە مووچەی مانگانەی هەریەکەیان زیاتر بێت لە قیستی مانگانەکە، لێکۆڵینەوەش لە داهاتی کڕیار دەکەن کە ئایا توانای گەڕاندنەوەی قیستەکانی هەیە یان نا، بۆ هەر ئۆتۆمبێلێکیش ڕەهنی موڵکێکیان دەوێت، مەرجیشیان ئەوەیە نرخی موڵکەکە دوو بەرامبەری نرخی ئۆتۆمبیلەکە بێت، دانانی ئەم هەموو مەرجەش وایکردووە هەموو کڕیارێک نەتوانێ بە قیست ئۆتۆمبێل بکڕێ".

پێشتر سێ بانک پاڵپشتی فرۆشتنی بەرهەمەکانی کۆمپانیای سازیان دەکرد، بەڵام سەمیر دەڵێت بەهۆی نەگەڕاندنەوەی قیستەکان لەلایەن کڕیارەکانەوە، یەکێک لەو سێ بانکە پاڵپشتیی ڕاگرتووە. سەمیر گوتی "48 کڕیارمان ماوەی سێ مانگە بەهۆی دواکەوتنی مووچە و بەرزبوونەوەی نرخی دۆلار قیستەکانیان نەگەڕاندووەتەوە بۆ بانک، ئەمەش بەرپرسانی بانکەکەی نیگەران کردووە و بڕیاری وەستاندنی پاڵپشتیی فرۆشتنی بە قیستیان داوە".



## لە ژاپۆنییەکانەوە فێربوون

# جوتیارانی کوردستان جۆرە گەنمەشامییەکی نوێ دەچێنن

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**



بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر دەڵێت بەهاوکاریی ڕێکخراوێکی ژاپۆنی توانیویانە جۆرێکی نوێ لە گەنمەشامی بەکواڵێتییەکی زۆر بەرز بەرهەمبهێنن. بەرهەمەکە لە بازاڕ خواستێکی زۆری لەسەرە و قازانجیشی بۆ جوتیاران زۆرە.

ئاژانسی ژاپۆنی بۆ هاوکاری نێودەوڵەتی (JICA) هاوکاریی هەمەچەشن پێشکەشی وڵاتانی تازە پێگەیشتوو لە بواری تەکنیکی دەکات، هەروەها قەرزیان پێدەبەخشی بۆ بوژاندنەوە و گەشەپێدانی کەرتی ئابووری و کەرتەکانی دیکە. جگە لە پێشکەشکردنی ڕێنمایی و ئەنجامدانی توێژینەوەی مەیدانی بۆ دۆزینەوەی گرفتەکان.

ڕێکخراوەکە لە ئابی 1974 دامەزراوە، ئێستا لە زیاتر لە 150 وڵاتی جیهاندا چالاکیی هەیە و لە 100 وڵاتیش نووسینگەی هەیە کە یەکێک لە نووسینگەکانی لە هەرێمی کوردستانە.

جایکا لەزۆر بواردا لە هەرێمی کوردستان چالاکیی هەیە، یەکێک لەوانە گەشەپێدانی پرۆژە کشتوکاڵییەکانە. تاوەکو ئێستا لە سێ بواردا پرۆژەیان هەبووە، یەکێک لەوانە پرۆژەی هێنانی تۆوی گەنمەشامی شیرینی ژاپۆنی و چاندنێتی لە کوردستان.

ئەکیرا ماتسودا، شارەزا لە ئاژانسی جایکا لە بواری ڕەزگەری، ئامانجی ڕێکخراوەکەیان لە هێنانی گەنمەشامیی شیرین بۆ کوردستان باسکرد و گوتی "ئامانجمان ناساندن و بەرهەمهێنانی بەروبوومێکی تازە و بە کولتووکردنی بوو لە کوردستان کە بەهایەکی بەرزی خۆراکیی هەیە و چاندنیشی قازانجێکی باشی بۆ جوتیاران هەیە".

ماتسودا گوتیشی "دوای دوو ساڵ توێژینەوە لەسەر بەروبوومەکە، بۆمان دەرکەوت چاندنی گەنمەشامیی شیرین لە کوردستان زۆر گونجاوە و بڕی بەرهەم و کواڵێتییەکەشی زۆر بەرزە و هاوشێوەی ژاپۆنە".

ماتسودا، زیاتر پەسەندی چاندنی ئەم بەرهەمە لەنێو خانووی پلاستیکی دەکات و دەڵێت "لە لێکۆڵینەوەکاندا بۆمان دەرکەوت بڕی بەرهەم و کواڵێتی لەنێو خانووی پلاستیکی باشترە، بەڵام دەکرێت بەشێوەی کراوەش بچێندرێ".

بەپێی توێژینەوەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، دەتوانرێت لە هەردوو وەرزی بەهار و پایزدا گەنمەشامیی شیرین لە کوردستان بچێنرێت، گونجاوترین کاتیش بۆ چاندنی لە وەرزی بەهار لە ناوەڕاستی مانگی ئادار دایە، لە وەرزی پایزیش لە ناوەڕاستی مانگی ئابدایە، بەرەکەشی بە گوێرەی کەشوهەوای ناوچە بە 70 — 80 ڕۆژ پێدەگات.

مەقسود خالید، بەڕێوەبەری توێژینەوەی کشتوکاڵی لە هەولێر دەڵێت دوای توێژینەوە دەرکەوت بەرهەمەکە زۆر سەرکەوتووە، بۆیە بڕیاریان دا لە کێڵگەی جوتیارەکانیش تاقی بکەنەوە، بۆ ئەو مەبەستە لە هەولێر و سلێمانی دوو جوتیاریان دەستنیشان کرد و بەهاوکاریی ڕێکخراوی جایکا لەنێو خانووی پلاستیکی و کراوە بەرهەمەکەیان چاند و سەرپەرشتی و چاودێرییان کرد، دواتر دەرکەوت سەرکەوتنی باشی بەدەستهێناوە.

مەقسود خالید گوتیشی "بەپێی توێژینەوەکان، دەتوانرێ لە هەموو ناوچەکانی کوردستان لەنێو خانووی پلاستیکی و کراوە گەنمەشامیی شیرین بچێنرێ".

لەهەر هێکتارێک کە دەکاتە چوار دۆنم لەنێو خانووی پلاستیکی، گەنمەشامیی شیرین 13.7 تۆن بەرهەم دەدات و بەشێوەی کراوەش نزیکەی 6.2 تۆن بەرهەم دەدات. ئەمەش لەکاتێکدایە لە ژاپۆن لە هەمان ڕووبەر 10.2 تۆن بەرهەمی هەبووە. ئەمەش ئەوە دەردەخات کەشوهەوای هەرێمی کوردستان زۆر گونجاوە بۆچاندنی ئەم بەرهەمە.

بەشێک لە جوتیارانی کوردستان گەنمەشامی ئالیکی دەچێنن کە بەرهەمێکی باشی هەیە، بەڵام بەهۆی نەبوونی کارگەی وشککردنەوە لەکوردستان گرفتی بەبازاڕکردنیان هەیە، بۆیە بە ناچاری بەرهەمەکانیان بەنیوە قیمەت بە جوتیارانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق دەفرۆشن.

ئەگەرچی بڕی بەرهەمی گەنمەشامیی شیرین بەراورد بە بەرهەمی گەنمەشامیی ئالیکی کەمترە، بەڵام مەقسود خالید پێیوایە لەئایندەیەکی نزیکدا جوتیاران ڕوو لەچاندنی گەنمەشامیی شیرین بکەن، چونکە وەک ئەو دەڵێت "لەبازاڕدا خواستێکی باشی لەسەرە و لەنرخیشدا سێ بەرامبەری نرخی گەنمەشامیی ئالیک پارە دەکات".

گەنمەشامی نزیکەی 7 جۆری هەیە، بەڵام لە کوردستان چەند جۆرێکی ناسراوە، لەوانە گەنمەشامی ئالیک کە زیاتر بۆ ئالیکی ئاژەڵی بەکاردێت، جۆرێکی دیکەیان دەکرێتە شەندەری. شیرینەکەشی تازە لە کوردستان پەیدا بووە.

زیلال خالید، بەڕێوەبەری کۆمپانیای یەشیللەر بۆ بازرگانیی گشتی کە وەکیلی سەرەکی گەنمەشامیی شیرینە لە کوردستان و عێراق، ماوەی 5 ساڵە گەنمەشامیی شیرین لە تورکیا و ئیسپانیاوە بۆ کوردستان هاوردە دەکات. ئەو دەڵێت "سەرەتا خەڵک وەک پێویست ئاشنایەتی لەگەڵ گەنمەشامیی شیرین نەبوو، مانگانە تەنیا تۆنێک تاوەکو دوو تۆنمان دەفرۆشت، بەڵام ئێستا خواستێکی باش لەسەر گەنمەشامیی شیرین لە کوردستان هەیە، مانگانە 25 تاوەکو 30 تۆن گەنمەشامی دەفرۆشین".

دوای ئەوەی دەرکەوت چاندنی ئەم بەرهەمە گونجاوە و قازانجێکی زۆریشی هەیە، ئێستا جوتیارانی کوردستان ڕوویان لە چاندنی کردووە.

حاجی تەها ڕەشید، جوتیارێکی پێشکەوتووی گوندی سوسێی ناحیەی پیرەمەگرونە. ئەو یەکێک بوو لەو چوار جوتیارەی کە بەڕێوەبەرایەتی توێژینەوەی کشتوکاڵی و ڕێکخراوی جایکا کێڵگەکەیان بۆ چاندنی گەنمەشامی دەستنیشان کرد. حاجی تەها لەبارەی بەرهەمی گەنمەشامییەکەی بە (ڕووداو)ی گوت "بەرهەمێکی زۆرباشی دا ڕێژەی سەرکەوتنیشی بە گوتەی پسپۆرانی جایکا لە کێڵگەکەی من 98.5 % بووە".

حاجی تەها گوتیشی "لە بازاڕ خواستێکی زۆر لەسەر ئەم جۆرە گەنمەشامیە هەیە، بۆیە ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ یان کۆمپانیایەک تۆومان بۆ ئامادە بکەن، ئامادەم بە ڕووبەری زۆر فراوان بیچێنم".

دوای پێگەیشتی بەرهەمی ئەو جوتیارانە، وەزارەتی کشتوکاڵ بەئامادەبوونی چەندین جوتیار، ڕۆژی کێڵگەی بۆ ناساندنی بەرهەمەکەیان و چۆنیەتی چاندن و بەرهەمهێنانی بۆ جوتیاران دیاری کرد. زیلال خالیدیش وەک خاوەن کۆمپانیایەک یەکێک بوو لەئامادەبووان. ناوبراو سەبارەت بەکواڵیتی بەرهەمی ئەو جوتیارانە گوتی "بەرهەمی ئەو جوتیارانە لەڕووی تامەوە دوو بەرامبەری بەرهەمی تورکی بوو، بەڵام لەڕووی قەبارەی عەرنوسەکان گرفت هەبوو، بۆیە لەو بڕوایەدام ئەگەر وەزارەتی کشتوکاڵ ڕێنمایی زیاتری ئەو جوتیارانە بکات، دەتوانن باشترین گەنمەشامی شیرین لەناوچەکە بەرهەمبهێنن".

زیلان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە جوتیارێکی زۆر ئامادەییان نیشانداوە لەگەڵ کۆمپانیاکەیان گرێبەست بکەن، بەڵام گرفتیان لە نەبوونی تۆوی باوەڕپێکراو هەیە، گوتیشی "ئێمە هەوڵ دەدەین بە هاوکاریی وەزارەتی کشتوکاڵ چەند جوتیارێکی شارەزا دەستنیشان بکەین و پێویستیەکانیان بۆ دابین بکەین، ئەگەر ئەو جوتیارانە سەرکەوتوو بوون لە بەرهەمهێنان بەکواڵێتی باش، ئامادەین گرێبەستێکی 25 ساڵەیان لەگەڵ بکەین و بەرهەمەکانیان بە نرخی گونجاو لێ بکڕینەوە".

ملیۆنێک و 250 هەزار ئۆتۆمبێل لەهەرێمی کوردستان هەن

# حکومەت ڕۆژانە 3 ملیۆن دۆلار بە سووتەمەنی دەدات

جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکان لە پەرلەمان:

## قەیرانی سووتەمەنی بەهۆی کۆمپانیا نێوخۆییەکان بوو

پەرلەمانتارێکی گۆڕان:

## حکومەت خۆی لەو قەیرانە بەرپرسیارە

**هێڤیدار ئەحمەد**
**ڕووداو- هەولێر**

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی، ڕۆژانە نزیکەی سێ ملیۆن دۆلار تەرخان دەکات. بۆ دەربازبوونیش لە قەیرانی سووتەمەنی چەند ڕێنماییەک دەردەکات، لەوانەش دانانی پاڵاوگە کە بە کێبڕکێ دەبێت.

### کێ قەیرانەکەی دروستکرد؟

نزیکەی دوو هەفتەیە قەیرانی سووتەمەنی لە سلێمانی و دهۆک سەریهەڵداوە، ئەمەش دوای کەمبوونەوەی سووتەمەنی بۆ نیوەی ئەو بڕەی پێشتر دابین دەکرا.

دڵشاد شەعبان، جێگری سەرۆکی لیژنەی پیشەسازی و وزە لە پەرلەمانی کوردستان ڕایگەیاند کە "هەندێ کۆمپانیای نێوخۆیی بوونەتە هۆی دروستبوونی ئەم قەیرانە".

دڵشاد شەعبان ڕوونیکردەوە کە "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ ئەوەی پارەی بەنزین بۆ کۆمپانیا لۆکاڵییەکان بێ، گرێبەستی لەگەڵ پێنج کۆمپانیا کرد، بەڵام کۆمپانیاکان نەیانتوانی لە ڕۆژێکدا نیو ملیۆن لیتر سووتەمەنی دابین بکەن و ئەمەش بووە هۆی سەرهەڵدانی قەیرانی سووتەمەنی لە هەرێمی کوردستان".

بەپێی قسەی ئەو پەرلەمانتارە، هەرێمی کوردستان ڕۆژانە پێویستی بە شەش ملیۆن لیتر بەنزین هەیە کە 3 ملیۆن و 200 هەزار لیتری لە نێوخۆی کوردستان بەرهەم دێ، ئەوەی دیکەش هاوردە دەکرێ.

بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە و گەڕانەوەی دۆخەکە بۆ پێش سەرهەڵدانی قەیرانەکە، دڵشاد شەعبان گوتی "دیسانەوە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان لەگەڵ کۆمپانیای (پاوەر ترانس)ی تورکی گرێبەستی ئیمزا کرد بۆ دابینکردنی بەنزین و بەرهەمەکانی دیکە کە پێش قەیرانەکە گرێبەستی لەگەڵ هەبوو".

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ناوخۆ، نزیکەی ملیۆنێک و 250 هەزار ئۆتۆمبێل لە هەرێمی کوردستان هەن. جێگری سەرۆکی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانیش دەڵێ "ئەگەر هەر ئۆتۆمبێلێک لە ڕۆژێکدا تەنیا 5 لیتر سووتەمەنی خەرج بکات، ئەوا ڕۆژانە پێویستمان بە زیاتر لە شەش ملیۆن لیتر سووتەمەنییە لە بەنزین و گازوایل".

### ڕۆژانە 3 ملیۆن دۆلار بۆ سووتەمەنی

ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان بە پەرلەمانتارانی لیژنەی سامانە سروشتییەکانی گوتووە "هەر لیترێکی بەنزین لە دەرەوە بە هەزار و 200 دینار دەکڕین، بەڵام بە 700 دینار دەدرێتە هاووڵاتی".

حکومەت ڕۆژانە 3 ملیۆن لیتر بەنزین لە دەرەوە دەکڕێت، بەو پێیە ڕۆژانە حکومەت ملیارێک و 500 ملیۆن دینار (زیاتر لە ملیۆنێک دۆلار) بە بەنزین دەدات.

جگە لە کڕینی بەنزین لە دەرەوەی هەرێمی کوردستان، وەزارەتی سامانە سروشتییەکان نیوەی پێداویستییەکانی گازوایلیش لە دەرەوە دەکڕێ.

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕۆژانە 10 ملیۆن لیتر گازوایل ئامادە دەکات. دڵشاد شەعبان دەڵێ "وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕۆژانە پێنج بۆ شەش ملیۆن لیتر گازوایل لە دەرەوە دەکڕێ". گوتیشی "هەر لیترێکی گازوایل بە 110 دینار دەکڕێ و وەکو بەنزین بە 700 دینار دەیداتە هاووڵاتی".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ هەر لیترێک گازوایل 400 دینار دەدات کە لە ڕۆژێکدا نزیکەی دوو ملیۆن دۆلار دەکات. بەو پێیە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕۆژانە زیاتر لە 3 ملیۆن دۆلار بە بەنزین و گازوایل دەدات.

بەپێی ئاماری وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، هەرێمی کوردستان لەساڵی 2014دا ڕۆژانە پێویستی بە پێنج ملیۆن لیتر بەنزین هەبووە، بەڵام لە 2015 پێویستییەکە زیاتر بووە و گەیشتووەتە شەش ملیۆن لیتر بەنزین لە ڕۆژێکدا.

عەلی حەمە ساڵح، پەرلەمانتاری فراکسیۆنی گۆڕان ڕەخنە لە سیاسەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێ لە مەسەلەی دابینکردنی سووتەمەنی و دەڵێ "سەرباری ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕە پارەیەکی زۆر خەرج دەکات بۆ کڕینی بەرهەمەکانی نەوت، بەتایبەتی بەنزین و گازوایل، بەڵام نەیتوانیوە پێداویستییەکانی نێوخۆ پڕ بکاتەوە". گوتیشی "لە دروستبوونی ئەو قەیرانەدا وەزارەتی سامانە سروشتییەکان، سەرۆکی حکومەت، ئەنجوومەنی باڵای نەوت بەرپرسیارن".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ نەهێشتنی قەیرانی سووتەمەنی، هەندێ هەنگاو دەهاوێژێ و چیدی بەرپرسیش نابێ لە دروستبوونی هەر قەیرانێک لە داهاتوودا.

دڵشاد شەعبان کە لەسەر قەیرانی سووتەمەنی لەگەڵ ئاشتی هەورامی، وەزیری سامانە سروشتییەکان کۆبووەتەوە، ئاگاداری پلانەکانی داهاتووی ئەو وەزارەتەیە و دەڵێ "بڕیارە وەزارەتی سامانە سروشتییەکان ڕێنمایی دەربکات و دەسەڵات بدرێ بە پارێزگاکان بۆ دابینکردنی سووتەمەنی و داهاتەکەشی ڕاستەوخۆ بدرێ بە وەزارەتی دارایی". هەروەها گوتی "دەرگا دەکرێتەوە بۆ دانانی پاڵاوگە بە گوێرەی ڕێنماییەکان".

وەزارەتی سامانە سروشتییەکان بۆ پاڵاوتنی هەر بەرمیلێکی نەوتی خاو بڕی 17 دۆلار دەداتە کۆمپانیا نێوخۆییەکان. بەڵام لە ڕێنمایی نوێدا، وەک دڵشاد شەعبان باسی دەکات " 17 دۆلار نامێنێ، بەڵکو دەبێتە 9 دۆلار و ئەمەش بڕیارێکی باشە و بڕێکی زۆری پارە بۆ حکومەت دەگەڕێتەوە".

عەلی حەمە ساڵح کە ئەندامی لیژنەی وزە و سامانە سروشتییەکانە و پڕۆژەیەکی بۆ چارەسەری ئەو قەیرانە پێشکەش کردووە، داوا دەکات دانانی پاڵاوگە "بەپێی مەرجی زانستی و ستانداردی جیهانی بێت و مۆڵەت بدرێتە سەرمایەدارانی ناوخۆ و بیانی بۆ دانانی پاڵاوگە". گوتیشی "بەهیچ جۆرێک حکومەت نەوت بە پارە نەپاڵێوێ وەک ئەوەی ئێستا هەیە، بەڵکو دەبێ نەوتی خاو بە نرخی پشتیوانیکەر بفرۆشێتە پاڵاوگەکان".



# بودجەی پەرەپێدانی دهۆک بۆ پرۆژەکانی هەولێر خەرجکراوە

هاووڵاتیەک: یەک پرۆژەی ستراتیژی لە دهۆک نەکراوە کە شانازیی پێوە بکەین

**ناسر عەلی**
**ڕووداو- دهۆک**

لەوەتەی حکومەتی عێراق پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان خەرج دەکات، هەموو پارێزگاکان ڕاستەوخۆ ئەو پارەیەیان بۆ چووە جگە لە پارێزگای دهۆک کە لە هەولێرەوە پارەکەی بۆچووە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە دهۆک هەژارترین پارێزگای هەرێمی کوردستان بێت.

حوسێن قادر، 26 ساڵ، هاووڵاتییەکی شاری دهۆکە، پێیوایە پارێزگاکەی مەغدورترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە "دهۆک لە هەموو ڕوویەکەوە فەرامۆش کراوە، جگە لە کەمیی پرۆژەی خزمەتگوزاری، یەک پرۆژەی ستراتیژی لە دهۆک نییە کە شانازی پێوە بکەین، سەیربکەن دەیان پرۆژەی زەبەلاحی وەکو پاڵاوگە و فرۆکەخانە لە هەولێر و سلێمانی هەن، بەڵام دهۆک هیچی نییە".

ئەو هاووڵاتییە ململانێی نێوان پارتی و یەکێتی بەهۆکار دەزانێ و دەڵێت "لەو ململانێیەدا دهۆک بووە قوربانی، چونکە یەکێتی گرنگی بە سلێمانی دەدا و پارتیش بە هەولێر".

بەرپرسانی ئەو پارێزگایە بەردەوام باس لەوە دەکەن کە پارێزگاکەیان مەغدورە، تەنانەت سەرۆکی ئەنجوومەنی پێشووی پارێزگای دهۆک دووجار لە هەڤپەیڤینەکانی لەگەڵ (ڕووداو) گوتبووی "گریانم بۆ دهۆک دێت".

بەپێی بەدواداچوونی (ڕووداو)، پارەی پەرەپێدانی پارێزگاکان ڕاستەوخۆ دەدرێتە هەر پارێزگایەک، بەڵام پارەی پەرەپێدانی پارێزگای دهۆک لە هەولێرەوە خەرجدەکرێت.

بەپێی فەرمانی وزاری ژمارە 52ی ڕۆژی 2008/8/11 کە لە وەزارەتی پلاندانانی عێراقەوە دەرچووە، سەنتەری پەرەپێدانی هەرێم و پارێزگاکانی عێراق دامەزراوە کە ساڵانە لە بودجەی حکومەتی عێراق بودجەیەک بۆ پەرەپێدانی پارێزگاکان تەرخان دەکرێ، ئەو بودجەیە بەپێی ژمارەی دانیشتووانی هەر پارێزگایەک دەخەملێنن و دەبێ سەرجەم ئەو بودجەیە لەماوەی ئەو ساڵەدا لە پرۆژەکانی پەرەپێدانی ئەو پارێزگەیەدا خەرج بکرێ.

سەرچاوەیەکی ئاگادار بە (ڕووداو)ی گوت "لە ساڵی 2009دا بە ڕێژەی 60%، ساڵی 2010 بە ڕێژەی 50% و ساڵی 2011 بە ڕێژەی 40% لە بەشی دهۆک لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان بۆ هەولێر خەرج کراوە، ئەوکات بەڵێنیان بە ئیدارەی دهۆک دا کە لە ساڵەکانی داهاتوودا قەرەبووی دهۆک بکەنەوە و پارەکەی بۆ بگەڕێننەوە، بەڵام لەو هەموو پارەیە تەنیا لە ساڵی 2012دا 10%ی ئەو پارەیەیان گەڕاندەوە، ئەمەش کاریگەری لەسەر کەمیی پرۆژە هەبووە لە دهۆک".

ئەو سەرچاوەیە ئاماژەی بۆ ئەوەش کرد کە لە ساڵی 2013دا کاتێک حکومەت زانی ناتوانێت قەرەبووی دهۆک بکاتەوە، تەنیا بۆ ڕازیکردنی خەڵکەکەی و ئیدارەکەی دەستیان کرد بە دانانی بەردی بناغەی چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی، وەکو فرۆکەخانە و پاڵاوگەی بەنزین. گوتیشی "ئەمە تەنیا بۆ ڕازیکردنی خەڵک بوو، بۆ ئەوەش بوو کە لە هەڵبژاردن دەنگ بە پارتی بدەن".

بەپێی ڕووپێویەکانی وەزارەتی پلاندانانی عێراق لە ساڵەکانی 2012 و 2013 و 2014، دهۆک هەژارترین پارێزگای هەرێمی کوردستانە، لە کاتێکدا بەپێی قسەی شارەزایانی ئابووری، هەڵکەوتە و پێگەی دهۆک هاوکارە بۆئەوەی ببێتە دەوڵەمەندترین شاری هەرێمی کوردستان، هەروەها خاوەنی پڕداهاتترین خاڵی سنوورییە کە دەروازەی گومرگی ئیبراهیم خەلیلە. جگە لەوەش ژمارەی دانیشتووانەکەی کەمە.

زیرەک دۆسکی کە بەڵێندەرە و ماوەی 15 ساڵیشە سەرۆکی لقی دهۆکی یەکێتی بەڵێندەرانی کوردستانە، دەڵێت جیاوازییەکی زۆر لە نێوان پارێزگای دهۆک لەگەڵ سلێمانی و هەولێر دەکرێت. ئەو دەڵێت "پێش 2008 هەستمان پێنەدەکرد کە نادادپەروەری دەکرێت، ئەو پارەیەی لە کوردستان هەبوو لەسەر هەرسێ پارێزگا بەپێی ژمارەی دانیشتووان دابەش دەکرا، بەڵام لە ساڵەکانی 2009 و 2010 بە ئاشکرا هەستمان پێکرد کە بەشی دهۆک لە پارەی پەرەپێدان بەتەواوی نایەت، بەشێک لەو پارەیە بۆ هەولێر دەڕوات". گوتیشی "تەنانەت ئەگەر بزانرێت لە ساڵی 2008ەوە تاوەکو ئێستا چەند پارە لە عێراق هاتووەتە کوردستان و بەشی دهۆک لەو پارەیە چەند بووە، لەوانەیە خەڵکی دهۆک تووشی شۆک بن". زیرەک دەڵێت "جگە لەمە هەتا ئێستا سیولەی پارە تەنیا بۆ دهۆک نییە کە ئەمەش گەورەترین کێشەی دهۆکە".

حەجی مستەفا، بەڕێوەبەری پێشووی سەنتەری پەرەپێدانی پارێزگاکان دانی بەوەدا نا کە هەتا ئێستاش تەنیا بەشی دهۆک لە بودجەی بەرەپێدانی پارێزگا ڕاستەوخۆ لە بەغداوە بۆ دهۆک نایەت. حەجی مستەفا کە لەگەڵ هاتنی بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان لە ساڵی 2008 ئەو پۆستەی وەرگرت هەتا کۆتایی ساڵی 2013، سەبارەت بە هۆکارەکەی دەڵێت "بەخوا منیش نازانم بۆچی بەتەنیا لە دهۆک ئەو پارەیە ڕاستەوخۆ نەدەهات، ئەمە شتێکی سیاسییە، ناتوانم زانیاری زیاتری لەسەر بدەم".

سەبارەت بە خەرجکردنی بودجەی پەرەپێدانی دهۆک بۆ پرۆژەکانی هەولێر، حەجی مستەفا گوتی "من نازانم پارەی دهۆک بۆ هەولێر خەرجکراوە یان نا، بەڵام دەزانم لە ساڵەکانی 2012 و 2013 نزیکەی 15 ملیار دیناری دهۆک لە بودجەی پەرەپێدان نەگەیشتبوو، بیانووەکەش ئەوە بوو کە گوایە ئێمە پرۆژەمان پێشکەش نەکردووە".

فەرهاد ئەترۆشی، پارێزگاری دهۆک کە نزیکەی ساڵێکە ئەو پۆستەی وەرگرتووە، دەیەوێ بە هەر شێوەیەک بێ قەرەبووی ئەو مەغدورکردنەی دهۆک بکاتەوە. ئەو دەڵێت "دووجار بەفەرمی فەرامۆشکردن و مەغدوریەتی دهۆکم لەگەڵ سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان باسکردووە، ئەویش زۆر حەز دەکات شتێک بۆ دهۆک بکات و قەرەبووی ئەو غەدرە بکاتەوە، بەڵام لەبەر قەیرانی دارایی لەم کاتەدا زۆر زەحمەتە بتوانین شتێک بۆ دهۆک بکەین".





## دەلال ساڵێکە چاوەڕێیە

**هیوا سەلاح / ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ دەلال زاخۆیی دەڵێت ساڵێکە ئەلبوومێکی گۆرانی بەرهەمهێناوە، چاوەڕێی کۆمپانیایەک دەکات بۆی بڵاوبکاتەوە. دەلال زاخۆیی لە لێدوانێکدا بە (ڕووداو)ی گوت "هەشت گۆرانی تازە و ڕۆمانسیم ئامادەیە بۆ بڵاوکردنەوە، بەڵام لەبەر بارودۆخی کوردستان و قەیرانی دارایی و نەبوونی سپۆنسەر لەسەر ڕەفەکانی ماڵەوەم کەوتووە، چونکە کەس ئامادە نییە ئەو پارەیەی من لەو ئەلبوومە خەرجم کردووە بمداتەوە". ئەلبوومەکەی دەلال 20 هەزار دۆلاری تێچووە. ئەو گلەیی لە کۆمپانیا و بەرهەمهێنە هونەرییەکانی کوردستان کرد و گوتی "هەموو کۆمپانیاکان پێشوەختە پێم دەڵێن ئەگەر بڵاوی بکەینەوە چەند قازانج دەکەین، ئەوان چاویان لە پارەیە نەک خزمەت بە هونەر و هونەرمەندان. ئەگەر کۆمپانیاکان بەمشێوەیە بیر بکەنەوە، هونەری کوردی بەردەوام لە قەیراندا دەبێت".

# ڕەمەزان گۆرانیبێژ و میوزیکژەنانی باڕ و ڕێستورانتەکان بێکار دەکات

**دەریاز یونس**
**ڕووداو- هەولێر**

مانگی ڕەمەزان ئەگەر خێر و بەرەکەت بێ بۆ بازرگانان و بەتاڵبوونەوەی کۆگاکانیان، ئەوا هۆی بڕینی ڕزق و ڕۆزیی ئەو هونەرمەندانەشە کە لە باڕ و ڕێستورانتەکاندا بە میوزیک و گۆرانی خەریکی پەیداکردنی بژێوین.

هەموو ساڵێک لە ڕەمەزاندا سەرجەم ئەو شوێنانە دادەخرێن کە خواردن و خواردنەوەی مەی پێشکەش دەکەن، بەمەش ئەم میوزیکژەن و گۆرانیبێژانەی لە باڕەکاندا گۆرانی دەڵێن، کاریان نامێنێ.

### گۆرانیبێژی بیانی بانگ دەکەن

سیڤان پایەدار، دەرچووی پەیمانگەی هونەرە جوانەکانی هەولێر، دەیەوێ لە ڕێگەی هونەرەکەیەوە پارە پەیدا بکات و خۆی بژێێنێ، بۆیە لە یەکێک لە چێشتخانەکانی شاری هەولێر میوزیک دەژەنێ.

سیڤان پارەیەکی کەمی لەو کارە دەستدەکەوێت، چونکە پێشوازییەکی ئەوتۆ لە هونەرەکەی ناکرێت لەلایەن خاوەن ڕێستورانت و باڕەکانەوە. سیڤان دەڵێت "دەتوانم بڵێم 70%ی باڕ و ڕێستورانتەکانی هەولێر کەڵک لە گۆرانیبێژی بیانی وەردەگرن، 20%یان دی جەی بەکاردێن، 10%ی دەمێنێتەوە، ئەویش نازانی بەبەر کێ دەکەوێ".



بەبڕوای سیڤان، ژیانی هەندێک هونەرمەند وەکو ژیانی سواڵکەرەکانە "بەشێک لە گۆرانیبێژ و میوزیکژەنانی ئەم وڵاتە سواڵ دەکەن بۆ بژێویی ژیان، سەرەڕای ئەوەش لە مانگی ڕەمەزاندا هیچ کارێک نامێنێ، نازانم هونەرمەند چۆن بتوانێ بژیت".

### لە جەژندا قەرەبووی دەکاتەوە

کچێکی ئێرانی کە لە یەکێک لە ڕێستورانتە پێنج ئەستێرەییەکانی هەولێر گۆرانی دەڵێت، ئەگەرچی لە ڕەمەزاندا کارەکەی نامێنێ، بەڵام دەڵێ بۆ جەژن قەرەبووی دەکاتەوە.

ئەو خانمە کە نایەوێت ناوی ئاشکرا بکرێت، بە (ڕووداو)ی گوت "مانگی ڕەمەزان مانگی پشووە، ڕاستە کار نامێنێ و هیچ داهاتێکمان نابێت، بەڵام لە جەژندا ژمارەی ئاهەنگەکان دوو بەرابەر زیاد دەکەن و دەتوانین قەرەبووی بکەینەوە".

### کرێکاری دەکەن

ئاستی دارایی هونەرمەندێک بۆ یەکێکی دیکە، وەک هەر کەسێکی ئاسایی دەگۆڕێت، هەر بۆیەش کاریگەرییە نەرێنییەکەی مانگی ڕەمەزان لەسەر هونەرمەندان جیاوازە.

ڕوان کۆیی کە لە یەکێک لە هۆتێلەکانی شاری هەولێر میوزیک دەژەنێت، دەڵێ "ئەو زیانەی لە مانگی ڕەمەزان بەر هونەرمەندان دەکەوێت بەهۆی بێکارییەوە، بەهیچ شتێک قەرەبوو ناکرێتەوە، من ئاگادارم هونەرمەندی وا هەیە کە باری دارایی زۆر خراپە و ناتوانێت ژیانی بەباشی بەڕێوەببات، بەتایبەتی لە مانگی ڕەمەزاندا کە هەموو کارەکان دەوەستێ، بەشێک لە هونەرمەندانیش پاشکەوتێک دەکەن کە بتوانن لە مانگی ڕەمەزان خەرجی بکەن، یاخود کاری دیکە دەکەن وەک شۆفێری تاکسی و زۆرجاریش کرێکاری دەکەن".

دییەم جەلیل، ژەنیاری گیتارە، بەڵام لە هیچ شوێنێک میوزیک ناژەنێ و تەنیا کاری ستۆدیۆ دەکات. ئەو ئاگاداری ژیانی زۆربەی میوزیکژەن و گۆرانیبێژەکانە و دەڵێت "میوزیکژەن و گۆرانیبێژ لەم وڵاتە زۆر هەژارن، زۆر لێقەوماون، هیچ یاسایەک بۆ پاراستنی مافیان نییە، نەک لە مانگی ڕەمەزان، بەڵکو بەدرێژایی ساڵ ژیانیان خۆش نییە".

> **کچێکی ئێرانی:**
> لە جەژندا قەرەبووی دەکەینەوە

> **میوزیکژەنێک:**
> بۆ بژێوی ژیانم سەختترین مانگ ڕەمەزانە

بەشێک لە میوزیکژەنان پێیانوایە جگە لە مانگی ڕەمەزان، جەنگی دژی داعشیش کاریگەری نەرێنی لەسەر ژیانی هونەرمەندان لە کوردستان داناوە.

مێڤان ئەمین، ژەنیاری ئامێری قانون کە بۆ گۆرانیی زۆرینەی هونەرمەندانی کوردستان میوزیکی ژەنیوە، دەڵێت "من لە چێشتخانەکان میوزیک ناژەنم، تەنیا کاری ستۆدیۆ دەکەم، دەزانم نەمانی کار لە مانگی ڕەمەزان کاریگەری نەرێنی هەیە، نەک لە مانگی ڕەمەزان، ماوەیەکی زۆرە میوزیکژەنان بێکارن و بژێوی ژیانیان زۆر سەخت بووە، بێگومان ئەوە هەموو هونەرمەندێک ناگرێتەوە، هەیە خۆی بارودۆخی دارایی باشە و دەتوانێت ژیانێکی ئاسوودە بەڕێبکات، لەوەتەی شەڕی داعشە و قەیرانی دارایی هەیە، میوزیکژەن کاری نەماوە".

بەپێی ڕاپۆرتێکی پێشتری هەفتەنامەی (ڕووداو)، هونەرمەندانی کوردستان لە ڕەمەزانی ئەمساڵدا هیچ گۆرانی و سروودێکی ئایینیان تۆمار نەکردووە، ئەمەش دیسان کاریگەری نەرێنی لەسەر ستۆدیۆکان و میوزیکژەنان هەیە.

هۆگر عەزیز، خاوەنی یەکێک لە ستۆدیۆکانی شاری هەولێر، دەڵێت "ئەمساڵ هیچ هونەرمەندێک لای من گۆرانی ئایینی تۆمار نەکردووە، ئەوەی گۆرانی گوتبێت هەر بۆ پێشمەرگە و کوردستان بووە، کەمبوونەوەی کاری هونەرمەندان کاریگەریی زۆری لەسەر کاری میوزیکژەن و ستۆدیۆکان هەیە".

## ئارام شەیدا بۆ (ڕووداو):

# گۆرانی "لیو لیو" لەسەر ڕیتمی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنە

ئارام محەممەد ناسراو بە (ئارام شەیدا) گۆرانیبێژێکی میللی شاری سلێمانییە. کەم شەو هەیە بەشداری لەو جۆرە ئاهەنگانەدا نەکات کە لە نێو خەڵک بە "گەعدە" ناسراوە. ئەم جۆرە شێوازەی گۆرانیگوتن لەلای هەندێک کەس بێ بایەخ سەیر دەکرێ و هیچ سەنگێکی هونەری بۆ دانانێن، چونکە وشەی زۆر بازاڕیی تێدا بەکاردێت تاوەکو ئاستی سوکایەتیکردن بە یەکدی، بەڵام ئارام شەیدا دەڵێت لە پێنج ساڵی ڕابردوودا شێوازی گەعدەی گۆڕیوە و داوا لە گۆرانیبێژەکان دەکات ئەم شێوازەی "گەعدە" بپارێزن.

**هەڤپەیڤین: پشتیوان جەمال**
**ڕووداو - سلێمانی**

**ڕووداو: خەڵکی کوێیت و چ قۆناغێکی خوێندنت تەواو کردووە؟**

**ئارام شەیدا:** لە بنەڕەتدا خەڵکی پێنجوێنم، بەڵام لە 1982/1/2 لە شارۆچکەی سەیدسادق لەدایک بووم، دواتر ماڵمان هاتووەتە گەڕەکی تووی مەلیک لە شاری سلێمانی. ئەم گەڕەکە بۆ من یادەوەریی زۆری هەیە، لەو گەڕەکەدا لە تەمەنی 14 ساڵیدا عاشق بووم.

سەبارەت بە خوێندنەکەشم هەتا شەشی ئامادەییم خوێند، بەڵام بەردەوام نەبووم تەنیا لەبەرئەوەی ڕقم لە فەرمانبەریتی بوو، چونکە تاقەتم نەبوو بەیانیان زوو لە خەو هەستم و بچم بۆ دەوام، بەڵام لە بەرنامەمدایە دەست بە خوێندن بکەمەوە و لە داهاتوودا ببمە پارێزەر، چونکە زیاتر حەزم لە مەسەلەی کۆمەڵایەتییە.

**ڕووداو: بە منداڵی ئیشت کردووە؟**

**ئارام شەیدا:** بێگومان، لە پشووی هاویناندا بنێشت و گوڵەبەڕۆژە و تەمەرهیندیم فرۆشتووە.

ڕووداو: کەی دەستت بە کاری هونەری کرد؟

ئارام شەیدا: هەر لە شەش ساڵییەوە لە قوتابخانە و گەڕەک گۆرانیم دەگوت، بەڵام لە دوای ساڵی 2000ەوە ئیدی بەتەواوی دەستم بە گۆرانیگوتن کرد.

**ڕووداو: بەڵام ئەمساڵ یەکەم ئەلبوومت بڵاوکردەوە، بۆچی وا درەنگ؟**

**ئارام شەیدا:** لەم وڵاتەدا هەندێجار هەندێک لە گۆرانیبێژەکان چانسیان هەیە وکەسانی باش پشتیان دەگرن و بەشێوەیەکی باشتر گۆرانی دەڵێن. ئێمەش بەر گەعدە کەوتین و لێشی پەشیمان نیم، چونکە لە گەعدە زۆربەی بەرهەمەکانت بەرهەمی خۆت نین، بەڵام بەرهەمی ئەلبووم پاکترە و هەمووی بەرهەمی خۆتە، بۆیە ئەگەر بە گەعدە دەستم پێنەکردایە، پارەی زۆری دەویست.

**ڕووداو: مەبەستت لەو ئەلبووم دروستکردنە چی بوو؟**

**ئارام شەیدا:** مەبەستم ئەوە بوو کە تەنیا بە گۆرانیبێژی گەعدە پێناسەمان نەکەن، ئێمەش توانامان هەیە چەند گۆرانییەک بڵێین.

**ڕووداو: دەگوترێ تۆ شێوازی گەعدەکانت گۆڕیوە؟**

**ئارام شەیدا:** بەڵێ لەساڵی 2010ەوە ئەو شێوازەم گۆڕی، چونکە پێشتر شەڕە جنێو و قیژە قیژ بوو بەسەر یەکدا و خەڵک حەزیان لەوە نەبوو گوێیان لە وشەی گەعدەش بێ. لەو ساڵەوە خۆم و چەند موزیسیانێک ئەو شێوازەمان گۆڕی.

**ڕووداو: هەست ناکەیت گۆرانیبێژانی گەعدەکان بە چاوێکی کەم بایەخەوە سەیر دەکرێن؟**

**ئارام شەیدا:** چونکە خەڵک ناتوانن بە پارە هونەرمەندانی دیکە بێنن، بەڵام گۆرانیبێژانی گەعدە دەکەونە دەست هەموو کەسێک، ڕەنگە هەندێک گۆرانیبێژی ئاهەنگی شەوانە پێیان ناخۆش بێت ئەو قسەیە دەکەم، بەڵام ڕاستییەکە و ئیشەکەی ئێمە ئەوەیە.

**ڕووداو: هەفتانە بەشداری لە چەند گەعدەدا دەکەی؟**

**ئارام شەیدا:** لەماوەی ئەو پێنج ساڵەدا بەردەوام ئاهەنگم گێڕاوە و ڕەنگە بەشداریم لە 1200 گەعدەدا کردبێ، سێ ساڵ بە تەنیا گەعدەم کرد، بەڵام ئێستا بە هاوبەشی لەگەڵ هونەرمەندانی دیکە دەیکەین. دەتوانم بڵێم من گۆڕانکاریم لەم جۆرە ئاهەنگانەدا کردووە لە سلێمانی و ڕێزم بۆ گەڕاندەوە، بۆیە داوا لە گۆرانیبێژانی ئاهەنگی شەوانەش دەکەم کە ئەو ڕێزە بپارێزن، چونکە ئێستا هەر گۆرانیبێژێک دادەنیشێ گۆرانی خۆی دەڵێت و کێشە دروست نابێت.

**ڕووداو: قەت لەو ئاهەنگانەدا تووشی کێشە بوویت؟**

**ئارام شەیدا:** نەخێر، چونکە ئەگەر کەسێک نەناسم ئاهەنگی بۆ ناکەم. کاتێکیش دەڕۆم بۆ ئاهەنگەکە پێیان دەڵێم ئەو ئاهەنگە بۆ تەقە و ناخۆشی نییە و دەبێت کاتێکی خۆش بەسەر ببەین.

> بۆ ئەوەی نەبمە فەرمانبەر وازم لە خوێندن هێنا

**ڕووداو: لەگەڵ چ گۆرانیبێژێک زۆرتر ئاسوودەی؟**

**ئارام شەیدا:** لە هەولێر لەگەڵ سەرکەوت قوربانی دەگونجێین و لە سلێمانیش مەحمود محەممەد، سەنگەر کەمال و ساماڵ ساڵح. ئەوانە هاوڕێمن و هاوڕێیەتیمان پێش هونەرەکەمانە.

**ڕووداو: ئێستاش شەر جێنو و دژایەتی نێوان گۆرانیبێژانی گەعدەکان هەیە؟**

**ئارام شەیدا:** بەڵێ زۆر هەیە و خەریکە وەکو ساڵانی پێشووی لێدێتەوە و ئێستا خەریکە تانە لە یەک دەدەن، بە تەحەدداشەوە دەیڵێم من زیاتر لە 1200 گەعدەم کردووە قسەم بە گۆرانیبێژەکانی دیکە نەگوتووە، هیوادارم ئەو ڕێزەی دروستبووە بیپارێزن.

**ڕووداو: گۆرانییەکەت هەیە "لیو لیو" مەبەستت لەو وشەیە چییە؟**

**ئارام شەیدا:** ئەوە لەسەر شێوەی "لیو لیو"ی ئۆتۆمبێلی فریاکەوتنە، واتە فریام بکەوە. بێجگە لەوەش ئێمە هەندێک وشە بەکاردێنین وەکو ڕێژەی نەگۆڕ وایە، بۆ نموونە ماڵە بابەکەم زێنێ.. جوانە خۆی دەلەنگێنێ. ماڵە بابەکەم زارا.. نایبینم جاروبارە، ئەوانە کۆنن و ماونەتەوە، ئەوانەی بەند دەڵێن لەسەر ئەو کۆپلانە بەند دروست دەکەن.

**ڕووداو: کێ بە ڕکابەری خۆت دەزانی؟**

**ئارام شەید:** ئەوەی من بناسێت دەزانێت ئیشی خۆم دەکەم و هەقم بەسەر کەسی دیکەوە نییە، بەڵام دەبێت گۆرانیبێژانی دیکەش هەبن.

**ڕووداو: دژایەتی دەکرێی؟**

**ئارام شەیدا:** بەڵێ. ماوەیەکە هەست دەکەم دژایەتیم دەکرێت، بەڵام گوێی پێنادەم، چونکە نابێت خۆت بۆ زۆر ئاست دابەزێنی.

**ڕووداو: نازناوی شەیدا لە چییەوە هاتووە؟**

**ئارام شەیدا:** هەر لە نووسینی هۆنراوەی عەشق و خۆشەویستییەوە، ئیدی هاوڕێیانم ئەو نازناوەیان پێبەخشیم.

**ڕووداو: ژنت هێناوە؟**

**ئارام شەیدا:** بەڵێ، 10 ساڵە ژنم هێناوە، دوو کوڕ و کچێکیشم هەن.

**ڕووداو: قەت هەبووە ئافرەتان پەیوەندیت پێوە بکەن؟**

**ئارام شەیدا:** بەڵێ، بەڵام کاتێک ئافرەتێک پەیوەندی بە گۆرانیبێژێکەوە دەکات مانای ئەوە نییە کە خۆشی دەوێت، بەڵکو ئەو ئافرەتە حەزی لە دەنگی گۆرانیبێژەکەیە نەک خۆی، بەڵام زۆرجار شتەکان تێکەڵ دەکرێن.

**ڕووداو: چەند سیمکارت و ئەکاونتی فەیسبووکت هەیە؟**

**ئارام شەیدا:** یەک سیمکارتم هەیە و پێنج ئەکاونتیشم هەیە کە پێنج هەزار هاوڕێی تێدایە لەگەڵ چەند پەیجێک.



> من شێوازی گەعدەم گۆڕی

> هەموو شەوێک ئاهەنگم هەیە

> پێنج ئەکاونت و چەند پەیجێکم هەیە

> دەمەوێ ببمە پارێزەر

رووداو
تاراوگە
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

## کوردێک بووە ئەندامی پەرلەمانی دانیمارک



**رووداو – کۆپنهاگن**

لە نێو 7 کاندیدی کوردی دانیشتووی دانیمارک بۆ هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، تەنیا یەکێکیان دەنگی پێویستی بەدەستهێنا. هەڵبژاردنەکە رۆژی 2015/6/18 بەڕێوەچوو. بلۆکی شینی راستڕەو توانی بەسەر بلۆکی سووری سۆسیالیست و چەپدا سەربکەوێت. کوردی ئەم وڵاتە کە ژمارەیان 50 هەزار کەسە و 7 کاندیدیان هەبوو، بەسەر سێ پارت دابەش بووبوون (4 کاندید لە سەر لیستی پارتی گەلی سۆسیالیست، دوو لە پارتی سۆسیال دیموکرات و یەکێکیش لەسەر لیستی پارتی رادیکال) بەڵام تەنیا یەڵدز ئەکدۆغان، کاندیدی پارتی سۆسیالدیموکرات توانی بگاتە پەرلەمان.

## ژمارەیان 400 رێکخراوە

# رێکخراوە کوردییەکانی سوێد روو لە داخستنن

**رووداو- ستۆکهۆڵم**

رێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکان لە سوێد هاوشێوەی رێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان لە قەیراندان، بەڵام قەیرانی زۆربەی ئەوانەی سوێد پەیوەندی بە ناچالاکیی خۆیان و خەریکبوون بە ژیانی تایبەتی خۆیانەوە هەیە. بۆیە ئێستا زۆربەیان لەبەردەم ئەگەری داخستندان.

### بۆ خۆژیاندن فێڵ دەکەن

بەپێی یاسا و رێنماییەکانی فەرمانگەی کاری سوێد، حکومەت پشتگیری ئەو کەسانە دەکات کە بۆ یەکەمجار دادەمەزرێن، ئەویش بە بەخشینی 60% تاوەکو 80%ی مووچەکەیان لەلایەن فەرمانگەی بەکارخستنەوە. ئەم پرۆسەیە رێکخراو و کۆمەڵەکانیش دەگرێتەوە. چالاکڤانێکی کورد دەڵێت "کورد و نەتەوەکانی دیکە بەشێوەیەکی خراپ سوود لەم پرۆسەیە وەردەگرن".

ساماڵ کە چالاکڤانێکی کوردە لە سوێد، بە (رووداو)ی گوت "زۆر لە کۆمەڵەکان، یان وەهمین، یان کەسوکاری خۆیان دادەمەزرێنن و تەنیا بۆ ماوەی 6 تاوەکو 14 مانگ بەپێی سیستمی حکومەت پارەکە وەردەگرن، دواتر بە سیناریۆیەک خۆیان بێکار دەکەن".

سامال کە هاوکات لە دامەزراوەیەکی دەوڵەت کار دەکات، گوتی "من لە داتا ئاگام لێیە ئەم فرۆفێڵە بارگرانیی بۆ حکومەت دروست کردووە، لە نێو داتاکانیش باس لە کۆمەڵە کوردییەکان کراوە".

بەکر محەممەد، چالاکڤانێکی دیکەی کورد کە لە شاری یۆتۆبۆری لە کۆمپانیای تۆیۆتا کاردەکات، فێڵێکی ئەو کوردانە ئاشکرا دەکات و دەڵێت "خێزان هەیە ژنەکە لەسەر سۆسیال و پیاوەکەش لەڕێگەی کۆمەڵەیەکەوە پارە لە حکومەت وەردەگرن و بەم شێوەیە خۆیان دەژێنن". گوتیشی "ئەوەندەی ئاگام لێبێت لەم شارە 10 حاڵەتی لەو شێوەیە هەیە".

بەپێی ئەو سیستەمەی حکومەت، دەبێت بەشە زیادەی ئەو 80%یە کۆمەڵەکە دابینی بکات و باجی حکومەتیشی لێ بدات، بەڵام ئەوان لە رێگەی حیسابێکی بانکیی ساختەوە هەر لە 80%ی پارەکەی حکومەت باجەکە دەدەن، بەمەش پارەیەکی باشیان بۆ دەمێنێتەوە و بڕێکی بەرچاویش بۆ کەسەکە دەمێنێتەوە کە هەندێکجار مانگانە دەگاتە 2000 دۆلار.



سەمینارێکی یەکێک لە رێکخراوە کوردییەکانی سوێد (فۆتۆ: رووداو)

### کێ دەبێتە قوربانی؟

بەپێی سیستمی پاڵپشتیکردنی سوید بۆ رێکخراوەکان، بەشێک لەو رێکخراوانە دەبێت توانای خۆژیاندنیان هەبێت و لە دەرەوەی سوید و لە رێگەی دامەزراوەکانەوە سەرچاوەی دارایی بۆخۆیان پەیدا بکەن.

نەوزاد هەروری، سکرتێری کتێبخانەی کوردی کە یەکێکە لە رێکخراوە کولتوورییە گەورەکانی کورد لە شاری ستۆکهۆڵم، دەڵێت کتێبخانەکەیان هەڕەشەی داخستنی لەسەرە.

هەروری گوتی "حکومەتی هەرێمی کوردستان و سەرمایەدارە کوردەکان پشتگیریان بۆ کتێبخانەکە کەم کردووەتەوە".

هەروری لە لێدوانێکدا بە رادیۆی سوێدی راگەیاند "ساڵ بەساڵ پشتگیریکردنی ماڵیی بۆ کتبێخانەکەمان کەم دەبێتەوە، بەمەش کتێبخانەکەمان ترسی داخستنی لەسەرە".

دوای ئەم هەواڵە، گرووپێک بەناوی "فریای کتێبخانەی کوردی لە ستۆکهۆڵم بکەون" کەمپینێکیان لە فەیسبووک وەگەڕخست بۆ بەهاناوەچوونی کتێبخانەکە.

کتێبخانەی کوردی بە گەورەترین دامەزراوەی فەرهەنگیی کوردی دادەنرێت لە سوێد. ئەم کتێبخانەیە لەساڵی 1997 لەلایەن گەورە نووسەری کوردی تاراوگەنشین نەدیم داغدڤرن دامەزراوە.

بەپێی زانیاریی (رووداو) کە لە سەرچاوە سوێدییەکانەوە دەستکەوتوون، نزیکەی 400 رێکخراوی کوردی لە سوێد هەن، لە ماوەی 10 ساڵی رابردووشدا 150 رێکخراوی کوردی داخراون، دیارترینیان کۆمەڵەی لاوانی کورد و سەنتەری ژنانی کورد و رێکخراوی کولتووریی کوردستان بوون.

بەشێک لەو رێکخراو و کۆمەڵانە لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە پێشتر پشتگیری کراون و دوای نەمانی ئەو هاوکارییە، ئێستا سویدیش هاوکارییان ناکات.

یۆهان جولاینسۆن لە رێکخراوی ABF دەڵێت "ئێمە هاریکاریی مادی و لۆجستی و خزمەتگوزاری پێشکەش دەکەین و مەرجی سەرەکیش خودکاری و کاری خۆبەخشی و بوونی سەرچاوەی دیکەی ماڵییە" بەڵام جولاینسۆن گوتی "هەستمان بەوە کردووە بەشی زۆری رێکخراوەکان پشتیان تەنیا بە ئێمە و حکومەتی سوید بەستووە. تەواوی نەتەوە تاراوگەنشینەکان ئەم کێشەیەیان هەیە، لەوانەش کورد".

دامەزراوەی ABF یەکێکە لە رێکخراوە گەورەکانی سوید و سەر بە پارتی سۆسیال دیموکراتە، پشتگیری ئەو رێکخراو و کۆمەڵە ناوخۆییانەی وڵاتەکەی دەکات کە لە هەوڵی خۆدروستکردندان. زۆرترین رێکخراوی کوردی لەدوای کۆمۆنەکان، سوودمەندی ABF بوون، بەڵام ئەویش دەرگای پارەی بە رووی کوردانی سوید داخستووە.

بەپێی زانیارییەکانی (رووداو)، وەزارەتی دارایی هەرێمی کوردستان مانگانە بڕی 250 ملیۆن دیناری بۆ رێکخراو و کۆمەڵە کوردییەکانی تاراوگە خەرجکردووە، زۆربەی پارەکەش بۆ رێکخراوەکانی سوێد بووە و پارەی باج و مافی ئەو دەوڵەتەشی لێنەدراوە کە بەپێی یاسای سوید ئەمە لادانێکی زۆر گەورەیە و سزای قورسی هەیە. کەمبوونەوە و بڕینی ئەو هاوکارییانەش یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەمان و دارمانی رێکخراوە کولتوورییەکانی کوردە لە سوید.

### بارەگاکان دەکەنە مەیخانە

زۆر لە پارتە سیاسییەکانی کوردستان لەڕێگەی ئەم کۆمەڵە و رێکخراوانەوە کاری خۆیان دەکەن، لەوانەش سەنتەری کولتووریی کوردی لە ستۆکهۆڵم کە سەر بە یەکێتییە. هەروەها کۆمەڵەی گوڵان و فیدراسیۆنی رێکخراوەکانیش کە سەر بە پارتین و سەنتەری نیناش سەر بە حیزبی کۆمۆنیستە.

یەکێکی دیکە لەو دیاردانەی لە کاری کۆمەڵە کوردییەکاندا سەریهەڵداوە، بوون بە مەیخانەی ئۆفیسی رێکخراوەکانە. تیمی (رووداو) کە سەردانی یەکێک لەو کۆمەڵانەی لە باکووری ستۆکهۆڵم کرد، عەرەقی عێراقی و مەزەی بەغدادی و دۆڵمەی کوردییان بینی.

ساڵح کوردە کە کوردێکی سوێدە و لە ئۆفیسی رێکخراوێکی کوردی لە ستۆکهۆڵم قسەی بۆ (رووداو) کرد، گوتی "ئەمە بە یاسا قەدەغەیە، بەڵام وەک چالاکییەکی فەرهەنگی بە زۆر جێگەی کراوەتەوە، ئەم حاڵەتە بووەتە نەریتی بەشێک لە کۆمەڵە کوردییەکان و ئۆفیسەکەیان کردووەتە شوێنی مەیخواردنەوە و بە پارەیەکی کەمتر لە بارەکانی ناوشار، مەی پێشکەش دەکەن".

بەپێی زانیارییەکان، نرخی یەک چارەک عەرەق لەگەڵ مەزەیەک تەنیا 150 کرۆنی سویدیە، لە کاتێکدا کرینی تەنیا یەک چارەک ویسکی لە بارێکی ئاسایی زیاتر لە 400 کرۆن تێپەڕ دەکات.

لە بەدواداچوونی (رووداو)دا دەرکەوت زیاتر لە دوو رێکخراوی دیکە لە ستۆکهۆڵم و یەکێک لە یۆتۆبۆری و چوار رێکخراوی کوردی و عەرەبی لە شاری مالمۆ هەن.

شارا نەبی کە کادرێکی کوردی فەیلییە و لە بواری هاوکاریی رێکخراوەکاندا لە کۆمۆنی ئۆپسالا کار دەکات، لەبارەی ئەو دیاردەیەوە گوتی "روویەکی فێڵی یاسایی هەیە، چونکە لە دوای چالاکییە فەرهەنگی و رێکخراوەییەکان، لەم ناوەندانە ئاهەنگ و خواردنەوەی کحول ئاساییە". بەڵام ئەگەر بەدواداچوونی دیکەی بۆ بکرێت، سزای زۆر قورسی هەیە". گوتیشی "لەدوای کورد، عەرەب و سۆماڵییەکان کێشەی زۆر زۆری لەم شێوەیەیان هەیە".

### 25 رێکخراوی ژنان داخراون

لەماوەی چوار ساڵی رابردوودا زیاتر لە 25 رێکخراوی ژنان کە لەلایەن ژنە چالاکڤانانی کوردەوە لە سوێد دامەزرابوون، داخران. بەیان کە خاوەنی یەکێک لەو رێکخراوانە بووە، پێیوایە ئەم داخستنە شکستی رێکخراوەکان نییە، چونکە هەندێک رێکخراو بۆ مەبەستێک دادەمەزرێن و بە تەواوبوونی ئەرکەکەیان ئاساییە دابخرێن.

بەبڕوای بەیان ناچالاکیی بەشێک لە رێکخراوەکان پەیوەندی بە دابەشبوونی ژنانی کوردەوە بەهۆی ئایدیۆلۆژیا. بەیان گوتیشی "ئەو رێکخراوانەی لەماوەکانی رابردوودا داخراون بەشێکیان بەهۆی تەواوبوونی کارەکانیانە، هەندێکیشیان کە لەلایەن پارتە کوردییەکانی باشوور پشتگیری کراون، بەهۆی قەیرانی دارایی کوردستان، ئەوانیش تووشی قەیران بوون و بارەگاکیان داخست".

# کورد و ئەڵمانەکان بۆ سەربەخۆیی کوردستان خۆپێشاندان دەکەن

**پۆڵا گەرمیانی**
**رووداو- بەرلین**

سەدان کەس لە بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا لە خۆپێشاندانێکدا داوای سەربەخۆییان بۆ هەرێمی کوردستان کرد. خۆپێشاندەران ئاڵای کوردستانیان دەشەکاندەوە و بە هەردوو زمانی کوردی و ئەڵمانی هوتافیان دەکێشا.

هەفتەی رابردوو کورد و ئەڵمان و خەڵکی نەتەوەکانی دیکە لەبەردەم باڵەخانەی کاروباری دەرەوەی حکومەتی فیدراڵیی ئەڵمانیا کۆبوونەوە و داوایان لە حکومەتی ئەڵمانیا کرد پشتگیریی دەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکات.

"بۆ پێشکەوتن و ئاشتی پێویستمان بە دەوڵەتێکی کوردی هەیە لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست" خۆپێشاندەران دروشمی "بژی کوردستانیان" دەگوتەوە.

یەکێک لە خۆپێشاندەران، ئاریا ئالان بوو کە خەڵکی هەرێمی کوردستانە. ئەو دەڵێت ئێستا ئیدی کاتی ئەوەیە کورد دەوڵەتی خۆی هەبێت "کاتی ئەوە هاتووە کە سەربەخۆیی و دەوڵەتی خۆمان وەربگرینەوە" ئاریا هەروەها گوتی "ناکرێت هەتاهەتایە لەلایەن عەرەب و تورک و فارسەوە حوکم بکرێین. ئێمە یاسای خۆمان دەوێت، زمانی خۆمان دەوێت و دەمانەوێت سیاسەتمەدارەکانی خۆمان حوکمی خاکی خۆمان بکەن."

خۆپیشاندانەکە لەلایەن رێکخراوی کۆما جوان رێکخرابوو، لەلایەن چەندین رێکخراوی دیکەی کوردیشەوە پشتگیریی لێکرا، لەوانەش رێکخراوی کۆمەڵەی کوردی لە ئەڵمانیا، لاوانی کورد لە ئەڵمانیا، نیشتیمان، کۆمەڵەی ژنانی کورد لە ئەڵمانیا (کۆم ژین) هەروەها فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردییەکانی ئەڵمانیا (کۆمکار).

کاربەدەستانی رێکخراوی کۆما جوان رایانگەیاند کە چل ملیۆن کوردی جیهان مافی خۆیانە بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و دەوڵەتی خۆیان هەبێت.

لە نێو خۆپیشاندەراندا کەسانی سەر بەنەتەوەکانی دیکەش هەبوون. یەکێک لە خۆپیشاندەران رایان بروکس بوو کە خەڵکی ئەمریکایە، بروکس پێیوایە دۆزی کورد دۆزێکە شایەنی ئەوەیە پشتگیری لێ بکرێت.

"لێرەم تاوەکو پشتگیری دۆزی کورد بکەم. لە کاتی جەنگی عێراقدا، ئارامترین شوێن کوردستان بوو. خەڵکی ئەوێ زۆر بەخشندەن و دۆستی راستەقینەی ئەمریکان. من بە جددی پشتگیریی کوردستانی سەربەخۆ دەکەم".

پاش ماوەیەک خۆپێشاندەران بەدەم گوتنەوەی سروودی ئەی رەقیبەوە بەرەو دەرگای براندنبێرگ وەڕێکەوتن.

پۆلیس شانبەشانی خۆپێشاندەران رێی دەکرد. هاوکاریی ئەو کەسانەیان دەکرد کە پرسیاریان دەربارەی خۆپیشاندانەکە هەبوو، هەروەها لەوێ بوون تاوەکو دڵنیابن لەوەی خۆپیشاندانەکە هێمنانە و ئارام بەڕێوەبچێت.

جولیا میولەر، خوێندکاری زانستە سیاسییەکان کە لە خۆپێشاندانەکەدا لەگەڵ هاوڕێیەکی کوردی ئامادەبوو، گوتی ئەو پڕ بەدڵ هیوادارە کورد دەوڵەتی خۆی دابمەزرێنێ "بەداخەوە، تاوەکو ئێستا هەلی ئەوەم بۆ نەڕەخساوە بەشداری خۆپیشاندانێکی لەم شێوەیە بکەم. پێشتر ئامادەی هەر خۆپیشاندانێک بووبم زیاتر خۆپیشاندانی پارت و لایەنێکی دیاریکراو و سەر بە ئایدیۆلۆژیایەکی دیاریکراو بووە، نەک وەکو ئەمە بۆ سەربەخۆیی کوردستان. خۆشبەختم کە توانیم لەم رۆژە جوانەدا لێرە بم. بە جددی هیوادارم کورد سەربەخۆیی خۆی بەم نزیکانە وەربگرێت".

هاوڕێکەی جولی، رۆژین کە بە رەچەڵەک خەڵکی شاری عفرینی رۆژئاڤای کوردستانە، رایگەیاند "زۆر خۆشحاڵم کە دەبینم زۆر ئاڵای کوردستان لێرەیە. هیوادارم هەمان ئاڵا لە رۆژئاوای کوردستان بشەکێتەوە، هەروەها لە عفرینیش. دڵنیام رۆژێک ئەم ئاڵا جوانەی ئێمە لە سەرانسەری کوردستاندا دەشەکێتەوە".

هونەرمەندی ناسراوی کورد سام موساش ئامادەی خۆپیشاندانەکە بوو. موسا لەسەر لاپەڕەی فەیسبووکەکەی دواتر نووسیبووی "شەرەفێکی گەورە بوو بۆ من ئامادەی بۆنەیەکی لەم چەشنە بم".

ئەڵمانیا بەچەک و راهێنان و لایەنی لۆجیستیکی هاوکاریی هەرێمی کوردستان دەکات لە شەڕی دژە داعشدا. هەروەها لە ئەڵمانیا نزیکەی 800 هەزار کوردی حەواندووەتەوە، ئەوەش گەورەترین رەوەندی کوردە لە دەرەوەی وڵات.




دوای رۆڵی بەرچاوی کورد لە بەرەکانی شەڕدا لە دژی داعش، پشتگیری نێودەوڵەتی بۆ سەربەخۆیی کوردستان لە زیادبووندایە.

هاودامەزرێنەرانی رێکخراوی کۆما جوان رۆژان بەشیر و لاسەر ئیتتۆگەر کە دوو چالاکڤانی کوردی خۆبەخشن، رۆژی 2015/6/6 خەڵاتی رێزلێنانیان لەلایەن جۆوخیم گاوک، سەرۆکی ئەڵمانیا پێدرا. ئەوان کە لە رێوڕەسمەکەدا قسەیان لەگەڵ سەرۆکی ئەڵمانیا کردبوو، داوایان لێکردبوو پشتگیری سەربەخۆیی کوردستان بکات.

هەوار جەلالەدین، بێژەرە باڵاپۆشەکەی رووداو:

# بە قەناعەتەوە بوومەتە باڵاپۆش و هەرگیز لەچکەکەم لانادەم



## ئەوەی پێیگەیشتووم بە پاڵپشتیی هاوژینەکەم بووە

**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

یەکێکە لە بێژەرە دیارەکانی تۆڕی میدیایی رووداو. لە مانگی رەمەزاندا لە پاڵ پێشکەشکردنی هەواڵەکاندا، پرۆگرامێکی تایبەت بە رەمەزان لە پارشێواندا پێشکەش دەکات. هەوار جەلالەدین لەساڵی 1988 لە شاری دهۆک لەدایک بووە. لە تەمەنی 13 ساڵییەوە لە بواری راگەیاندن کاردەکات و بێژەر و پرۆدیوسەری بەرنامە بووە. دەرچووی بەشی دەروونناسیی کۆلێژی پەروەردەی زانکۆی دهۆکە. ئێستا لەگەڵ هاوژینەکەی لە تۆڕی میدیایی رووداو کاردەکات. لەم هەڤپەیڤینەدا لەگەڵ (رووداو) باسی ژیانی تایبەتی و کۆمەڵایەتی خۆی دەکات.

> هاوژینەکەم بەهۆی کاری راگەیاندنەوە ناسی

**رووداو: لەگەڵ هاوژینەکەت لە رووداو کار دەکەی، ئەو تا چەند هاوکاریت دەکات؟**

**هەوار:** زۆر پشتگیری و هاوکاریم دەکات، دەمەوێت لێرەوە شتێک بڵێم: ئەوەی ئێستا پێیگەیشتووم بەیارمەتی و هاوکاریی ئەو بووە.

**رووداو: هاوژینەکەت چۆن ناسی و کەی بوونە هاوژین؟**

**هەوار:** هاوژینەکەم ناوی هۆشیارە، لە رێگەی کاری راگەیاندنەوە لە شاری دهۆک یەکدیمان ناسی. بەر لەوەی ببینە هاوژینی یەکدی، هاورێ بووین. لە ساڵی 2013 بووینە هاوژین و ئێستا کچێکمان هەیە بەناوی شانیک. مانگی داهاتوو تەمەنی دەبێتە دوو ساڵ.

**رووداو: تۆ تاکە بێژەری تۆڕی میدیایی رووداویت کە بە حیجابەوە لە شاشە دەردەکەوێت، ئەمەیە تۆی لە بێژەرەکانی دیکە جیاکردووەتەوە؟**

**هەوار:** من یەکەم بێژەری باڵاپۆشم لە رووداو، ئەمەش تایبەتمەندی بە من دەبەخشێت. جگە لەوەش بۆ هەر بێژەرێک رووخسار و دەنگ و باکگراوندی رۆشنبیری زۆر گرنگە.

**رووداو: یەکێک لە هەوادارانت لە فەیسبووک، پرسیاری کردووە و دەڵێت بەنیاز نیت لەچکەکەت لاببەیت؟**

**هەوار:** من بە قەناعەتەوە لەچکم کردووە، بۆیە هەرگیز بەنیاز نیم لایبەدەم.

**رووداو: پارشێوانی مانگی رەمەزان پرۆگرامێکی تایبەتت هەیە لە تەلەفزیۆن، ئەو بەرنامەیە تایبەتە بە باس و خواسی ئاینی؟**

**هەوار:** بەڵێ، پرۆگرامێک لە پارشێوان پێشکەش دەکەم کە لە چەندین برگە و بابەت پێکهاتووە، جگە لە گفتوگۆ لەگەڵ پەیامنێرانی رووداو لە تەواوی کوردستان، گرنگی بە بابەتی ئاینی و کۆمەڵایەتی و تەندروستی دەدرێت و کەسانی شارەزا و پسپۆڕ میوان دەبن.

**رووداو: وێنەکانت هەمیشە لایکی زۆریان بۆ دێت، زۆرینەی کۆمێنتەکانیش پشتگیری و دەستخۆشین بۆ تۆ، خەونی گەورەی تۆ چییە؟**

**هەوار:** خەونی زۆرم هەیە لە ژیان، بەڵام گەورەترین خەونم ئەوەیە بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرا بەدەستبهێنم.

**رووداو: لە کاروباریماڵەوە کابانی؟ لە دروستکردنی چ خواردنێک شارەزایی تەواوت هەیە؟**

**هەوار:** من هەموو شتێک نازانم وەک خواردن دروستی بکەم، بەڵام ئەگەر کاتم هەبێت، دەتوانم خواردنی خۆش دروست بکەم.

**رووداو: وەرزش دەکەی؟ هاندەری کامە یاریزان و یانە و هەڵبژاردەی؟**

**هەوار:** وەرزش دەکەم، سەیری یاری تۆپی پێش دەکەم، بەتایبەتی ئەگەر کلاسیکۆ بێت، بەڵام زۆرجار بەهۆی کارکردنەوە سەیرکردنی یارییەکانم لە دەست دەچێت.

**رووداو: بە کام بێژەری رووداو زۆر سەرسامیت؟**

**هەوار:** رووداو بێژەری زۆر بەتوانای هەیە، بەر لەوەی بێمە رووداو و ئێستاش زۆر سەرسامی ئەدا و چۆنیەتی هەواڵ خوێندنەوەی سیما بووم، دلبخوین و شاهۆ و شیفاش سەرکەوتووترین بێژەرن لە رووداو.

> دەتوانم خواردنی خۆش دروست بکەم

> بۆ بێژەر رووخسار و دەنگ زۆر گرنگە

**رووداو: خەونی تۆ لە بواری راگەیاندن چییە؟**

**هەوار:** خەونم تەنیا ئەوەیە خزمەت بە مرۆڤایەتی بکەم.

> زۆر سەرسامم بە هەواڵ خوێندنەوەی سیما



هەرێز جەمال

## رووداو لەئەمریکای لاتین

دەمێک بوو سەرقاڵی دۆزینەوەی رێگەیەک بووم کە ببمە یەکەم رۆژنامەنووس لە باشووری کوردستان و عێراق، رووماڵی رووداوەکانی پاڵەوانێتیەکی وەکو (کوپا ئەمێریکا) بکەم کە ئێستا لە چیلی بەڕێوەدەچێت. ئەو هەنگاوەشم لە مانگی شوباتەوە دەستپێکرد. هەفتەی پێشوو لە دوورترین کیشوەر خۆم بینییەوە. پێشتر رووماڵی چەند پاڵەوانێتیەکی وەکو ئاسیا و رۆژئاوای ئاسیا و عەرەبی و دەیان پاڵەوانێتی نێودەوڵەتیم کردووە، بەڵام کۆپا ئەمێریکا تەواو جیاوازە. بەوپێیەی لە وڵاتێک بەڕێوەدەچێت کە بە فڕۆکە 30 کاژێر لە کوردستانەوە دوورە.

ئەوەی لەشاشەوە دەبینرێت و ئەوەی لە واقیعدا دەگوزەرێت ئاسمان و رێسمانە. هەر کە دەچیتە نێو فڕۆکەخانەی سانتیاگۆی پایەتەخت، بیلبۆردەکانیان بە پۆستەری کۆپا ئەمێریکا و ئەستێرەکانی هەڵبژاردەی چیلی وەک ڤیدال، سانشێز، گارای، مێدیل و راهێنەرەکەیان نەخشاون، هاندەری وڵاتانی کیشوەرەکە وەک رەوە باڵندە روو لە چیلی دەکەن بۆ هاندانی هەڵبژاردەکانیان.

چیلی ئەو وڵاتەیە کە تەنانەت ئەورووپییەکانیش بە کەمی دەتوانن بۆی بچن. بەڵام لە لیژنەی میدیای پاڵەوانێتییەکە بۆ یەکەمجار میدیایەکی کوردی رێگەی پێدراوە بە ئاسانی بچێتە یاریگاکان. لە زۆربەی پرێس کۆنفرانسەکاندا (رووداو) ناوی هەیە. لە پرێس کۆنفرانسی یاری نێوان چیلی و مەکسیک ئامادەبووم. دوای تەواوبوونی پرێس کۆنفرانسەکە خاتوونێکم ناسی کە سکرتێری راهێنەری چیلی بوو، تووشی شۆک بوو کە زانی من لە کوردستانی عێراقەوە هاتووم. بۆ زۆربەی ئەو رۆژنامەڤانانەی رۆژانە لە سەنتەری میدیای پاڵەوانێتییەکەوە دیقەتی باجەکەی ملمیان دەدا، کوردستان و تەنانەت عێراقیش ناوێکی نامۆ بوو، چونکە لەوێ خۆشگوزەرانی لەسەرووی زانینی هەواڵێکی شەڕە لەبارەی عێراق.

لەگەڵ خۆرخی سامپاوڵی راهێنەری چیلی و گارای یاریزانی هەڵبژاردەکە بۆ چەند خولەکێک وەستام، ئەوان لە کەشی کۆپا ئەمێریکا هاتنە دەرەوە، پرسیاریان دەربارەی رەوشی عێراق و کارەکەم کرد، لەم کاتەدا هەستێکی تەواو جیاوازم بۆ دروست بوو. دواتر دۆنگای راهێنەری بەرازیلم لە نزیکەوە بینی.

لێرە لە (چیلی) رۆژنامەڤان دەتوانێت بە پرسیارەکانی راهێنەر و یاریزانەکان ئیحراج بکات و بەبێ ئەوەی کەس بڵێت بۆ وا دەڵێیت. بەڵام یاریزان و راهێنەرانیش هێندەی سەرۆک کۆمارێک پارێزراون. نەک بۆ هاندەر و کارگێڕییەکان، بەڵکو بۆ رۆژنامەڤانانیش نزیکبوونەوە لێیان هێڵی سوورە. لێرە دەبێت هەر کەسێک کاری خۆی بکات.

## 107.7FM خشتەی پرۆگرامەکانی رووداو میوزیک بەکاتی هەولێر

**ئاوەژوو:** باسی دیوی شارەوای ژیانی هونەرمەندان دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** چۆمان مەحموود

**دەنگی نوێ:** هەر جارە و میوانداری گۆرانیبێژ و ئاوازدانەرێکی گەنج دەکات.
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، کاژێر 21:00
**پێشکەشکار:** دەرباز یونس

**چیرۆکی ئاوازێک:** پرۆگرامێکی دۆکیۆمێنتەرییە و چیرۆکی بەرهەمهێنانی گۆرانییە نەمرە کوردییەکان دەگێڕێتەوە.
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە کاژێر 21:00
**ئامادەکار:** هەرێم محەممەد

Rudawmusic



دوو برا لە گوندی گیرەی قەزای پشدەر لەبەر خۆشەویستیان بۆ رووداو، بە قەیسیی باخەکەیان لۆگۆی (رووداو) دەنەخشێنن.

## خشتەی بەشێک لە پرۆگرامەکانی تەلەڤزیۆنی رووداو

**لە واشنتنەوە:** بەرپرسان و شرۆڤەکارانی رۆژئاوایی دێنێتە قسە لەسەر دوایین گۆڕانکارییەکانی کوردستان و عێراق.
**کاتی پێشکەشکردن:** یەکشەممە، 22:05
**پێشکەشکار:** نامۆ عەبدوڵڵا

**دۆکیۆمێنتاری:** سیاسەت لە سێبەری باخەکانی کاکە حەمەدا
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە، 23:05
**ئامادەکار:** نەوزاد مەحموود

**پەنجەمۆر:** عومەر شێخمووس، یەکێک لە دامەزرێنەرانی یەکێتی میوانی پەنجەمۆرە.
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە، کاژێر 22:05
**پێشکەشکار:** کاوە ئەمین

**چوارقوڵی:** د.فوئاد حوسێن و چوار رۆژنامەنووسەکە باسی سەربەخۆیی کوردستان دەکەن
**کاتی پێشکەشکردن:** چوارشەممە، کاژێر 22:05
**پێشکەشکار:** رێبوار کەریم وەلی


**رەمەزانی ئادەم:** باسی کەشی رەمەزان لە وڵاتانی جیهان دەکات
**کاتی پێشکەشکردن:** پێنجشەممە، 23:05
**پێشکەشکار:** ئادەم بێدار

## کوپا ئەمێریکا لە یاریگای رووداو

COPA AMÉRICA Chile 2015

رێبوار محەممەد لە پرۆگرامی (یاریگای رووداو) لە رادیۆی رووداو لەگەڵ هەوادارانی دەبێت و ئەم پرۆگرامە، لەگەڵ هاوکارانی (ئیحسان تاهیر و سەفین تەها) پێشکەشدەکات و شرۆڤەی رووداوەکانی کۆپا ئەمێریکا دەکەن.
**کاتی پێشکەشکردن:** سێشەممە 16ی حوزەیران، کاژێر 16:00 بەکاتی هەولێر


altunsa
altunsa
DOMATES SALÇASI
DUBLE KONSANTRE
Net Ağırlık: 830g
altunsa
DOMATES SALÇASI


برنجی مەحمود
MAHMOOD RICE
1121
100%
خۆش تام و بەسود


RÛDAW
ڕووداوی تۆ هەواڵی ئێمەیە
بۆ بەشداری کردنت لە هەواڵەکانی ڕووداو ژمارە (1) بنێرە بۆ:
هەواڵی بە پەلە:
هەواڵی ئابووری و بۆرسە:
هەواڵی وەرزشی:
2888
ئاسیاسێل
2606
ئاسیاسێل
3606
2017
کۆرەک
2018
SMS

ڕووداو ژنان
ژماره (364) دووشه‌ممه 2015/6/22

## کچێک له زێی بچووکدا ده‌خنکێت



**عومه‌رچاوشین/ ڕووداو- قه‌ڵادزێ**

موقه‌ده‌می پۆلیس حه‌سه‌ن ره‌شید، به‌ڕێوه‌به‌ری به‌ڕێوه‌به‌رایه‌تی به‌ره‌نگاربوونه‌وه‌ی توندوتیژی دژی ئافره‌تان له ڕاپه‌ڕین ڕایگه‌یاند دوانیوه‌ڕۆی ڕۆژی 2015/6/19 له نزیک گوندی خاس له‌سه‌ر زێی بچووک خیزانێک که سه‌رقاڵی کاری کشتووکاڵ بوون، له کاتی پشوودانیان مه‌له‌یان کردووه و یه‌کێک له ئه‌ندامانی خێزانه‌که خنکاوه. ناوبراو گوتی "پیاوێکی کچێکی ئه‌و خێزانه به‌هۆی تیژڕه‌وی ئاوه‌که و خراپی شوێنه‌که بۆ مه‌له‌کردن له ئاوه‌که‌دا گیر ده‌خۆن، پیاوه‌که له‌لایه‌ن که‌سوکارییه‌وه ڕزگار ده‌کرێت، به‌ڵام کچه‌که که ناوی سه‌یران عه‌بدوڵڵایه و ته‌مه‌نی 18 ساڵه، نه‌توانراوه ڕزگار بکرێت و خنکاوه".

### به‌هۆی ده‌رنه‌چوونی له وانه‌یه‌ک

# کچێکی 13 ساڵان خۆی ده‌خنکێنێ



**پشتیوان جه‌مال**
**ڕووداو- که‌رکووک**

دڵخۆش به‌رگه‌ی ده‌رنه‌چوونی له ته‌نیا وانه‌یه‌کدا نه‌گرت و چه‌ند ڕۆژێک دوای وه‌رگرتنه‌وه‌ی نمره‌کانی، به دوو له‌چک و هه‌ر له نێو ماڵی خۆیاندا خۆی خنکاند.

ئێواره‌ی ڕۆژی 2015/6/15 ڕۆژه پڕ له نه‌هامه‌تییه‌که‌ی ماڵی دلێر خالید بوو، له‌به‌رئه‌وه‌ی کچه‌که‌ی ته‌نیا له‌به‌ر ده‌رنه‌چوونی له یه‌ک مادده‌دا له قوتابخانه، له‌ماڵی خۆیاندا فرسه‌تی هێناوه و خۆی خنکاندووه.

دڵخۆش دلێر، ته‌مه‌نی ته‌نیا 13 به‌هار بوو. که‌سوکاره‌که‌ی ده‌ڵێن خۆزگه و ئاواتی زۆری هه‌بوون له ژیان، به‌ڵام هه‌ر له‌و ته‌مه‌نه‌دا به‌ده‌ستی خۆی خۆزگه و ئاواته‌کانی له‌گه‌ڵ خۆی برده ژێر گڵ و به‌هۆی ده‌رنه‌چوونی له‌خولی یه‌که‌می تاقیکردنه‌وه‌کاندا، خۆی خنکاند.

ماڵی دڵخۆش له یه‌کێک له گه‌ڕه‌که‌کانی شاری که‌رکووکه. که‌سوکاره‌که‌ی سه‌رقاڵی پرسه گێڕان بوون بۆی. دلێر خالید باوکی دڵخۆش به (ڕووداو)ی گوت که کچه‌ی هێنده زیره‌ک بووه هه‌موو ساڵێک پله‌ی یه‌که‌می به‌ده‌ستهێناوه، به‌ڵام له‌به‌رئه‌وه‌ی ئه‌مساڵ ته‌نیا له وانه‌یه‌ک ده‌رنه‌چوو بوو، خۆی خنکاند.

دلێر گوتی "چه‌ند ڕۆژێک پێش ئه‌و ڕووداوه نمره‌کانی وه‌رگرتـه‌وه، زۆر دڵگران بوو به‌وه‌ی له وانه‌یه‌ک که‌وتـووه، هه‌رچه‌نده دڵنه‌واییمان ده‌دایه‌وه، به‌ڵام دیاره بێسوود بوو".

باوکی دڵخۆش باسی چۆنیه‌تی ڕووداوه‌که‌ی کرد و گوتی "تا پێش خۆخنکاندنه‌که‌ی له‌گه‌ڵ دایکی خه‌ریکی ئیش بوون له ماڵه‌وه. دایکی بۆ کارێک چووه‌ته ده‌ره‌وه که گه‌ڕاوه‌ته‌وه ده‌بینێ دوو له‌چکی له یه‌کدی گرێداوه و له‌نێو ساڵۆنی ماڵه‌وه خۆی پێ خنکاندووه".

دڵخۆش خوێندکاری ناوه‌ندیی خانزادی کچان بوو له شاری که‌رکووک. مامۆستایه‌کی ئه‌و قوتابخانه‌یه به (ڕووداو)ی گوت "دڵخۆش به‌قسه‌ی هاوڕێکانی کچێکی زۆر زیره‌ک و ڕێکوپێک بووه"، ئه‌و مامۆستایه گوتیشی "ئه‌گه‌ر ته‌نیا له وانه‌یه‌کدا ده‌رنه‌چووبێت ئه‌وا ده‌یتوانی له خولی دووه‌مدا تاقیکردنه‌وه بکاته‌وه، به‌ڵام دیاره ساڵانی پێشوو یه‌که‌م بووه و ئه‌مساڵیش زۆر بیری له‌و مادده‌یه کردووه‌ته‌وه که تێیدا ده‌رنه‌چووه و به‌لایه‌وه ناخۆش بووه، بۆیه ئه‌م کاره‌ساته‌ی به‌سه‌رخۆی هێناوه".

خۆخنکاندنی دڵخۆش بووه‌ته مایه‌ی سه‌رسوڕمانی دراوسێکانیشیان که قه‌ت له‌و باوه‌ڕه‌دا نه‌بوون، به‌هۆی که‌وتنی له ته‌نیا وانه‌یه‌کدا خۆی بخنکێنێ.

دراوسێیه‌کی ماڵی دڵخۆش که زۆر نیگه‌رانه به‌م ڕووداوه، گوتی "هه‌م کچه‌که و هه‌م خێزانه‌که‌شی زۆر ڕێکوپێک و بێ کێشه‌ن، زۆرمان به‌لاوه سه‌یر بوو که دڵخۆش به‌هۆی ده‌رنه‌چوونییه‌وه خۆی خنکاند، چونکه ساڵانه چه‌ندین قوتابی له خولی یه‌که‌م ده‌رناچن و له خولی دووه‌م تاقیکردنه‌وه ده‌که‌نه‌وه. هیچ کاتێک پێشبینی کارێکی له‌و شێوه‌یه‌مان لێنه‌ده‌کرد".

ڕووداوی خۆخنکاندنی دڵخۆش له‌لایه‌ن بنکه‌ی پۆلیسی ڕه‌حیماواوه لێکۆڵینه‌وه‌ی تێدا ده‌کرێت. ئه‌وانیش ده‌ڵێن به‌هۆی ده‌رنه‌چوونییه‌وه خۆی خنکاندووه و هیچ هۆکارێکی دیکه‌ی له‌پشته‌وه نییه.

عه‌قید جه‌نگی حه‌یده‌ر، جێگری به‌ڕێوه‌به‌ری بنکه‌ی پۆلیسی ڕه‌حیماوا به (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند "به‌پێی لێکۆڵینه‌وه‌کانمان ئه‌و کچه خۆی خنکاندووه، به‌ڵام بۆ ڕوونکردنه‌وه‌ی زیاتری ڕووداوه‌که، چاوه‌ڕێی ڕاپۆرتی پزیشکی دادوه‌ریی ده‌که‌ین".

به‌هۆی ئه‌وه‌ی ڕووداوه‌که خۆخنکاندن بووه، هیچ سکاڵایه‌ک له‌لای پۆلیس تۆمار نه‌کراوه و که‌سیش ده‌ستگیرنه‌کراوه. به‌رپرسه‌که‌ی بنکه‌ی پۆلیسی ڕه‌حیماوا ده‌ڵێت "ئه‌مه‌ی دڵخۆش ته‌نیا حاڵه‌ت نییه و ساڵانه چه‌ند قوتابییه‌ک به‌هۆی ده‌رنه‌چوونیان له تاقیکردنه‌وه به ڕێگه‌ی جۆراوجۆر کۆتایی به‌ژیانی خۆیان دێنن".

# 80 ژن ده‌یانه‌وێ ببنه پێشمه‌رگه



**پشتیوان جه‌مال**
**ڕووداو- سلێمانی**

فه‌رمانده‌ی فه‌وجه تاقانه‌که‌ی ژنان ده‌ڵێت 80 ژن فۆرمی داواکارییان پێشکه‌ش کردووه بۆئه‌وه‌ی بچنه ریزه‌کانیانه‌وه، به‌ڵام به بیانووی ڕاگرتنی دامه‌زراندن داواکارییه‌کانیان له نێو دۆڵابه‌کان که‌وتووه. ئه‌مه‌ش له کاتێکدایه وه‌زاره‌تی پێشمه‌رگه بڕیاری داوه دوو لیوای خۆبه‌خش بۆ پیاوان بکاته‌وه.

فه‌وجی پێشمه‌رگه‌ی ژنان که سه‌ر به یه‌کێتی نیشتیمانی کوردستانه، له مانگی نۆڤێمبه‌ری 1996 دامه‌زراوه. ئه‌م فه‌وجه له‌و کاته‌وه‌ی دروستبوون ژماره‌یان زیاد و که‌می کردووه. له ساڵی 2003دا له‌گه‌ڵ دروستبوونی پاسه‌وانی سنوور، ژماره‌یه‌کیان ڕه‌وانه‌ی سه‌ر سنووره‌کان کران، به‌شێکی دیکه‌یان ئه‌رکی پاراستنی شێڵته‌ره‌کانی دالده‌دانی ژنان و نه‌خۆشخانه‌ی شۆڕشیان له ئه‌ستۆدایه.

عه‌قید ناهیده ئه‌حمه‌د به (ڕووداو)ی گوت، ئێستا نزیکه‌ی 80 ژن فۆرمیان پێشکه‌ش کردووه بۆ ئه‌وه‌ی ببنه پێشمه‌رگه‌ی فه‌وجه‌که، به‌ڵام به‌هۆی ڕاگرتنی دامه‌زراندنه‌وه ناتوانن وه‌ریانبگرن.

ئێستا ژماره‌ی پێشمه‌رگه‌کانی فه‌وجه‌که 500 که‌سه. 11 ئه‌فسه‌ری ژن که ئه‌کادیمیای سه‌ربازیی قه‌ڵاچوالانیان ته‌واو کردووه، مه‌شق به ژنه‌کان ده‌که‌ن.

شه‌ڕی داعش و پێشمه‌رگه تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی به‌هێز بوو بۆ ئه‌و فه‌وجه‌ی ژنان، چونکه زۆرجار له‌لایه‌ن خه‌ڵکه‌وه ڕه‌خنه‌یان لێده‌گیرا که وه‌کو پێویست ڕۆڵیان نییه.

عه‌قید ناهیده ده‌ڵێت "هه‌ر له سه‌ره‌تای دروستبوونی شه‌ڕه‌که‌وه و تاوه‌کو ئه‌م مانگه‌ش به‌رده‌وام له به‌ره‌کانی شه‌ڕدا بووین، چ وه‌کو شه‌ڕکه‌ر، چ وه‌ک هێزی پشتیوانی، ته‌نانه‌ت نه‌قیب ڕه‌نگین که جێگرم بوو له شه‌ڕی داعشدا شه‌هید بوو".

شه‌ڕڤانانی یه‌کینه‌کانی پاراستنی ژنان له ڕۆژئاوای کوردستان که به یه‌په‌ژه ناسراوه، هاوشانی پیاوان شه‌ڕ ده‌که‌ن و ته‌نانه‌ت توانییان له شارێکی وه‌کو کۆبانێ و گرێسپی و زۆر ناوچه‌ی دیکه شکست به داعش بهێنن.

ناهیده پێیوایه پێشمه‌رگه‌کانی هیچ جیاوازییان له‌گه‌ڵ شه‌ڕڤانان نییه و ده‌توانن هه‌مان شه‌ڕی ئه‌وان بکه‌ن. ناهیده گوتی "ئه‌وان ناوچه‌که‌یان له‌به‌رده‌م هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی گه‌وره‌دا بوو، ئه‌گه‌ر هه‌ڕه‌شه‌یه‌کی له‌و شێوه‌یه ڕووبه‌ڕووی شارێکی هه‌رێمی کوردستان ببێته‌وه به‌دڵنیاییه‌وه ژنانی ئێمه‌ش توانای ئه‌و شه‌ڕ و به‌رگرییه‌یان هه‌یه".

ئێستا له هه‌رێمی کوردستان نزیکه‌ی 110 هه‌زار پێشمه‌رگه له هه‌ردوو هێزی 70ی یه‌کێتی و 80ی پارتیدا هه‌ن که له‌چوارچێوه‌ی چه‌ندان لیوادان و له‌ساڵی ڕابردووه‌وه هه‌وڵی یه‌کخستنه‌وه‌یان ده‌درێ. به‌بۆچوونی عه‌قید ناهیده ڕێژه‌ی ژنان له ریزه‌کانی پێشمه‌رگه‌دا زۆر که‌مه "حه‌قه چه‌ند پێشمه‌رگه‌ی پیاو هه‌ن، ئه‌وه‌نده پێشمه‌رگه‌ی ژنیش هه‌بن، به‌ڵام ئه‌گه‌ر ئه‌وه‌نده‌ش نین با بیکه‌نه لیوایه‌ک هه‌ر باشه".

به‌هار عه‌بدولڕه‌حمان بڕیارده‌ری لیژنه‌ی کاروباری پێشمه‌رگه له په‌رله‌مانی کوردستان ئه‌و ژماره که‌مه‌ی پێشمه‌رگه‌ی ژنان ده‌گه‌ڕێنێته‌وه بۆ فاکته‌ری کۆمه‌ڵایه‌تی و کولتوور، چونکه ژنانیش بوارێک بۆ کارکردن هه‌ڵنابژێرن که جۆرێک له ململانێ و هێزی تێدا بێت و زۆرتر حه‌زیان له کارێکی مه‌ده‌نیه.

فه‌رمانده‌که‌ی فه‌وجی ژنان باسی نموونه‌یه‌کی کرد که له‌کاتی شه‌ڕی داعش ڕووبه‌ڕوویان بووه‌ته‌وه و گوتی "هه‌ر به‌هۆی کولتووره‌وه جاری وا هه‌بووه پیاو هاتووه گوتوویه‌تی من له‌جیاتی خوشکه‌که‌م دێم بۆ شه‌ڕه‌که، به‌ڵام ڕه‌تمانکردووه‌ته‌وه".

### ده‌رچووی به‌شی قورئانه و پێشمه‌رگه‌یه

نه‌سرین عه‌بدولحه‌مید، 35 ساڵ، خه‌ڵکی شاری که‌رکووکه و پله‌که‌ی له نێو فه‌وجی ژنان نائیب عه‌ریفه. ئه‌و ژنه به‌شی قورئانی له کۆلێجی په‌روه‌رده‌ی زانکۆی که‌رکووک ته‌واو کردووه، به‌ڵام 10 ساڵه بووه‌ته پێشمه‌رگه.

نه‌سرین گوتی "بواره ئه‌کادیمییه‌که‌م و ئه‌رکه‌که‌ی ئێستام ته‌واوکه‌ری یه‌کدین، چونکه خوای گه‌وره داوای به‌رگری له نیشتمان ده‌کات، له‌سه‌رده‌می پێغه‌مبه‌ریشدا ژن به‌شداری شه‌ڕی کردووه".

چیرۆکی سه‌رنجڕاکێشتر له‌نێو ژیانی ئه‌و کچانه‌دا هه‌یه که بوونه‌ته پێشمه‌رگه. شه‌یما محێدین، 32 ساڵ، نزیکه‌ی شه‌ش ساڵه بووه‌ته پێشمه‌رگه و پله‌که‌ی ڕه‌ئیس عوره‌فایه. شه‌یما شووی نه‌کردووه و ده‌ڵێت "نامه‌وێت شوو بکه‌م، بۆیه بووم به پێشمه‌رگه. ته‌نانه‌ت ئه‌گه‌ر باوکم و دایکیشم بڵێن وازی لێ بێنه، واز له دایک و باوکم دێنم، نه‌ک پێشمه‌رگایه‌تی".

خه‌ڵات که‌ریم کچێکی دیکه‌ی فه‌وجه‌که‌یه، هه‌مان پله‌ی شه‌یمای هه‌یه، به‌ڵام وه‌ک ئه‌و بیرناکاته‌وه. خه‌ڵات ده‌ڵێت "ئاماده‌م شوو بکه‌م، به‌ڵام به‌و مه‌رجه‌ی واز له پێشمه‌رگایه‌تی نه‌هێنم".

# بۆ نه‌هێشتنی خه‌ته‌نه‌ی کچان کوردستان ده‌بێته سه‌رمه‌شقی ئێران

**یودیت نیورینک**
**ڕووداو- سلێمانی**

چالاکڤانان ده‌ڵێن ئه‌و هه‌ڵمه‌ته میدیاییه‌ی که دواجار بووه هۆی قه‌ده‌غه‌کردنی خه‌ته‌نه له هه‌رێمی کوردستان له ساڵی 2011دا، ئێستا وه‌ک نموونه‌یه‌کی سه‌رکه‌وتوو بۆ شوێنانی دیکه‌ی ناوچه‌که سه‌یر ده‌کرێت.

تۆماس ڤۆن دێر ئوستن ساکێن، به‌ڕێوه‌به‌ری ڕێکخراوی وادی به (ڕووداو)ی ڕاگه‌یاند، هه‌ڵمه‌تی دژ به خه‌ته‌نه‌کردنی کچان که پێشتر له کوردستان به‌ڕێوه‌چووه، ئێستا له ئێران دووپات ده‌کرێته‌وه. ئه‌و ده‌ڵێت "خه‌ڵک ئێستا وه‌ک سه‌رمه‌شق سه‌یری کوردستان ده‌که‌ن. بابه‌ته هۆشیارکه‌ره‌وه‌کانمان بۆ سه‌ر زمانی فارسی وه‌رده‌گێڕدرێن و که‌ڵکیان لێده‌بینرێ".

کۆمه‌ڵه‌ی چالاکڤانانی دژ به خه‌ته‌نه‌ی مێیینه له ئێران توانیویانه باوه‌ڕ به ڕێبه‌ری ئێران، ئایه‌تولڵا عه‌لی خامنه‌یی بهێنن تاوه‌کو بۆچوونی خۆی له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته بگۆڕێت، هه‌روه‌ک چۆن پێشتر بۆچوونی ئایه‌تولڵا عه‌لی سیستانی گه‌وره مه‌رجه‌عی شیعه‌کانی عێراقیان له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته گۆڕی.

ساکێن ده‌ڵێت "پێشتر ئه‌وان له ئێران له‌سه‌ر ماڵپه‌ڕه‌کانیان به ئه‌رێنی باسی خه‌ته‌نه‌یان ده‌کرد و ئامۆژگاریی خه‌ڵکیان ده‌کرد که بیکه‌ن. ئێستا ئامۆژگاری خه‌ڵک ده‌که‌ن که نه‌یکه‌ن".

به تۆماسیان ڕاگه‌یاندووه، ئه‌وه‌ی له ئێران ده‌کرێت ئاکامی ئه‌و هه‌ڵمه‌ته‌یه که ڕێکخراوی وادی به سه‌رکه‌وتوویی له هه‌رێمی کوردستاندا دژ به خه‌ته‌نه‌ی کچان ئه‌نجامی داوه. له ئه‌نجامی ئه‌م هه‌ڵمه‌ته‌دا په‌رله‌مانی کوردستان له 2011دا یاسایه‌کی په‌سه‌ند کرد که ڕێگه له‌م نه‌ریته چه‌وته ده‌گرێت.

"ئه‌وان هه‌موویان سه‌یری ته‌له‌ڤزیۆنی کوردییان کردووه و هه‌ڵمه‌ته‌که‌یان بینیوه. وادی ڕۆڵێکی زۆری هه‌بوو". ساکێن ده‌ڵێت کاتێک ئه‌وان 10 ساڵ به‌ر له ئێستا له هه‌رێمی کوردستان ده‌ستیان به کار کرد، خه‌ڵک وه‌ک کێشه‌یه‌کی ئه‌فریقایی سه‌یری خه‌ته‌نه‌ی ئافره‌تیان ده‌کرد.

به‌پێی به‌دواداچوونی ڕێکخراوی وادی، له زۆر ناوچه‌ی ئاسیا، ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست و ئه‌فریقا کچان خه‌ته‌نه ده‌کرێن، به تایبه‌تی له ئێران، عوممان، ئه‌ندۆنیسیا، مالیزیا، هیند و پاکستان. وادی ژماره‌یه‌ک کۆنفرانسی ڕێکخستووه بۆ ئه‌وه‌ی پسپۆڕان له‌باره‌یه‌وه بدوێن.

ساکێن گوتی "یه‌که‌م لێکۆڵینه‌وه‌ی خۆمان له عوممان ئه‌نجامدا و زانیمان که کێشه‌یه‌کی گه‌وره‌مان هه‌یه. 70%ی کچان له‌وێ خه‌ته‌نه کراون". گوتیشی "له ڕۆژئاوای ئاسیاش هه‌مان شتمان به‌رچاو که‌وت. ئه‌مه ته‌نیا له ناوچه ئیسلامییه‌کاندا ڕووده‌دات و پێوه‌ندی به به‌شێک له قوتابخانه ئیسلامییه‌کانه‌وه هه‌یه".

له وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ ماوه‌یه‌ک نکۆڵی له‌و پێوه‌ندییه‌ی نێوان قوتابخانه ئیسلامییه‌کان و خه‌ته‌نه‌ی کچان ده‌کرا و ته‌نانه‌ت ڤۆن دێر ئوستێن ساکێن که‌وته به‌ر ڕه‌خنه‌ی توند که ئاماژه‌ی به‌و پێوه‌ندییه دابوو.

ساکێن گوتی "سه‌ره‌تا ته‌نانه‌ت هه‌ڕه‌شه‌شیان لێکردین و گوتیان ئۆفیسه‌که‌تان داده‌خه‌ین. ڕێکخراوی ئه‌منێستی ئینترناسیۆنال ته‌نانه‌ت به ترس له ئیسلام (ئیسلامۆفۆبیا) تۆمه‌تباری کردین و گوتیان خه‌ته‌نه‌ی مێیینه هیچ په‌یوه‌ندییه‌کی به ئیسلامه‌وه نییه. به‌ڵام مامۆستا ئاینییه‌کانی ئێره ڕاسته‌وخۆ پشتگیری ئه‌م نه‌ریته‌یان ده‌کرد".

ئه‌گه‌رچی خه‌ته‌نه‌ی کچان له 2011ه‌وه له هه‌رێمی کوردستان قه‌ده‌غه کراوه، به‌ڵام هێشتا ڕێکخراوی وادی پێیوایه نزیکه‌ی نیوه‌ی مه‌لاکان که پێشتر وازۆیان بۆ ڕێگه‌گرتن له په‌سه‌ندکردنی یاساکه کۆده‌کرده‌وه، ڕاسته‌وخۆ پاڵپشتی له‌و نه‌ریته کرێته ده‌که‌ن.

ڤۆن دێر ئوستێن ده‌ڵێت "خه‌ڵک ده‌بێ ئاگادار بن که ئێمه له قۆناغێکی یه‌کلاکه‌ره‌وه‌ی ڕاگوزه‌ردایین. ئێمه له‌نێوان سه‌روه‌ری، خوا و نه‌ته‌وه‌داین. بۆ مامۆستایه‌کی ئاینی سه‌ر به قوتابخانه‌ی شافیعی، خه‌ته‌نه‌ی ژن و پیاو کارێکی واجبه و یاسای ئه‌و ئه‌وه‌ی پێده‌ڵێت، به‌ڵام یاسای کوردی ئه‌م نه‌ریته سه‌رکۆنه ده‌کات و ئه‌وه‌ی بیکات و پاڵپشتی بکات سزا ده‌درێت".

ڤۆن دێر ئوستێن خۆشحاڵه که خه‌ته‌نه‌ی کچ بوو به پرسێکی گه‌وره له کۆمه‌ڵگه‌ی کوردی و له باسنه‌کراوێکی تابۆوه بوو به وێردی سه‌ر زاران. ئێستا دکتۆره‌کان هاوکاریی ئه‌و ژن و مێردانه ده‌که‌ن که چۆن سه‌رباری خه‌ته‌نه‌کراویی ئافره‌ته‌که ژیانێکی ته‌ندروستی جه‌سته‌ییان به یه‌که‌وه هه‌بێت.

ڕێکخراوی وادی حه‌ز ده‌کات له‌ڕێگه‌ی ناوه‌ندی تایبه‌ت که بڕیار وایه له سلێمانی بیانکاته‌وه، کار له‌سه‌ر ئه‌م بابه‌ته و بابه‌تی دیکه‌ش بکات. ساکێن ده‌ڵێت "ئێستا ئێمه کار له‌سه‌ر ئه‌وه ده‌که‌ین چۆن هاوکاریی ئه‌و ئافره‌تانه بکه‌ین که خه‌ته‌نه کراون. به دڵنیاییه‌وه ڕێگه‌یه‌کی زۆر هه‌یه بۆ ئه‌وه‌ی ژیانی سه‌رجێیی خۆش بکرێت، سه‌رباری ئه‌وه‌ی ئافره‌ت خه‌ته‌نه کرابێت".

ناوه‌نده‌که‌ی ڕێکخراوی وادی له سلێمانی هه‌وڵده‌دات ڕێگه بۆ سه‌ردانی پسپۆڕه جیهانییه‌کان و گۆڕینه‌وه‌ی زانیاری خۆش بکات. ساکێن ده‌ڵێت "خه‌ڵکی وڵاتانی دیکه ده‌توانن سوود له زانیاریی ئێمه وه‌ربگرن. سلێمانی ده‌بێته ناوه‌ندی دژ به خه‌ته‌نه‌ی مێیینه له ڕۆژهه‌ڵاتی ناوه‌ڕاست".



ڕووداو
کۆمەڵایەتی
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22

## دوو گەنج دەخنکێن

**ڕووداو- کەرکوک، زاخۆ**

ڕۆژی 19ی ئەم مانگە دوو گەنج لە کاتی مەلەکردندا خنکان. سەرچاوەیەک لەبەرگری شارستانی زاخۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ لە کاتی مەلەکردندا لەنێو ڕووباری خابیر لە قەزای زاخۆ خنکا، دواتر لەلایەن هاووڵاتیانەوە تەرمەکەی لە ڕووبارەکە هێنرایە دەرەوە. هەروەها سەرچاوەیەکیش لە بنکەی پۆلیسی پردێ بە (ڕووداو)ی گوت گەنجێکی تەمەن 22 ساڵ کە دانیشتووی هەولێر بووە لە کاتی مەلەکردن لە زێدا لە نزیک گوندی ساریچەم خنکا، دواتر تەرمەکەی لەلایەن پۆلیسی دەریاوانی پردی دەرهێندرا.



# خانووەکەی پێ تەواو نەکرا و خۆی کوشت

## بەهمەن: کەس تاوانبار مەکەن بە خۆکوشتنم، لەو دونیا دەتانبینمەوە

**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- سلێمانی**

"باوکە کۆتایی بە ژیانم دێنم، چونکە خانووەکەم بۆ تەواو ناکرێت و نوقمی کێشە بووم، نائومێد بووم لە ژیان". ئەمە دوا پەیوەندیی بەهمەن بووە بە باوکییەوە. هەرچەندە باوکی زۆر لێی پاڕاوەتەوە، بەڵام سوودی نەبووە، بەهمەن لەم دونیایەدا بە یەکجاری پەیوەندی لەگەڵ باوکی پچڕاند و بە ئومێدە لەو دونیا یەکدی ببیننەوە وەک لە دوا نامەیدا نووسیبووی.

ئەو پەیوەندییەی بەهمەن بە باوکییەوە ڕۆژی 2015/6/3 بووە، بەڵام شەوی 2015/6/14 لە هوتێلێکی شاری هەولێر بە گوللەیەک کۆتایی بە ژیانی خۆی دێنێ. بۆ ئەوەی کەسیش لەسەر ڕووداوەکە تاوانبار نەکرێت، نامەیەک لە دوای خۆی جێدێڵێت کە تێیدا نووسیبووی: "کەس تاوانبار مەکەن، بەهۆی نەبوونی و بێزاریم لە ژیان خۆم دەکوژم". هەر لە نامەکەدا نووسیبووی: "چاوی کوڕەکەم ماچ دەکەم، ئینشائەڵڵا لەو دونیا یەکدی دەبینینەوە. گەردنم ئازاد بکەن".

بەهمەن شێخ عەبدوڵڵا، تەمەنی 32 ساڵ بوو، نزیکەی 8 ساڵ لەمەوبەر ژنی هێناوە و باوکی کوڕێک بوو. ماڵی بەهمەن لە ناحیەی عەربەتی نزیک شاری سلێمانییە و شۆفێر بوو لە یەکێک لە هوتێلە بەناوبانگەکانی سلێمانی.

پرسەی بەهمەن لە ماڵی باوکی بوو لە گەڕەکی قولەڕەیسی، خێمەی ژنان و پیاوان جمەی دەهات لەو کەسانەی بۆ دڵدانەوەی خێزانەکەی هاتبوون.

عەبدوڵڵا سەعید، باوکی بەهمەن کە زوو زوو هەڵدەستایەوە بۆ بەخێرهێنانی میوانەکان، باسی خۆکوشتنی کوڕەکەی کرد و گوتی "دوای ئەوەی پەیوەندی پێوەکردم و گوتی کۆتایی بە ژیانی خۆم دێنم، ئیدی مۆبایلەکەی داخست و کەس نەیزانی بۆ کوێ چووە".

هاوژینی بەهمەن هەر زوو بنکەی پۆلیسی عەربەت لە ونبوونی مێردەکەی ئاگادار دەکاتەوە. دوای 11 ڕۆژ هەواڵی خۆکوشتنی گەنجێک لە هوتێلێکی شاری هەولێر بڵاودەبێتەوە. دوای وەرگرتنی زانیارییەکان لەبارەی ئەو کەسەوە، بنکەی پۆلیسی عەربەت پەیوەندی بە مەهدی حەسەن، ژنبرای بەهمەنەوە دەکەن.

مەهدی ئاگاداری ژیانی زاواکەیان بووە، بۆیە چەند جارێک لەو بارەیەوە قسەی لەگەڵ کردووە. مەهدی گوتی "چەندین جار پێمدەگوت هەر کێشەیەکت هەیە پێمبڵێ با بۆت چارەسەر بکەین. کەمدەرامەت بوو، نەیدەتوانی خانووەکەی تەواو بکات، بۆیە خۆی کوشت، ئەگینا هیچ کێشەیەکی خێزانی نەبوو".

باوکیشی هەمان قسەکانی مەهدی دووپاتکردنەوە و گوتی "بەهمەن کرێنشین بوو، هەر لە عەربەتیش زەوییەکی هەبوو خەریکی بوو بیکات بە خانوو، نیوەی تەواو کردبوو، بەڵام ئیدی بەهۆی ئەو کێشانەوە دیارە تەواو نائومێد بووە لە ژیان و پەنای بۆ خۆکوشتن بردووە".

لەو ڕۆژەوەی بەهمەن ون بووە، هیچ کەسێک هەواڵی نەزانیوە. باوکی گوتی "نەمزانی چووە بۆ هەولێر، لە هەواڵەکان بیستم گەنجێک لەناو هوتێلێک لە هەولێر خۆی کوشتووە".

بنەماڵەی بەهمەن لە شێخەکانی بەرزنجەن و پیاوانی بنەماڵەکەیان دەڵێن سەریان سوڕماوە لە ڕووداوەکە، چونکە لە نێو ئەواندا خۆکوشتن نییە. شێخ ئیسماعیل ئەمین کە خاڵی بەهمەنە، گوتی "بەهمەن کێشەیەکی وای نەبووە و بەو شێوەیەش بێتاقەت نەبووە خۆی بکوژێ، بۆیە لای ئێمەش ڕووداوێکی زۆر لەناکاو و کتوپڕ بوو".

خاڵی بەهمەن گوتیشی "تەنانەت من کە نزیکترین کەس بووم لێی، ڕۆژێک لە ڕۆژان نەهاتووە بۆ لام بڵێت کێشەیەکم هەیە، کەسێکی زۆر لەسەرخۆ و هێمن بوو".


بەپێی ڕاپۆرتی پزیشکی، بەهمەن تەنیا بەفیشەکێک کۆتایی بەژیانی خۆی هێناوە و لەبارەی ماوەی مانەوەشی بە کوژراوی لەنێو هۆتێلەکەدا، باوکی گوتی "دەڵێن سێ ڕۆژ بووە خۆی کوشتووە و دواتر پێی زانراوە".

ڕائید کاروان عەبدولکەریم، گوتەبێژی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی هەولێر بەهۆکاری ئەوەی کە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە، ئامادە نەبوو وردەکارییەکان ئاشکرا بکات و گوتی "زانیاریمان هەیە چەند ڕۆژ بووە خۆی کوشتووە، بەڵام لەبەر لێکۆڵینەوە ئاشکرای ناکەین".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو)، جەستەی بەهمەن شین بووەتەوە، بەڵام گوتەبێژی پۆلیسی هەولێر هیچ زانیارییەکی لەوبارەیەوە نەدرکاند و گوتی "چاوەڕێی ڕاپۆرتی پزیشکین تاوەکو بزانین جەستەی چی لێهاتبوو".

کەسوکاری بەهمەن سکاڵای یاساییان تۆمار نەکردووە. باوکی بەهمەن گوتی "جارێ سکاڵام لەسەر هیچ کەسێک نییە، بەڵام ڕەنگە دوای دەستپێکردنی ڕێکارە یاساییەکان و دەستکەوتنی سەرەداو، داوای یاساییم لەسەر خۆیشم هەبێت".

خۆکوشتنەکەی بەهمەن لەکاتێکدایە کە لەم ماوەیەدا چەند ڕووداوێکی دیکەی خۆکوشتن لە کوردستاندا ڕوویانداوە و هۆکاری هەندێکیان بێکاری بووە. باوکی بەهمەن دەڵێت "تازە کوڕەکەی من ڕۆیشت، بەڵام هاوشێوەی ئەو زۆرن، بۆیە داواکارم لە حکومەت هەلی کاریان بۆ بڕەخسێنێ، با بە دەردی کوڕەکەی من نەچن".






**ژیلەمۆ عەبدولقادر***

# دوو مێرد بۆ دوو مانگ

ژنێکی تەمەن 23 ساڵ لەلای دادوەری لێکۆڵینەوە لە توندوتیژیی خێزانی سکاڵای هەبوو لەسەر مێردەکەی. ئەو ژنە دوو ساڵ لەمەوبەر لە مێردی یەکەمی جیابووەتەوە، بە قسەی خۆی مێردی یەکەمی هێندە لەگەڵی خراپ بووە، تەنیا دوو مانگ لەلای ماوەتەوە.

مێردی دووەمیشی لەوەی یەکەم باشتر نەبووە. ئەو ژنە کە دانیشتووی یەکێک لە گەڕەکە میللییەکانی شاری هەولێرە، ڕۆژێک پیاوێک دێتە خوازبێنی و دەڵێت تەنیا خۆی و دایکی لێرەن و کەسوکارەکەی لە دەرەوەی وڵاتن. ئەم ژنەش لەبەر ئەوەی باوکی نەساخە و کەسی وایان نەبووە پرسیار دەبارەی ڕابردووی ئەو پیاوە بکات، خۆی و دایکی دەچنە گەڕەکەکەی و پرسیاری دەربارە دەکەن، بەڵام دراوسێکانی پیاوەکە دەڵێن ئەم ماڵە تازە هاتوون و هیچ زانیارییەکیان لەبارەیانەوە نییە، ئەوانیش زۆر گوێی پێنادەن و واز لە پرسیارکردن دێنن.

دایکی بە کچەکەی دەڵێت تۆ تەڵاقدراوی، ئەم کوڕەش هاتووەتە خوازبێنیت و پێناچێ کوڕێکی خراپ بێت، مێردی پێ بکە. ئەم ژنە سەری لەوە سوڕماوە کە هەر دوای ناردنی وەڵام بۆیان، کوڕەکە زۆر بەخێرایی هاتووەتە پێش و لە ماوەی دوو هەفتەدا هەموو شتێکی بڕیوەتەوە و ئەوی گواستووەتەوە.

بەڵام کارەسات دوای گواستنەوەکە ڕوودەدات. ژنەکە گوتی پیاوەکە تەنیا 15 مسقاڵ زێڕی بۆ کڕیبووم، هەر دوای هەفتیانە زێڕەکەی لێوەرگرتم و گوتی بە قەرز هێناومە. منیش پێم عەیب بوو قسەم نەکرد. ئەو دیارییە بەنرخانەی لەکاتی هەفتیانە بۆم هاتبوو، هەمووی فرۆشتنەوە، دیسان پێم عەیب بوو هیچ بڵێم. زانیبووی کە دایکم لە کۆمپانیایەک شت بە قیست دەکڕێت، چووبووە کۆمپانیاکە لەسەر ناوی دایکم بایی 4 هەزار دۆلار شتی کڕیبوو، دایکم لەبەر من هیچی نەگوت و کەفالەتی کرد، بەڵام دواتر هەموو کەلوپەلەکانی کۆمپانیاکەی فرۆشتنەوە.

پیاوەکە هەر بەوەندە ناوەستێ، لەبن گوێی ژنەکە دەخوێنێ کە پێویستیان بە ئۆتۆمبێلە، ژنەکە 40 مسقاڵ زێڕی خۆی هەبووە، زێڕەکەی دەداتێ بۆ ئەوەی ئۆتۆمبێلی پێ بکڕێت، بەڵام ئەویش ئاوەو ئاو دەچێت و ئۆتۆمبێلیش بەچاوی خۆی نابینێ.

دوو مانگ بەس بوو بۆ ئەوەی ڕووی ڕاستەقینەی ئەو پیاوە بۆ ژنەکە دەربکەوێت. ئەو ژنە دەڵێت بۆم دەرکەوت پیاوەکەم مەشروبخۆر و قومارچییە، پێش من دوو ژنی دیکەی تەڵاقداوە. ژنەکە کاتێک بێ ئومێد دەبێت لە کڕینی ئۆتۆمبێلەکە، داوای زێڕەکەی خۆی دەکاتەوە، بەڵام پیاوەکە لێیدەدات و دەریدەکات.

ئیدی ژنەکە ناچار دەبێت پەنا بۆ بەڕێوەبەرایەتی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دەبات. دوای ئەوەی دۆسیەی بۆ دەکرێتەوە و دۆسیەکەی دەنێردێت بۆ دادگا، دادوەر بڕیاری دەستگیرکردنی مێردەکەی دەدات بەپێی مادەی 7 لە یاسای بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی خێزانی. تۆمەتبار لە لێکۆڵینەوەدا دانی نا بەتاوانەکەیدا و هەموو ئەو زانیارییانەی ژنەکەی پشتڕاست کردنەوە.

لەکاتی ئامادەبوونیان لەبەردەم لێژنەی ئاشتەوایی، ژنەکە سوور بوو لەسەر ئەوەی داوای جیابوونەوە بکات، هەرچەندە پیاوەکە بەڵێنی پێدا کە باش بێت لەگەڵی و کار بکات بۆ ئەوەی زێڕەکەی بۆ بکڕێتەوە.

ئەم ژنە کە پێشتر تەڵاقدراوە، تەنیا لەبەر قسە و قسەڵۆکی خەڵک پەلەی بووە شوو بکاتەوە و لە ڕابردووی پیاوەکەی نەپرسیوە، ئەمەش خراپ لەسەر خۆی شکایەوە، ڕەنگە خەڵک بپرسن: بۆچی ئەم ژنە هەر دوو مانگ لەلای مێرد دەمێنێتەوە؟ لەکاتێکدا جیابوونەوەکانی هیچ هەڵەی ئەوی تێدا نەبووە و پیاوەکان خراپ بوون لەگەڵی.

***موقەدەمی مافپەروەر و بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ئافرەتان/ هەولێر**

# بەهۆی کەڵەکەبوونی قەرزەکانیەوە خۆی کوشت

## خاوەن قەرزەکان لەسەر دیواری ماڵەکەیان نووسیبوو: ئەم خانووە بۆ فرۆشتنە



**پشتیوان جەمال**
**ڕووداو- کەرکووک**

کەڵەکەبوونی قەرزەکانی، ناچاریان کرد پەنا بۆ خۆکوشتن ببات. ڕەنج لە دوای خۆی نامەیەکی جێهێشتووە و داوای گەردن ئازادی لە خێزان و کەسوکارەکەی دەکات. ناوی چەند کەسێکیشی هێناوە و دەڵێت "خوا بیانگرێ کە وایان لێکردم".

پاشنیوەڕۆی ڕۆژی 2014/6/16 پیاوێکی دانیشتووی گەڕەکی نەسری کەرکووک بەناوی ڕەنج محەممەد، باوکی دوو کوڕ کە پۆلیسی بەڕێوەبەرایەتی قەزا و ناحیەکانی هەولێر بوو، لە نێو حەوشەی ماڵەکەی فیشەکێکی نا بە سکی خۆیەوە، بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو.

بەپێی قسەی کەسوکاری و ئەو دۆکیۆمێنتەی لەلای (ڕووداو)ە، ڕەنج پارەیەکی زۆر قەرزداربووە و ڕۆژ بە ڕۆژیش قەرزەکانی زیاتر لەسەر کەڵەکە بوون، چونکە لە بەرامبەر پێدانی سوو، پارەی لە خەڵک قەرز دەکرد. دوای ئەوەی نەیتوانیوە قەرزەکانی بداتەوە خۆی کوشتووە.

ڕەهێڵ محەممەد برای ڕەنج کە لەشاری سلێمانی کار دەکات، کاتێک هەواڵی خۆکوشتنی براکەی زانیوە، یەکسەر گەڕاوەتەوە کەرکووک. ڕەهێڵ گوتی "ئەوەندەی ئاگادارم کێشەی قەرزی هەبووە، لەلای من باسی زۆر شتی نەدەکرد، بەڵام دەڵێن خاوەن قەرزەکان هەڕەشەیان لێکردووە و هاتوونەتە سەری و ئۆتۆمبێلەکەیان بردووە".

ڕەهێڵ بە مافی خاوەن قەرزەکانی دەزانێت داوای قەرزەکانیان بکەنەوە "بەڵام نەک بەو شێوەیە گوشار و هەڕەشە بکەن"، بۆیە داوا لە لایەنە ئەمنییەکان دەکات ڕێکاری یاسایی بگرنەبەر لەگەڵ ئەو کەسانەی پەیوەندییان بە ڕەنجەوە کردووە.

سەبارەت بە دانەوەی قەرزەکانی ڕەنجیش، ڕەهێڵ گوتی "ڕاستە براکەم خۆی کوشتووە، بەڵام وەکو ئەوەیە ئەوان کوشتبێتیان، بۆیە چاوەڕێ دەکەم یاسا کاری خۆی بکات".

پێشتر حکومەتی عێراق بڕیاری دابوو 100 مووچە بەجارێک بداتە فەرمانبەران. بەپێی ئەو زانیاریانەشی دەست (ڕووداو) کەوتوون، لەو کاتەوە ڕەنج بەڵێنی بە چەند کەسێکی شاری کەرکووک داوە ئەو پارەیەیان بۆ وەربگرێت و لەبەرامبەریشدا بڕێک پارەی لێوەرگرتوون و دواتریش نەیتوانیوە بەڵێنەکەی جێبەجێ بکات، بەڵام ڕەهێڵ گوتی "بڕوا ناکەم ئەمە ڕاست بێت".

ڕەنج پێش خۆکوشتنی نامەیەکی نووسیوە کە کۆپییەکی لەلای (ڕووداو)ە. لە نامەکەدا نووسیویەتی "من کە ناوم ڕەنج محەممەدە، داوا لەو هاوڕێیانەم دەکەم کە پارەیان لامە گەردنم ئازاد بکەن بەخودا مەبەستم خواردنی پارەکەیان نەبووە، بەس ئێستا بەدەستمەوە نییە بیاندەمەوە، ئەوانیش هەریەکەیان بەجۆرێ تەهدیدم دەکەن. ناوەکانیان...... خودا جەزای بەخێریان بداتەوە".

لەکۆتایی نامەکەشدا نووسیویەتی "چاوی هەردوو کوڕەکەم ماچ دەکەم و چاوی خێزانەکەم ماچ دەکەم و پێیدەڵێم گەردنم ئازاد بکات، ئاگای لە منداڵەکان بێت، دەستی خەسووم و میدیا گیان ماچ دەکەم، خوا (ئەحمەد و مەحموود) بگرێ وایان لێکردم".

دەگوترێ ڕەنج نزیکەی 300 هەزار دۆلار قەرزدار بووە، بەڵام دانا جومعە کە ژنبرای ڕەنجە، گوتی "نەماندەزانی بڕە پارەکە چەندە، چونکە کۆمەڵێک خەڵک پارەیان پێداوە و فائیدەیان خستووەتە سەری و ئەگەر نەیدایەتەوە زیادەی دەچووە سەر".

بەگوتەی دانا "ئەو کەسانەی پارەیان لای ڕەنج بووە، هەڕەشەیان لێکردبوو ئەگەر پارەکەیان نەداتەوە منداڵەکانی دەڕفێنن. ئینجا لەسەر دەرگای خانووەکەی نووسیویانە بۆ فرۆشتن. دیارە ئەوەش گوشارێکی گەورەی دەروونی لەسەر دروستکردووە". دانا گوتیشی "تەنانەت ئەو ڕۆژەی خۆی کوشت و لەسەر تەرمەکەی بووین، پەیوەندییان بۆ تەلەفۆنەکەیەوە دەکرد".

هەرچەندە ئەو چیرۆکەی ڕەنج ماوەیەکی زۆر درێژەی هەبووە، بەڵام وەک دانا باسیکرد، سێ مانگی دوایی بەو شێوەیە ژیانی بەسەر بردووە "چەند ڕۆژێک پێش ڕووداوەکەش چوار کەس هاتوون چەکی بانکیان پێ ئیمزا کردووە و لەوە دەچێت ئەوەش لە ترسان بێت، چونکە کاتێک ئەو چەکەت ئیمزا کرد و ئەگەر پارەکەت نەبوو بیدەیتەوە ئەوا دەستگیر دەکرێی".

بنکەی پۆلیسی عروبە لە شاری کەرکووک لێکۆڵینەوە لە ڕووداوی خۆکوشتنی ڕەنج دەکەن، سەرچاوەیەک لەو بنکەیە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ڕەنج بەهۆی زۆریی قەرزەکانییەوە لەنێو حەوشەی ماڵی خۆی بە کلاشینکۆفێک فیشەکێکی ناوە بە ناوسکی خۆیەوە و فیشەکەکە بەر گەدەی کەوتووە. بەر لەوەی بگەیەنرێتە نەخۆشخانە گیانی دەرچووە، لێکۆڵینەوەش لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

# ژنێک بە 10 فیشەک دەکوژرێ

پشتیوان جەمال
ڕووداو- کفری

لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا، ژنێک لە نێو ماڵەکەی خۆیدا لەلایەن خزمێکی پلە دووی خێزانەکەیەوە دەدرێتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەکوژرێت. لەسەر ئەم ڕووداوەش دوو کوڕ و دوو برازای ژنەکە دەستگیرکراون، بەڵام بکوژی ژنەکە تاوەکو ئێستا دەستگیرنەکراوە.

کاژێر 8ی شەوی 2015/6/16 کەسێک ژنێکی تەمەن 46 ساڵ بەناوی ژیان دەداتە بەر دەستڕێژی گوللە و دەیکوژێت. پۆلیس دەڵێت ژنەکە 10 فیشەکی بەرکەوتووە و دەستبەجێ گیانی دەرچووە.

ژیان کە لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە، نزیکەی سێ ساڵ بوو لە گەڕەکی ئەنفالەکانی شارۆچکەی کفری نیشتەجێ بوو. دایکی دوو کوڕ و دوو کچ بوو، لە خانوویەکی دوو نهۆمیدا دەژیا کە یەکێک لە کوڕەکانی لە نهۆمێکی خانووەکەدا بوو.

کوشتنی ژیان بووەتە مایەی سەرسوڕمانی کەسوکاری، چونکە دەڵێن هیچ کێشەیەکی نەبووە، تەنانەت نازانن بکوژەکەشی کێیە. بەڵام بەرپرسی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان دەڵێت ژیان لەلایەن خزمێکی پلەی دووی خێزانەکەیەوە کوژراوە.

عەدنان عەلی، برای ژیان کە ماڵیان لە هەمان ئەو گەڕەکەیە ژیانی تێدا کوژرا، گوتی خوشکەکەی چەند ساڵێک لەمەوبەر لە هاوژینەکەی جیابووەتەوە. دوو هەفتە لەمەوبەر ویستوویەتی جارێکی دیکە شوو بکاتەوە و هەردوولاشیان ڕازی بوون "پیاوەکە هاتە لام و گوتی دەمانەوێ لەگەڵ خوشکەکەت ببینە هاوژین، منیش گوتم ئەگەر هەردووکتان ڕازین ئەوا ئاساییە، بەڵام وا بزانم ژیان گوتبووی کچە بچووکەکەم لەگەڵ خۆم دێنم، ئیدی بەهۆی ئەوەوە ڕێکنەکەوتن".

لەکاتی ڕووداوەکەدا ژیان لەنێو حەوشەی ماڵەکەیان سەرقاڵی ئامادەکردنی نانی ئێوارە بووە. عەدنان ئاگای لە هیچ نەبووە لە ناکاو هەواڵی بۆ هاتووە کە خوشکەکەی کوژراوە "ئێمە ئاگامان لە ڕووداوەکە نەبوو، لەناکاو گوتیان خوشکەکەت کوژراوە، کە گەیشتمە ئەوێ ژیان گیانی دەرچووبوو".

مام عەدنان لە زاری بووکی خوشکەکەیەوە چیرۆکی ڕووداوەکەی گێڕایەوە و گوتی "بەقسەی بووکەکەی ئەو کاتەی لە حەوشە بوون، ژیان کەسێکی لەبەر دەرگای ماڵەکەیان بینیوە و قیژاندوویەتی و ڕایکردووەتە ژوورەوە، کەسەکە دەستڕێژی کردووە، بەو هۆیەشەوە ژیان کوژراوە و کچێکیشی بریندار بووە".

دوای ڕووداوەکە، هەردوو کوڕەکەی ژیان و دوو کوڕی عەدنان لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکراون، بەڵام تاوەکو ئێستا بکوژی ژیان نەدۆزراوەتەوە. براکەی ژیان گوتی "کوڕە گەورەکەی من پۆلیسە و تەرمەکەی ژیانی برد بۆ نەخۆشخانە و دواتر کە ڕۆیشتەوە بۆ دەوام دەستگیر کرا، دوو ڕۆژ دوای ڕووداوەکەش پۆلیس هاتنە ماڵمان و کوڕەکەی دیکەشمیان دەستگیرکرد، بەڵام بەخوا ئێمەش نازانین ژیان بۆ کوژراوە؟".

ئەو برایەی ژیان بەهۆی ئەو ڕووداوەوە و دەستگیرکردنی کوڕەکانییەوە، تەواو نیگەران بووە. ئەو گوتی "لەم کاتەدا جەرگم بڕاوە و خوشکێکم کوژراوە و دوو کوڕیشم گیراون، بۆیە چاوەڕێی لێکۆڵینەوەکانی حکومەت دەکەم و هەر کاتێک دەربکەوێ کێ کوشتوویەتی بەهیچ شێوەیەک لێی خۆش نابم".

نووسینگەی بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان دەستیان بە لێکۆڵینەوە کردووە و بە فەرمانی دادوەریش دوو کوڕ و دوو برازاکەی وەکو "تۆمەتبار" دەستگیرکراون.

لەمیعە محەممەد، بەڕێوەبەری بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی دژی ژنان لە گەرمیان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ژیان لەلایەن خزمێکی پلە دووی خێزانەکەیەوە کوژراوە و بە فەرمانی دادوەریش دوو کوڕ و دوو برازای وەکو تۆمەتبار دەستگیرکراون، بەڵام هێشتا کەسی تەقەکەر نەگیراوە".

لەمیعە گوتی "هۆکاری کوشتنەکە کێشەیەکی کۆمەڵایەتی بچووک بووە، بەڵام بەداخەوە ئەو ڕووداوەی لێکەوتووەتەوە و بەهۆی دەستدڕێژی گوللەشەوە ژیان زیاتر لە 10 گوللەی کلاشینکۆفی بەرکەوتووە و ئێستا لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکە بەردەوامە".

ژنە هاوسێیەکی ماڵی ژیان زۆر نیگەران بوو بە کوشتنی ژیان بەو شێوەیە. ئەو ژنە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "کاتی ڕووداوەکە ئێمە لە ژوورەوە بووین و ئەوەندەمان زانی تەقەیەکی زۆر کرا، کە هاتینە دەرەوە گوتیان ژیان کوژراوە. بەڕاستی ژنێکی زۆر باش بوو، نازانین بۆچی کوشتیان؟".



# لە کەنەدا گەڕایەوە و شوفێرێکی تاکسی کوشت

عومەر چاوشین
ڕووداو- ڕاپەڕین

دابان داوا لە سۆران دەکات کە کارێکی گرنگی هەیە و بە پەلە بیگەیەنێتە سلێمانی، بەڵام سۆران بێ ئاگابوو لەوەی کە تەڵەی مەرگی بۆ دانراوەتەوە. دابان لە ڕێگادا تەقە لە سۆران دەکات و تاکسییەکەی دەبات، بەڵام دواتر تاوانەکەی لێ ئاشکرا دەبێت و لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیر دەکرێت.

سۆران حەمەدەمین، 29 ساڵ، شوفێری تاکسی بوو لە هێڵی ڕانیە – سلێمانی. ڕۆژی 2015/6/5 کەسێک بەناوی (دابان.ع.ع) داوای لێدەکات بیبات بۆ سلێمانی. لە ڕێگادا سۆران لە تاکسییەکەی دادەبەزێنێ و چەند فیشەکێکی پێوەدەنێت بە مەبەستی کوشتنی، بەڵام سۆران لەوێ نامرێت و بۆ ماوەی دوو کاژێر و نیو خوێنی لەبەر دەڕوات. سۆران دوای ئەوەی دەگەیەنرێتە نەخۆشخانە، بەهۆی سەختیی برینەکەیەوە ڕۆژی 2015/6/13 گیانی دەردەچێ.

بکوژی سۆران تەمەنی 21 ساڵە، لە بنەڕەتدا خەڵکی قەڵادزێیە، بەڵام ماوەی چەند ساڵێکە چووەتە کەنەدا و لەوێ مافی مانەوەی پێدراوە، نزیکەی ساڵێکە گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە پێشمەرگە.

عەبدوڵڵا قادر کە مامی سۆرانە، باسی کوژرانی برازاکەی کرد و گوتی "سۆران نەفەرێکی بە کرێ بردبوو بۆ سلێمانی، کاژێر شەشی ئێوارە لە ڕانیە بەڕێکەوتووە بۆ سلێمانی. کاژێر چواری بەرەبەیان تەلەفۆنیان کرد گوتیان سۆران لە نزیک سلێمانی بە برینداری دۆزراوەتەوە".

بەپێی قسەی عەبدوڵڵا ، بکوژی سۆران لە گەراج داوای لە سێ شوفێری دیکە کردووە بیبەن بۆ سلێمانی، بەڵام کەس نەیبردووە. عەبدوڵڵا پێیوایە برازاکەی تەنیا بۆ پارە کوژراوە "بکوژی سۆران تاکسییەکەی بردووە و ویستوویەتی بیفرۆشێ، تاکسییەکە 15 هەزار دۆلاری دەکرد". گوتیشی "دیارە بکوژی سۆران کە لە دەرەوەی وڵات دادەنیشێ، ویستوویەتی بە پارەی تاکسییەکە بگەڕێتەوە دەرەوە".

دوای ئەو ڕووداوە، عەبدوڵڵا زانیویەتی کە بکوژی سۆران ئەمە یەکەم کاری نییە و پێشتریش پلانی کوشتنی شوفێرێکی دیکەی تاکسی داناوە، بەڵام شوفێری تاکسییەکە فریای خۆی کەوتووە و توانیویەتی لە دەستی ڕابکات.

وەک عەبدوڵڵا باسیکرد، بکوژی سۆران سەرەتا چووەتە ماڵی بەرپرسەکەی و داوای کردووە فریای بکەوێت چونکە خەریکە دەیکوژن، بەڵام بەرپرسەکەی گومانی لێکردووە و یەکسەر تەسلیمی دەزگا ئەمنییەکانی کردووە.



سۆران باوکی کچێکی تەمەن چوار ساڵان و کوڕێکی تەمەن ساڵ و نیوە. مامی سۆران داوای کرد بکوژی برازاکەی لە زینداندا قەڵەو نەکرێت، یان بەر لێبوردنی گشتی بخەن. ئەو گوتی "ئەوانە نەخۆشیی دەروونییان هەیە، پێویستیان بە چارەسەری دەروونییە، ئەگەر چارەسەر نەکرێن کە لە زیندان هاتنە دەرەوە دیسان تاوان دەکەنەوە".

محەممەد حەمەدەمین کە خاڵی سۆرانە، هەندێک زانیاری لەبارەی کوشتنی سۆران هەیە و دەڵێت "سۆران کاژێر 6ی ئێوارە لە ڕانیە دەرچووە، کاژێر هەشتی ئێوارە بە فیشەکێکی دەمانچە برینداركرابوو، نزیکەی دوو کاژێر و نیو خوێنی لەبەر ڕۆیشتبوو، تاوەکو گیانیشی دەرچوو هەر بێ هۆش بوو".

بەپێی زانیارییەکانی (ڕووداو) دابان لەساڵی 1996 لەگەڵ خێزانەکەی چوونەتە دەرەوەی وڵات و لە کەنەدا گیرساونەتەوە، لەوێ مافی مانەوەیان پێدراوە و هێشتا وڵاتینامەی کەنەدایان وەرنەگرتووە. دابان لەسەرەتای ئەمساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان و بووەتە پێشمەرگە.

خزمێکی نزیکی دابان کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، بە (ڕووداو)ی گوت "ئێمە هیچ کێشەیەکمان لەگەڵ بنەماڵەی سۆراندا نییە و تەنانەت وەکو کەسوکاری دابان بەشداری پرسەی سۆرانمان کرد". گوتیشی "هەڵوێستمان لەگەڵ هەڵوێستی بنەماڵەی قوربانییەکەیە و شەرع و یاسا و بنەماڵەی ئەوان چی بڵێن ئێمە ئامادەین".

خزمەکەی دابان ئاماژەی بۆ ئەوە کرد کە ڕاستە دابان ئەو شوفێرەی کوشتووە، بەڵام نازانن بۆچی کوشتوویەتی، چونکە سەردانیان نەکردووە لە زیندان و ناشیانەوێت سەردانی بکەن. هەروەها پشتڕاستی کردەوە کە دابان نیشتەجێی کەنەدایە و لە سەرەتای ئەمساڵ گەڕاوەتەوە کوردستان، ماوەی چەند مانگێکیشە بووەتە پێشمەرگە لە فەوجی بەرپرسێکی دیاری هەرێمی کوردستان.

# منداڵە دۆزراوەکان ناتوانن هیچ پۆستێک وەربگرن

پشتیوان جەمال
ڕووداو- سلێمانی

(ن.ر) بەهۆی نووسینی وشەی "دۆزراوە" لەسەر ناسنامە و ڕەگەزنامەکەی، تووشی گەورەترین گرفت بووە. ئەو لە ئایندەدا نەک ناتوانێت هیچ پۆستێکی حکومی وەربگرێت و خۆی بۆ هیچ هەڵبژاردنێک کاندید بکات، تەنانەت چانسی شووکردنیشی کەمە.

(ن.ر) کچێکی تەمەن 24 ساڵە، دوای ئەوەی لەدایک بووە، لەلایەن کەسوکارییەوە فڕێدراوە، دواتر خێزانێکی خانەقینی ئەرکی بەخێوکردنیان گرتووەتە ئەستۆ، بەڵام بەهۆی نووسینی وشەی "دۆزراوە" لەسەر ناسنامە و ڕەگەزنامەکەی، ڕووبەڕووی چەندین کێشە بووەتەوە.

ئەو کچە گوتی "ئەو خێزانەی پەروەردەیان کردووم بۆیان گێڕامەوە کە منیان لە نەخۆشخانەیەک وەرگرتووە، بەڵام لەبەرئەوەی لەسەر ناسنامە و ڕەگەزنامەکەم نووسراوە دۆزراوەیە، بۆیە نەیانهێشتووە بخوێنم و تەنانەت کێشەی شووکردنیشم بۆ دروستبووە".

نووسینی وشەی "دۆزراوە" لەسەر ناسنامە و ڕەگەزنامەی زۆر لە منداڵانی عێراق و هەرێمی کوردستان، گەورەترین کێشەی بۆ ئەو منداڵانە دروستکردووە. ئەو منداڵانە ئەوکاتەی لەدایک بوون بە هەر هۆکارێک بێت، لەلایەن کەسوکاریانەوە فڕێدراون. ئەوانە لە خانەی بێسەرپەرشتان، یان لەلایەن خێزانی دیکەوە هەڵگیراونەتەوە و بەخێوکراون.

لە عێراق بەپێی یاسای ژمارە 26ی ساڵی 2006 ، ڕەگەزنامە و ناسنامە دەدرێتە هاووڵاتیان، بەڵام بەپێی بڕگە (ب) لە مادەی سێی ئەو یاسایە، ئەو منداڵانەی فڕێدەدرێن لەسەر ناسنامەکانیان دەنووسرێ "دۆزراوە". ئەم وشەیەش بەسە بۆ ئەوەی ئەو منداڵە لە زۆربەی مافەکانی هەر منداڵێکی خاوەن دایک و باوک بێبەش بکات. وەکو مافی خۆکاندیدکردن لە هەڵبژاردنەکاندا.

لەساڵی ڕابردووەوە کۆمەڵەی بوستان بۆ پاراستن و پەروەردەکردنی منداڵان، دەستیان کردووە بە ڕووپێوییەک بۆ ئەم منداڵانە لە شارەکانی سلێمانی، هەولێر، بەغدا و دیالە. ئەیوب قەرەداغی، بەڕێوەبەری کۆمەڵەی بوستان بە (ڕووداو)ی گوت کە بۆیان دەرکەوتووە مانگانە سێ منداڵ وەکو منداڵی دۆزراوە تۆمار دەکرێن.

قەرەداغی دەڵێت ئەو منداڵانە کاتێک لەدایک بوون، هیچ تاوانێکیان نەبووە، بەڵکو بەهۆی هەڵەی دایک و باوکیانەوە تووشی ئەو ڕۆژگارە بوون، بەڵام بەهۆی نووسینی پێناسەی (دۆزراوە) لەسەر ڕەگەزنامەکانیان ناتوانن هیچ پۆستێکی کارگێڕی وەربگرن و بۆیشیان نییە خۆیان بۆ هیچ هەڵبژاردنێک کاندید بکەن، بۆیە داوا لە پەرلەمانتارانی کوردستان و عێراق دەکات بەهەر شێوەیەک بێت هەوڵی چارەسەرکردنی ئەو گرفتە بدەن.

پەرلەمانتارانی عێراق و هەرێمی کوردستان لەو حاڵەتە ئاگادار کراونەتەوە. پەرلەمانتارێکی عێراق پرۆژەیەکی ئەم کۆمەڵەیەی پێشکەشی سەرۆکایەتی کۆمار کردووە بۆ ئەوەی لەڕێگەی ئەوانەوە پرۆژە یاسایەک پێشکەشی پەرلەمان بکرێت تا هەمواری ئەو بڕگەیە بکرێتەوە.

ڕێزان شێخ دلێر ئەندامی لیژنەی ژنان و منداڵ و خێزان لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق کە پرۆژەکەی پێشکەشی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق کردووە، بە (ڕووداو)ی گوت "جگە لە ڕەگەزنامەکانیان، لە بەشی سەرەوەی ناسنامەکانیشیان بە قەڵەمێکی سوور ناوی دۆسیەکەی لێدەنووسرێ کە دۆسیەکە بەنێوی دۆزراوەیە".

هەروەها بەهار مەحموود جێگری سەرۆکی لیژنەی یاسایی لە پەرلەمانی کوردستان لەبارەی کێشەی منداڵە دۆزراوەکانەوە گوتی "ئەگەر ئەو کێشەیە تەنیا پەیوەندی بە ڕەگەزنامەوە هەبێت ئەوا لە دەسەڵاتی حکومەتی فیدراڵە، پەرلەمانی عێراق دەتوانێت ئەو بڕگەیە هەموار بکاتەوە، بەڵام بۆ ناسنامەکانیان دەتوانرێت داوای هەمواری یاساکە لە پەرلەمانی عێراق بکرێت و پەرلەمانی کوردستانیش کار بەو هەموارەی ئەوان بکات".

توێژەرانی کۆمەڵایەتی دەڵێن ئەم دەستەواژەیە کێشەی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ ئەم منداڵانە دروست دەکات. ئازاد جەلال توێژەری کۆمەڵایەتی گوتی "ئەم منداڵانە بەهۆی ئەم نووسینەوە لە کێشەی دەروونیدا نوقم دەبن، ئەگەر بۆیان چارەسەر نەکرێت ئەوا ڕووبەڕووی کێشەی دەروونی و کۆمەڵایەتی زۆرتریش دەبنەوە".

ئازاد پێشتر دۆسیەی سێ منداڵی لەو شێوەیەی لەلا بووە و گوتی "چەند ساڵێک لەمەوبەر کێشەی سێ منداڵی لەو شێوەیەم لەلا بوو، ئێستا زانکۆیان تەواو کردووە، بەڵام زۆر دڵخۆش نین بە بەدەستهێنانی بڕوانامە، چونکە ناتوانن خەونەکانیان بێننەدی و بوونەتە قوربانی دەستی یاساکان".

بەگوتەی ئازاد، کێشە کۆمەڵایەتی و دەروونییەکانی ئەو منداڵانە بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت. سەرەتا لە سۆز و میهرەبانی دایک و باوکیان بێبەش دەبن و لەگەڵ گەورەبوونیشدا بەشێکی زۆریان تووشی خەمۆکی دەبن.



کۆنگرێسمانێکی دیموکراتەکان:

# شتێک بەناوی عێراق نەماوە

پەریڤان سەعید
ڕووداو- واشنتن

لـە دانیشـتنی پرسـیار و وەڵامـی لیژنەی کاروبـاری سـەربازیی کۆنگرێسـدا کـە ڕۆژی چوارشەممەی ڕابردوو بەڕێوەچوو، مشتومڕێکی گـەرم دەربـارەی ئایندەی عێـراق و بژاردەکانی ئەمریکا هاتە ئاراوە.

وەزیری بەرگری، ئاشتۆن کارتەر و جەنەراڵ مارتن دێمپسـی پشتگیرییان لە سیاسەتەکانی کۆشـکی سـپی کـرد لەمـەڕ هەوڵەکانـی بۆ پاراستنی یەکێتی خاکی عێراق و سەرخستنی سـەرۆک وەزیرانـی عێـراق حەیـدەر عەبادی. بـەڵام هەوڵی یەکپارچە ڕاگرتنی عێراق لەلایەن ئەندامانی کۆنگرێسەوە ڕووبەڕووی زۆر پرسیار کرایەوە.

نوێنـەری واشـنتن، ئـادەم سـمیس کـە کۆنگرێسـمانێکی دیموکراتە، گوتی نیگەرانیی کاربەدەسـتانی ئەمریکا لە ئەگـەری ڕووخانی عێـراق مایەی تێگەیشـتنە، بەڵام دەبوایەیسـت بزانێت کـە چیدی کاتی ئەوە ماوە وڵاتێکی بە جەنگ وێرانبوو چاک بکرێتەوە.

"پێشتر زۆرجار گوتوومە، تازە ئەو فیشەکە لـە لوولەی تفەنگەکە دەرچووە. عێراق ئێسـتا دابـەش بـووە. دەتوانی بە ئاسـانی بڵێی کە چیدی شتێک بەناوی عێراق نەماوە".

وەکو ئەندامانی دیکەی کۆنگرێس، سـمیس داوای لە کاربەدەسـتەکانی حکومەتی ئەمریکا کرد پلان و سـتراتیژی ئیدارەی سەرۆک ئۆباما بۆ قۆناغی داهاتوو بخەنەڕوو.

"کەی ئێمە ئەو ستراتیژە دەگۆڕین و دەست دەکەیـن بە بنیاتنانـی توانای ئەو کەسـانەی ئامادەن شـەڕ بکەن؟" سـمیس بـە ئاماژە بە سیاسـەتەکەی ئۆباما بۆ ئـەوەی عێراقییەکان خۆیـان عێراق چاک بکەنەوە، ئەو پرسـیارەی کرد.

یەکێـک لە ڕووە پۆزەتیڤەکانی دۆخەکە، بە وتەی ئامادەبووان، ئەدای هێزە کوردییەکانە. کۆنگرێسمانی ئەریزۆنا، ترێنت فرانکس گوتی "سـتراتیژی کورد، وەکو هەمووان دەزانن، ئەو ستراتیژەیە کە کار دەکات".

کارتەر لەوەش زیاتر ستایشی کوردی کرد و بە "کەسـانی خاوەن ئیرادە و بە توانا" وەسفی کردن. "ئێمە هیوا دەخوازین کە سوپای عێراقی بە گشـتی وەکو هێزە کوردییـەکان بن. ئەوان نیشـانیاندا کە ئیـرادەی شـەڕکردنیان هەیە. توانـای شـەڕکردنیان نیشـاندا. ئـەم پیاوانە بەڕاستی شەڕکەرن".

کارتەر هەروەها گوتی کە واشـنتن پابەندە بە هاوکاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، هەرچەنـدە لـەم هەفتەیەدا سـێناتی ئەمریکا پاکێجی ڕاسـتەوخۆ پڕچەککردنی کوردستانی ڕەتکردەوە.

"بە هێزی ئاسمانی پشتگیرییان دەکەین. بە ئامێر و پێداویستی هاوکارییان دەکەین". کارتەر هەروەهـا ڕوونیکـردەوە کە خواسـتی ئیدارەی ئۆبامـا بۆ ناردنی چەک لـە ڕێگەی بەغداوە بۆ ئەوەیە کـە دەوڵەتێکی فرەنەتەوەی یەکگرتوو لـە عێراق دروسـت بکات "بەڵام بـە بەغدامان گوتووە، نابێت خاوە خاو بکات".

ئەو ئاماژەی بۆ ئـەوە کرد کە لە ڕابردوودا، بەغدا ناردنی چەکی بۆ هەرێمی کوردستان خاو کردووەتەوە "لە ڕۆژانی سـەرەتادا ئەو کارەیان هێواش دەکردەوە".

کارتـەر گوتی ئەو لەگەڵ مەسـعود بارزانی سـەرۆکی هەرێمـی کوردسـتان لـە کاتـی سەردانەکەیدا بۆ واشنتن، تەماشای لیستی ئەو چەکانەیان کردووە کە گەیشـتوونەتە دەسـتی هێزەکانی پێشمەرگە.

تولسـی گابارد، کۆنگرێسـمانی دیموکراتی لـە هـاوای، ئاماژەی بۆ ئەوە کـرد کە ئەمریکا هـەزاران کەسـی لە عێـراق بە کوشـت داوە و ملیـاران دۆلاری لەو وڵاتـەدا خەرج کردووە بێ ئەوەی هیچ هەنگاوێک بگرێتەبەر بۆ لە ناوبردنی جیاوازیی ئیتنی و مەزهەبی.

"سـەرەڕای بانگەشەکانی سـەرۆک وەزیران حەیدەر عەبادی، لەسـەر ئەرزی واقیع ئێسـتا سێ هەرێمی جیاواز لە عێراقدا هەن".

گابارد هەروەها گوتی کە سروشتی مەزهەبیی حکومەتەکەی عەبادی بووەتە هۆی ئەوەی زۆر کەسـی سـوننە پەیوەندی بە داعشەوە بکەن. ئەو گومانی لە پەیوەندییەکانی نێوان واشـنتن و بەغدا هەیە.

"بـەردەوام هانی ئیـدارەی ئۆباما دەدەم کە سیاسەتی پشـتگیریکردنی بەغدا بگۆڕێت. من دەڵێم ئەم حکومەتـەی بەغدا ئاگری مەزهەبی خۆشـتر دەکات بـە ڕێگـەدان بـەو میلیشـیا شیعیانە".

گابـارد هەروەها گوتی "کاتێک تکریت گیرا، خێزانە سوننەکان لەلایەن میلیشیا شیعەکانەوە تیرۆرکـران. خانووەکانیـان سـووتێنران. دوکانـەکان تاڵانکران. لـە ئەنجامدا وا دەبینین کە خەڵکی سوننە هیچ ئارەزوویەکیان نییە بچن شەڕی داعش بکەن".

"ئەوەی لە تکریت ڕوویدا ئامانجی ئێمە نەبوو. ئەو هێرشە ئۆپەراسیۆنێکی فەرمانپێدراوی ژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عێراق نەبوو. ئەگەر شیعە بنێری بۆ ناوچەی سوننە، دەزانی ئەنجامەکەی چـی دەبێـت؟" کارتـەر وەڵامی دایـەوە. ئەو هەروەها گوتی بەهێزکردنی سوننە فاکتەرێکی گرنگە بۆ لەناوبردنی داعش.

هەر لە چوارچێوەی ئەو مشتومڕەدا ژەنەراڵ دێمپسی گوتی "هەندێک لە دۆستە سوننەکانمان لـە عێراق و دەرەوەی عێراقیش زیاتر نیگەرانی شیعە و هەژموونی ئێرانین وەکو لە داعش".

ئەو بەرپرسەی پێنتاگۆن هەروەعا گوتی کە سوپای عێراق لەلایەن شیعەوە کۆنترۆڵ کراوە، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی سـوننە لە سـوپا دووربکەوێتەوە.

کۆنگرێسمان جەیمس لانگەڤین، دیموکراتێکی ولایەتی ڕۆدئایلەند، پرسیاری کرد ئاخۆ ئەمریکا دەیەوێـت بـەزۆر یەکێتیی عێـراق بپارێزێت لە کاتێکـدا کـە خەڵکـی وڵاتەکە چارەسـەرێکی جیاوازیان دەوێت؟

"باشـتر وا نییـە بیر لە سـتراتیژێکی دیکە بکەینـەوە، سـتراتیژێکی واقیعیتـر کـە وەڵام بێت بۆ ئەو شـتانەی خەڵکی ئەو وڵاتە خۆیان دەیانەوێت؟"



# ئەمریکا دەبێت چی لە داعش بکات؟

ڕووداو- واشنتن

"ئەمریـکا دەبێـت چی لە داعـش بکات؟" ئەمە ناونیشـانی تەوەرێکی گۆڤاری ناشـناڵ جورناڵی ئەمریکییە کە وەکو پرسیار ئاراستەی ژمارەیـەک شـارەزای سیاسـی ئەمریکایـی کردووە. (ڕووداو) لەبەر گرنگیی وەڵامەکان کە زۆر وردەکاری لەبـارەی جەنگی دژی داعش و ڕەهەندەکانی ئاشکرا دەکەن، بەپێویستی زانی دووبارە بڵاویان بکاتەوە.

## ڕێگەچارەی سەربازی و لەناوبردنی ئەسەد

ئێلیۆت ئابرامز کە پێشتر جێگری ڕاوێژکاری جـۆرج بوش بـووە، پێیوایە دوو شـت هەیە کـە ئەمریـکا دەتوانێـت و دەبێـت بیانکات: یەکەمیـان واز لەو دروشـمە بهێنن کە دەڵێت "هیچ ڕێگەچارەیەکی سـەربازی بۆ لەناوبردنی داعش نییە".

ئابرامـز پێشـنیاز دەکات لـە بـری ئـەم دروشـمە، ئەمریـکا دەبێـت ڕێگەچارەیـەک بدۆزێتـەوە بۆ ئـەوەی لەڕووی سـەربازییەوە داعش بوەسـتێنێ و هێزی جووڵە و گەشـەی وشک بکات. هۆکاری ئەم پێشنیازەی خۆیشی بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە سەرکەوتنە یەک لە دوای یەکەکانی داعش جۆرێک لە هێزی ڕەمزیی بەم ڕێکخراوە بەخشـیوە، ئەگەر شکستی پێ بهێنرێت و لەسـەر نەخشـە پانتایی جوگرافی دەسـەڵاتی ئەم ڕێکخراوە کەم بکرێتەوە، ئەوە ئەم هێزە ڕەمزیەی دەشکێت.

ئابرامـز پێیوایـە بۆ ئەم مەبەسـتە دەبێت ژمـارەی بۆردومانـەکان زیـاد بکـرێ و هێزی وشکانیش بەکاربهێنرێ.

دووەم شـت کە دەبێت ئەمریکا بیکات، بە بـڕوای ئابرامز ئەوەیە کە ئەمریکا سـەرلەنوێ پابەندبێتـەوە بـە ڕووخاندنی ڕژێمی بەشـار ئەسەد، لە کاتێکدا بە بڕوای ئابرامز کوشتاری 200 هەزار سوننە لەلایەن ئەم ڕژێمەوە دەستی بـاڵای هەبووە لە گەشـەی خێـرای ڕێکخراوە ئیسلامییە توندڕەوەکانی وەکو داعش.

ئابرامـز پێیوایە داعش لە عێراق شکسـتی پێناهێنرێت، مـادام چەکدارانی ئەم ڕێکخراوە دەتوانن سـووریا وەکو حەشارگە بەکاربهێنن، هەر بۆیە ئەمریکا دەبێت پشـتگیری خۆی بۆ چەکدارانی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا زیاد بکات و بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ تورکیا، ئـوردن و هاوپەیمانانی دیکە لە ناوچەکەدا، هەرێمی دژە فڕین لەناو خاکی سووریادا دابمەزرێنێ.

## زیادکردنی هێرشی ئاسمانی

جۆرزێـف جۆفـی، مامۆسـتای سیاسـەتی دەرەوە لـە زانکـۆی سـتانفۆرد و نووسـەری کتێبی "ئەفسـانەی شکسـتی ئەمریـکا"، لەو بڕوایەدایە کـە ئەمریکا نایەوێـت براوەی ئەم جەنگە بێت، بۆ ئەم مەبەسـتەش دەگەڕێتەوە سـەر لێدوانەکانی سـەرۆکی ئەمریـکا، باراک ئۆبامـا و گوتەبێـژی کۆشـکی سـپی جۆش ئێرنسـت لەبـارەی جەنگـی دژی داعـش لـە عێـراق کە تێیدا جەخت دەکەنە سـەر ئەوەی ئەمریـکا نایەوێت ئەم جەنگە بۆ عێراقییەکان بەرێتـەوە، بەڵام جۆفی پێیوایـە ئەم جەنگە تەنیا جەنگی عێراقییەکان لەگەڵ داعش نییە، بەڵکو لە هەمانکاتدا جەنگی پێگەی ئەمریکایە لە جیهاندا.

ئەو هەروەها لەسەر ئەو بڕوایەیە کە بەپێی ئەوەی داعش شـەڕی بەرەیی دەکات، دەکرێ لە ڕێگەی زیادکردنی هێرشـە ئاسمانییەکان و بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیـای نوێی جەنگییەوە لەناوببرێ.

## ئەمریکا بەدیلی بۆ داعش نییە

بـەڵام سـتیڤن کـووک لـە ئەنجوومەنـی پەیوەندییەکانـی دەرەوە، بـە پێچەوانـەی جۆرزێـف جۆفی و ئیلیۆت ئابرامز لەسـەر ئەو بڕوایەیـە کـە جەنگی دژی داعـش جەنگێکی ئایدیۆلـۆژی و سیاسـییە و لـە دەرەوەی سـنوورەکانی ئەمریکایە، هەر بۆیەش ئەمریکا نابێت فریو بخوات و بەشـێوەیەکی بەرفراوان بچێتە ناو جەنگەکەوە. کووک پێیوایە جەنگی دژی داعش جیاوازە لە جەنگە ئایدیۆلۆژییەکانی دیکـەی ئەمریکا لەگـەڵ نازیـزم و کۆمۆنیزم "نـەک لەبـەر ئـەوەی ئەمریـکا و داڕێژەرانی سیاسـەتی ئەمریکا ناتوانن جیهانی ئیسـلام و عـەرەب باش بناسـن، بەڵکـو لەبەرئەوەی ئەمریـکا ناتوانێـت جێگرەوەیەکی باشـتر بۆ پرۆژەی ئاینی و سیاسیی داعش پێشکەش بە ئیسلامییە توندڕەوەکان بکات".

## ترس لە بەنێودەوڵەتیبوونی داعش

جەیمز ڕۆبن، یاریدەدەری وەزیری دەرەوەی ئەمریکا و مایکڵ شـیهان یاریدەدەری وەزیری بەرگریی ئەمریکا دژی تیرۆرانینی ستیڤ کووک دەوەسـتنەوە و پێیانوایـە ئەگەرچـی داعش ئێسـتا مەترسـییەکی ئەوتۆ بۆ سـەر خاکی ئەمریکا دروسـتناکات، لەبەر ئەوەی تەرکیزی لەسەر سـووریا و عێراقە، بەڵام ئەگەری ئەوە هەیـە ڕەوشـەکە بگۆڕێـت و "داعـش ببێتـە ڕێکخراوێکـی تیرۆریسـتیی جیهانی کە وێنەی نەبینراوە".

بەبۆچوونـی ڕۆبن و شـیهان، لەبەر ئەوەی داعش ناوچەیەکی بەرفراوانی لە ژێر دەستدایە و هیچ گوشارێکی سەربازیی دەرەکیش لەسەر ئەم ناوچەیە نییە، هیچ دوور نییە لە داهاتوودا وەکو تاڵیبان لە ئەفغانستان ئەم ڕێکخراوەش "بەهـۆی بوونی بنکەکانی مەشـق و ڕاهێنانی سـەربازی لە سـووریا و عێراق دەشێت ببێتە ڕێکخراوێـک کـە مەترسـی جیـدی بۆ سـەر ئەمریکا دروست بکات".

لەم سۆنگەیەشەوە ڕۆبن و شیهان پێشنیازی ئـەوە دەکەن کە ئەمریـکا دەبێت بە زووترین کات "گەرەنتـی ئـەوە بـکات کە گوشـارێکی سـەربازی زیاتر لەسەر داعش دروست بکات". ئەم گوشارەش دەبێت بەردەوام بێت هەتا ئەو کاتەی "مەترسـی داعش بەشێوەیەکی بەرچاو کەم دەبێتەوە".

بەبۆچوونی ئەم دوو ڕاوێژکارەی پێشـووی حکومەتـی ئەمریـکا "باشـترین ڕێـگا بـۆ زیادکردنی گوشـاری سـەربازی لەسەر داعش بەکارهێنانـی هێـزی تایبەتـی ئەمریکییە لە نزیک مەیدانی جەنگەکـە، بۆ ئەوەی ڕێنمایی بدەنە فڕۆکە جەنگییەکان و لەم ڕێگەیەشـەوە فڕۆکەکان بتوانن لە کاتی پێویسـتدا شـوێنی پێویست بۆردومان بکەن".

## ڕاگرتنی باڵانس لە نێوان سووریا و عێراق

شـادی حەمید لێکۆڵـەر لە ئینسـتتیوتی بڕووکینگـز دەڵێـت سـتراتیژی ئەمریـکا بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی داعـش لەسـەر بنەمـای ئەنجامگیریـی کورتمـاوە و بردنـەوەی خێـرا دامەزراوە.

شادی حەمید پێیوایە یەکێک لە سیاسەتە زەقەکانی ئەمریکا لە کاتی کەوتنی مووسڵەوە ئـەوە بووە کە عێراق بەر لە سـووریا بایەخی پـێ بدرێت، ئەمەش وایکـردووە ئەمریکا هەر چەشنە هەوڵێکی جددی لە سووریا دوابخات.

بـە تێڕوانینـی شـادی حەمیـد، ئەمریـکا دەبێت لە جەنگی داعشـدا جۆرێک لە باڵانس لـە نێوان سـووریا و عێراقدا دروسـت بکات، ئەمـەش بە بەرزکردنەوەی ژمارەی چەکدارانی ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا دەکرێت، بەشـەکەی دیکەشـی دروسـتکردنی هەرێمێکـی دژە فڕیـن لەناو سـووریا لە خۆدەگرێـت، چونکە ئۆپۆزیسـیۆنی سـووریا لە یەک کاتدا دەبێت لـە دژی داعش و سـوپای سـووریا بجەنگن، بۆ شـەڕی سـوپای سـووریا ئـەم چەکدارانە پێویستیان بە ناوچەی دژەفڕین دەبێت "بەڵام ئایـا ئەمریـکا ئامادەیە ئەم بەرپرسـیارێتییە لەئەستۆ بگرێت؟".



# لە سۆران مێردمنداڵانیش حەبە شینەکەیان دەستدەکەوێ

مەهدی محەممەد ڕواندزی
ڕووداو - سۆران

"دەنکە شینەکە" یان "حەبی موعجیزە"، ئەمە ئەو ناوانەن لە حەبی ڤیاگرا نراون لە قەزای سۆران کە ئێستا ڤێرژنە کوردییەکەشی لە دەرمانخانەکاندا هەیە. دەرمانسازان دەڵێن حەبەکە لەلایەن بەساڵاچووان و تەنانەت گەنجانیشەوە خواستێکی زۆری لەسەرە.

ئەم حەبە هیوابەخشە بۆ ئەوانەی کێشەی ڕەپبوونی چووکیان هەیە، یان بە ساڵاچوون و توانای سێکسکردنیان لاواز بووە، بەڵام ئێستا گەنجانیش داوای دەکەن. نرخی پاکەتێکی حەبەکەش بەپێی جۆر و کوالێتییەکەی و وڵاتی بەرهەمهێنەر لە 2 هەزار دینارەوە دەستپێدەکات تاوەکو 130 هەزار دینار.

## ڤیاگرا چۆن کاردەکات؟

لە ڕێگەی زیادکردنی ڕۆیشتنی خوێن بۆ نێو شانەکانی چووک، ڤیاگرا دەبێتە هۆی ڕەپبوونی چووک. ئەگەر بە ڕاوێژی پزیشک و بۆ کەسی گونجاو بەکاربهێنرێت، تاڕادەیەکی زۆر سەلامەتە و بە دەگمەن لە کەسانی تەندروستدا کاریگەریی گەورەی نەرێنی دەبێت.

بەپێی خەمڵاندنە جیهانییەکان، ڤیاگرا 92%ی بازاڕی دەرمانەکانی چارەسەری ڕەپنەبوونی چووکی کۆنترۆڵ کردووە.

## دەست مێردمنداڵانیش دەکەوێ

ئەو حەبە لە ئەورووپا و وڵاتانی دیکەی دونیا بە ڕەچەتەی پزیشک و زیاتر بەساڵاچووان یان ئەوانەی کێشەی ڕەپبوونی چووکیان هەیە بەکاریدێنن، بەڵام لە کوردستان بە گشتی، گەنجانی بێ ژنیش دەستیان بەو حەبە دەگات و بەکاری دەهێنن، بێئەوەی ڕەچەتەی پزیشکیان هەبێت.

بۆ زیاتر دڵنیابوون (ڕووداو) لە ڕێگای مێرمنداڵێکەوە بەدواداچوونێکی مەیدانی لەنێو چەند دەرمانخانەیەکی سۆران کرد، دەرکەوت کە زۆر بە ئاسانی دەرمانخانەکان ئەو حەبە دەدەنە هەموو کەسێک.



## بە شەرمەوە داوای دەکەن

خاوەنی دەرمانخانەیەکی سۆران کە پێی باش نەبوو ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی "هیچ سانسۆرێک لەسەر دەرمانخانەکان نییە کە ئەم جۆرە حەبانە چۆن و بە کێ بفرۆشن".

ئەو خاوەن دەرمانخانەیە گوتیشی "ڕۆژانە گەنجێکی زۆر دێنە لام و داوای حەبی ڤیاگرا دەکەن، بەڵام ئەگەر بزانم گەنجەکە ژنی نییە پێی نافرۆشم، چونکە ڕەنگە بە فرۆشتنی حەبێکی وا بە گەنجێکی هەرزەکار، کێشەی کۆمەڵایەتی گەورە بکەوێتەوە".

بەساڵاچووانیش ئەگەرچی کڕیاری سەرەکی ڤیاگران، بەڵام بە شەرمەوە داوای دەکەن. خاوەنی دەرمانخانەکە دەڵێت "کڕیاری پیرمان زۆرە، بەڵام بە شەرمەوە داوای دەکەن، یان کە داوای دەکەن دەڵێن بۆ خزمێکمانە".

## هیندی بەرناکەوێت و کوردی کڕیاری کەمە

بەپێی قسەی خاوەن دەرمانخانەکان، چەندین جۆری حەبی ڤیاگرا کە دروستکراوی وڵاتانی جیاجیان، هاوردەی کوردستان دەکرێن.

ئەو خاوەن دەرمانخانەیە دەڵێت، ئێستا خواستێکی زۆر لەسەر حەب و دەرمانە بەهێزکەرە سێکسییەکان هەیە "بە تایبەتی ڤیاگرای هیندی کە نرخی پاکەتێکی تەنیا 2 هەزار دینارە، بەڵام ئاواگرا کە بەرهەمی کارگەی ئاوامێدیکایە کەمترین خواستی لەسەرە".

ڤیاگرا ناوە زانستییەکەی (sildenafil) ە بەناوە بازرگانییەکانی وەکو (revagra، Viagra، degra، kamagra) لە دەرمانخانەکاندا دەستدەکەوێت. ئەم حەبە لە 27ی ئاداری 1998 لەلایەن کۆمپانیای (فایزەر)ی ئەمەریکی خرایە بازاڕەوە. سەرەتا بۆ چارەسەی هەندێ نەخۆشی بەکاردەهێنرا، بەڵام لەئەنجامی بەکارهێناندا دەرکەوت کە دەبێتە هۆی ڕەپبوونی چووک، ئیدی وەکو چارەسەرێک بۆ لاوازیی توانای سێکسکردن بەکارهات.

لە ئەورووپا نرخی ئەو حەبانە لە نێوان 45 - 70 یۆرۆیە، کەچی لەکوردستان نرخی هەندێکیان تەنیا 2 هەزار دینارە. ئەمەش وایکردووە کڕیاری زۆربن.

پزیشکانی پسپۆڕ بەردەوام ڕێنمایی هاووڵاتیان دەکەن کە نابێت ئەم جۆرە حەبانە دوور لە چاودێریی پزیشک بەکاربهێنن، بەڵام زۆر لە بەکارهێنەرانی ڤیاگرا لە کوردستان گوێ بە ڕێنماییەکانی پزیشک نادەن. زۆرجار ئەو گوێپێنەدانە دەبێتە هۆی ئەوەی حەبەکە لە جیاتی بەخشینی هێز، مەرگ بە بەکارهێنەرەکە ببەخشێ. ماوەیەک لەمەوبەریش دەنگۆی مردنی پیاوێکی بەساڵاچوو بەهۆی خواردنی ڤیاگرا لە سۆران بڵاوبووەوە.

یوسف جەمیل جبرائیل، پزیشکی دەرمانساز لە نەخۆشخانەی ئاشتی لە سۆران، پێناسەی ڤیاگرا دەکات و دەڵێ "ڤیاگرا ناوی دەرمانێکە کە لەگەڵ خولیا و فانتازیاکانی نێرانە تێکەڵ بووە، دەرمانێکە بەشەرمەوە داوا دەکرێت و چاوەڕێی موعجیزەی لێدەکرێت".

ئەم دەرمانسازە هۆشداری دەداتە ئەوانەی دوور لە ڕێنمایی پزیشک ڤیاگرا بەکاردێنن و دەڵێت "ڤیاگرا دەبێت بە ئاگاداریی پزیشک بەکاربێت و دەرمانخانەکان نابێت ئەم دەرمانە بێ ڕاچێتەی پزیشک بفرۆشن. چونکە هەندێک کەس هەستیارن بەم دەرمانە. ئەوانەی ئەو دەرمانانە وەردەگرن کە لە پێکهاتەکەیاندا ماددەی نایترێیتسی تێدایە وەکو دەرمانەکانی (isosorbide، cobicistat، nitroglycerin، isosorbide dinitrate، mononitrate و atazanacir ) نابێت بەهیچ شێوەیەک ڤیاگرا بەکاربێنن، چونکە دەبێتە هۆی دابەزینی مەترسیدار و کتوپڕی پاڵەپەستۆی خوێن، هەروەها ڤیاگرا کاریگەری نەخوازراویشی هەیە وەکو سەر ئێشە، دڵەکزێ، سکچوون، لووتگیران و زۆر کاریگەری دیکەی لاوەکی".

یوسف ڕێنمایی ئەوانە دەکات کە نەخۆشییەکانی دڵ، بەرزی و نزمیی فشاری خوێن، سستی گورچیلە، نەخۆشیی جگەر، برینی گەدە و ناتەندروستی فیزیکی لە چووک و نەخۆشییەکانی چاویان هەیە، پێویستە لە ژێر چاودێریی پزیشک جۆرەکانی ڤیاگرا بەکاربهێنن، چونکە مەترسی لەسەر ژیانیان دەبێت.



دکتۆر ئیکرام حوسێن

## ئەی بریندارانی جەنگ؟

بەپشتی ئۆتۆمبێلەوە و لە دەمی زۆر بەرپرسەوە و لەسەر دیواری زۆر شوێن و لە زۆر بەرزاییشدا ناوی پێشمەرگە دەبینی و دەبیستی، ئەمە کاتێک دەجەنگێت، کاتێکیش شەهید دەبێت مەراسیمیان بۆ سازدەکرێت و هەندێک کەس سەردانیان دەکەن کە تێکڕای جۆرەکانی جلی کوردییان لەبەردایە، لە ستارخانی و مرادخانی و مەهابادی و نەوشیروانی و نێچیرڤانی، هاتنتان جێگای ڕێزە، بەڵام ئەوانەی باسیان لێوە ناکرێت و زۆرترین پێویستییان بە هاوکارییە، برینداران.

ئەگەر شەڕی داعش نەبووایە هەرگیز وەزارەتی پێشمەرگە نەدەکەوتە پێش وەزارەتەکانی دیکەوە لە وەرگرتنی مووچەدا، ئێستا نێوبانگی پێشمەرگە بە شێوەیەک بڵندە، کەس زاتی ئەوە ناکات تەنانەت ڕەخنەشیان لێبگرێت، بڕیارەکەی وەزارەتی داراییش بۆ لێخۆشبوونی شەهیدەکان لە پێشینەکان، تەنها جێبەجێکردنی ئەرکێک بوو بەرامبەر کەسوکاری شەهیدان، کابرا گیانی خۆی بەخشیوە، ئیتر پارەی چی لێوەردەگریتەوە؟ بەڵام ئەی بریندارەکان؟ شایانی ئەوە نین ببەخشرێن؟

تا کۆتایی ساڵی 2013 ش، لە وەزارەتی تەندروستی دوو پزیشکی ڤێرترنەری، بڕیاردەر و ئەندام بوون لە لیژنەی سەرپەرشتیکردنی کاری ئەو کەسانەی خاوەن پێداویستی تایبەت بوون کە یەکێکیان بە ڕەگەز عەرەب بوو، ئەوی دیکەشیان کوردیەکەی باش نەبوو، لە ڕاستیشدا کاری ئەوان سەرپەرشتیکردن و چاودێریکردنی ئاژەڵە.

بەپێی ئامارەکانی وەزارەتی پێشمەرگە و شەهیدان بێت، زیاتر لە شەش هەزار بریندار شەڕی داعش هەن، ئەوانە لە مردن گەڕاونەتەوە، یانی مردنیان بینیوە و بڕیاری شەهیدبوون و بەخشینی گیانی خۆیان داوە، بەڵام ئێستا چۆن چارەسەر دەکرێن؟

بریندارانی جەنگی داعش لەگەڵ ئەوەی زۆریان خەرجی چارەسەرکردنیان لە دەرەوەی هەرێم دەکەوێتە ئەستۆی خۆیان و کەسوکاریان، بەڵام کاتێکیش دەبنە خاوەن پێداویستی تایبەت، ژیانیان چی بەسەر دێت؟

بە تەنیا وشەی بریندار بەس نییە، ئەوان سەراپای ژیانیان دەگۆڕێت، کێ دەتوانێ ئەو پێشمەرگە بریندارە لە بیر بکات کە بەهۆی شێوانی ڕوخسارییەوە منداڵەکەی نەیدەناسییەوە و نەدەچووە لای؟

وەزیرانی پێشمەرگە و تەندروستی و شەهیدان و کاروباری کۆمەڵایەتی و پلاندانان، ڕۆژێک لە جیاتی ئەوەی بە ئۆتۆمبێلەکانتان بڕۆنە کۆبوونەوەیەک، لە جێی شەش هەزار برینداری جەنگی داعش و هەزارەها کەسی دیکەی خاوەن پێداویستی تایبەتی ئەم وڵاتە، سواری پێنج عەرەبانە ببن و پیاسەیەکی شەقامی پزیشکانی سلێمانی یان هەولێر بکەن، بزانن دەتوانن چەند سەد مەتر ببڕن لە چەند کاژێردا، هەر هەمووتان هەوڵبدەن لە شەقامی شەستی سلێمانی یان هەولێر بپەڕنەوە، بزانن چەندتان کات دەوێت، هەر هەمووتان هەوڵ بدەن سواری پاسێک ببن ئەگەر پارەی تاکسیتان پێنەبوو، بزانن کام پاس جێگای خۆتان و عارەبانەکانتانی تێدا دەبێتەوە، بەم مانگی ڕەمەزانە پێکەوە بڕۆن لە مزگەوتێک نوێژ بکەن، بزانن چۆن دەڕۆنە ژوورەوە، چۆن دەستنوێژ دەگرن و چۆن چۆنی دەڕۆنە سەرەوە بۆ شوێنی نوێژکردن، پێکەوە بڕۆنە بازاڕێک، بڕۆنە بەردەم مارکێتێک، بڕۆنە شارەوانی، بڕۆنە ئەو شوێنانەی هەموو کەس کاری تێیاندەکەوێ، ببینن بەهۆی پلان و داواکارییەکانی ئێوەوە، خزمەتگوزارییەکان بۆ برینداران و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان چەند زۆر و چەند جۆرن، هەر ئەوانەش ناکەن، ڕۆژێک لە شوێنی ژیانتانەوە بە عەرەبانە بڕۆن بۆ وەزارەتەکانتان، تا ببینن و تێبگەن پاڵەوانەکانی جەنگ و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان چۆن و بە چ حاڵێک سەردانی وەزارەتەکانی ئێوە دەکەن.

# 6 ڕێگەچارە بۆ قژ وەرین

ڕووداو - فۆکس نیوز

هەموو ڕۆژێک هەریەکەمان 50 - 100 تاڵەموو لەدەستدەدەین کە بە دیاردەیەکی ئاسایی هەژمار دەکرێ. بەڵام کاتێک تێبینیت کرد قژت تەنک دەبێ، دەڕووتێتەوە، یان گورزە موو بەدەست و شانەکەتەوە لێدەبنەوە، ژن بیت یان پیاو، نیگەران دەبیت و خەمی لێدەخۆی.

قژ وەرین تەنیا گرفتێک نییە کار لە جوانیمان بکات. لەگەڵ ئەوەی زۆربەی حاڵەتەکان بۆماوەیین، هەندێکجار قژ ڕووتانەوە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە شتێک لەنێو جەستەمان باش ناگوزەرێ.

### ئەمانە هەندێک هەنگاوی کرداری زانستین بۆ ڕێگەگرتن لە قژوەرین:

### 1 - پشکنین بۆ هۆرمۆنەکانت بکە:

قژ ڕووتانەوەی نێرینە، بڵاوترین جۆری قژ وەرینە. ئەکادیمیای ئەمریکی تایبەت بە نەخۆشییەکانی پێست دەڵێت 80 ملیۆن کەس لە ئەمریکا تووشی ئەم حاڵەتە بوون. هۆرمۆنی بەرپرس لەو حاڵەدا (دایهیدرۆ تێستۆستیرۆن)ە.

هۆرمۆنی نێرینەی تێستۆستیرۆن، لە جەستەدا گۆڕانکاری بەسەرداردێت و دەگۆڕێت بۆ پێکهاتەی هاوشێوەی ئیسترۆجین. بەڵام لە هەندێک کەسدا لە گۆڕانکارییەکەوە بڕێکی زۆر لە دایهیدرۆتێستۆستیرۆن پەیدادەبێ و لەئەنجامدا ئەگەری قژ ڕووتانەوە زۆرتر دەبێ.

پشکنینی تاقیگەیی دەتوانێ ئاستی هەر یەک لەو هۆرمۆنانەت بۆ دیاری بکات. پزیشکەکەت بە زانینی ئاستی ئەو هۆرمۆنانە سەرەداوێکی دەستدەکەوێ سەبارەت بە هۆکاری قژ ڕووتانەوەکەت.

### 2 - بۆ هۆکاری بنەڕەتیی دیکە بگەڕێ:

ڕووان و گەشەی موو پێویستی بە ژینگەیەکی گونجاوە، بۆیە تێکدانی ئەو ژینگەیە لەلایەن هەر نەخۆشییەک، کار لە کوالێتی و توانای گەشەی موو دەکات.

لە نموونەی ئەو نەخۆشیانەی دەبنە هۆی قژ وەرین دەتوانین ئاماژە بکەین بە: کەمخوێنی، شەکرەی جۆری دوو، گرفتەکانی ڕژێنی دەرەقی، نەخۆشییەکانی کۆئەندامی بەرگری وەک دەردەڕێوی، فشاری دەروونی.

### 3 - زێدەڕۆیی مەکە لە ستایل:

ئەگەر قژت لوولە، فشارێکی زۆری مەکە بۆ خاوکردنەوەی، چونکە ئەوە دەبێتە هۆی شکاندنەوەی تاڵەمووەکان. هەروەک بە وریاییشەوە کرێم و جێڵی کیمیایی بەکاربهێنە و زێدەڕۆیی مەکە لە بەکارهێنانیان.

وشککەرەوەی زۆر گەرم و ساوناى وشکیش شێداریی مووەکان کەمدەکەنەوە و لەگەڵ تێپەڕینی کات زیانیان لێدەدەن.



### 4 - دەرمانی دژە ڕووتانەوە هەن:

مینۆکسیدیل لەلایەن دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی (FDA) پەسەندکراوە بۆ چارەسەری قژ وەرین، بەڵام دەبێت بەردەوام بەکاربهێنرێت تاوەکو کاریگەرییەکەی بەردەوام بێت. هەروەک دەبێت ئارامت هەبێ لەگەڵی، چونکە 4-6 مانگی دەوێ تاوەکو کاریگەرییەکانی دەربکەون و دوای ساڵێک تەواوی کاریگەرییەکەی بەرجەستە دەبێ. ئەم دەرمانە بەشێوەی شامپۆ و سپرای و جێڵ هەیە و بەبێ ڕەچەتەی پزیشکیش دەفرۆشرێت.

دەبێ بڵێین مینۆکسیدیل سەرەتا بۆ چارەسەری بەرزیی فشاری خوێن بەکاردەهات، چونکە بۆرییەکانی خوێن فراوان دەکات. کەچی دواتر بینییان ئەوانەی بەکاری دەهێنن مووی لەشیان بەگشتی زیاد دەکات، ئینجا بەشێوەی شامپۆ و کرێم و جێڵ و سپرای بۆ قژ دروستکرا، تاوەکو تەنیا مووی ئەو شوێنە زیاد بکات کە لێی دەدرێت، نەوەک مووی هەموو لەش.

فیناستیرایدش لەلایەن هەمان دەزگاوە پەسەندکراوە بۆ چارەی قژ وەرین، بەڵام تەنیا بۆ پیاوان. ئەمەیان لێکەوتەی نەرێنی زۆرترە و دەبێت پزیشک ئاگادار بکەی و دیاریی بکات کە تاوەکو چەند بۆ تۆ گونجاوە، هەروەها بۆ چاودێریکردنی هەر لێکەوتەیەکی نەخوازراو، واتە بێ ڕەچەتەی پزیشک نافرۆشرێ.

### 5 - چارەسەر بە لەیزەر:

دەزگای خۆراک و دەرمانی ئەمریکی هەندێک ئامرازی چارەسەر بە لەیزەری پەسەند کردووە کە خەڵکی بیکڕن و خۆیان بەکاری بهێنن. وا بڕوا دەکرێ تیشکی لەیزەرەکە چیکڵدانە مووەکان بوروژێنێ و هانی گەشەیان بدات.

### 6 - ڕواندنەوەی موو:

لە ڕێگەیەوە چیکڵدانەی چالاکی موو بە مووەکانیانەوە لە فەرووی سەردا دەڕوێنرێن و موو لە ناوچە ڕووتاوەکەدا پەیدا دەبنەوە. دوای بێهیوابوون لە ڕێگەچارەکانی دیکە، پەنا بۆ ئەم ڕێگایە دەبردرێ.

رووداو
هەمەجۆر
ژمارە (364) دووشەممە 2015/6/22



## مستەفا ئەحمەد بێدەنگیی پێ باشترە

**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندی دیاری بواری شانۆ و دراما مستەفا ئەحمەد رایگەیاند کە ئێستا سەرقاڵی هیچ کارێکی هونەری نییە و بێدەنگیی هەڵبژاردووە.

مستەفا ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت "هەرچەندە ئەمساڵ چەند داواکارییەکیشم پێشکەش کرا بۆ بەشداریکردن لە کاری هونەری، بەڵام بەشداریی هیچ کارێکم نەکردووە و بڕواش ناکەم بەشداری بکەم، جارێ بێدەنگیم هەڵبژاردووە.. لەم قۆناغەدا ئەو بێدەنگییەم باشترە".

دوایین کاری هونەریی مستەفا ئەحمەد بەشداریکردن بوو لە زنجیرە درامای "تارمایی تاوان" کە ساڵی رابردوو لەلایەن کۆمپانیای بابیلۆنەوە بەرهەمهێنرا، جگە لەوەش هەفتانە بە هاوکاری رۆژنامەنووسێکی دیکە، بەرنامەی "تاڵ و شیرین" لە رادیۆی نەوا پێشکەش دەکات.

## چوپانی تاجەکەی وەرگرت



**دەریاز یونس**
**رووداو- هەولێر**

لەیلا چوپانی، تاکە کچی کوردی رۆژهەڵاتی کوردستانە کە خۆی بۆ شاجوانی گراندی جیهانی کاندید کردووە و لەلایەن بەڕێوەبەرایەتیی ئەم رێوڕەسمەوە قبوڵ کراوە.

لەیلا چوپانی بەناوی کوردستانەوە بەشداری لە رێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانی مەزنی جیهان دەکات کە بڕیارە لە مانگی ئۆکتۆبەری 2015 لە تایلەند بەڕێوەبچێت.

لەیلا چوپانی بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئێستا تاجەکەی ئامادەیە و گەیشتووەتە دەستی، ئەمەش نەریتێکی ئەم رێوڕەسمەیە و سەرجەم کاندیدەکان کە دەگەنە تایلەند دەبێت تاج و شریتی شاجوانێتی لەگەڵ خۆیان ببەن، شریتەکەشی بەناوی کوردستانەوە دەبێت.

کاریسا ئالی، باڵیۆز لە کۆمپانیای میسیلۆژی جیهانی بە (رووداو)ی گوت "شاجوانی مەزنی جیهان Miss Grand International، تاکە رێوڕەسمی هەڵبژاردنی شاجوانە لە جیهان کە رێگە دەدات کچانی کورد بەناوی کوردستانەوە بەشداری بکەن، رێوڕەسمەکانی دیکە بەهۆی ئەوەی کە کوردستان دەوڵەت نییە، رێگە بەوە نادەن".

## سەیران دەبێتە پێشکەشکار



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

کچە گۆرانیبێژی رۆژهەڵاتی کوردستان سەیران ئەحمەد چەند داواکارییەکی بۆ کاری پێشکەشکاری و بەشداریکردن لە فیلم پێشکەشکراوە، بەڵام ئەو کاری پێشکەشکاری بەلاوە باشترە.

سەیران ئەحمەد بە (رووداو)ی گوت "دەمێکە چەند کەناڵێکی کوردی دەخوازن وەک پێشکەشکار کاریان بۆ بکەم، بەڵام بەهۆی سەرقاڵیم بە گۆرانیگوتنەوە نەمتوانیوە داواکەیان قەبوڵ بکەم. ئێستا لەگەڵ کەناڵێکی کوردی لە گفتوگۆداین بۆ ئەوەی بەرنامەیەکیان بۆ پێشکەش بکەم".

سەیران دوای بڵاوکردنەوەی چەند گۆرانییەک ناوبانگێکی زۆری پەیداکردووە و زۆر دەرهێنەر و کۆمپانیا داوا دەکەن بەشداری فیلم بکات، بەڵام ئەو زیاتر حەزی لە پێشکەشکارییە و دەڵێت "چاوەڕێم بن بەم زووانە لە کەناڵێکی کوردی وەک پێشکەشکار دەردەکەوم".

## دارین دەگەڕێتەوە کوردستان



**دەریاز یونس**
**رووداو – هەولێر**

ئەستێرە و هونەرمەندی بەناوبانگی جیهانی دارین کە لە سوێد نیشتەجێیە، رایگەیاند کە پلانی هەیە لە داهاتوویەکی نزیکدا بگەڕێتەوە کوردستان.

خێزانەکەی دارین خەڵکی سلێمانین، بەڵام خۆی لە سوێد لەدایک بووە. دارین بە (رووداو)ی راگەیاند "پرۆژەی هاتنەوەم بۆ کوردستان هەیە و لە دوو مانگی داهاتوودا بەمەبەستی ئەنجامدانی چەند کارێکی هونەری دەگەڕێمەوە. گرنگترین کاریش لەم سەردانەوەیەم ئەوەیە کە کۆنسێرتێکی گەورە ساز بکەم". دارین هەرچەندە کوردە، بەڵام تاوەکو ئێستا هیچ گۆرانییەکی بە زمانی کوردی تۆمار نەکردووە. لەوبارەیەوە دەڵێت "بۆ من زمان هیچ جیاوازییەکی نییە، من گۆرانی بۆ هەموو مرۆڤێک دەڵێم، بۆ کورد بۆ سوێدی بۆ ئەفریقی".

دارین لەرێگەی پرۆگرامێکی دەنگخۆشی لە سوێد هاتە نێو بواری هونەر و دواتر بە بڵاوکردنەوەی ئەلبووم و کلیپی گۆرانییەکانی، ناوبانگێکی جیهانی پەیداکرد.

## دارایی لە خەلیل یابەشی بڕی



**میوا سەلاح**
**رووداو- هەولێر**

ئەکتەری دیاری شاری هەولێر خەلیل یابە رەخنە لە وەزارەتی دارایی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگرێ بەهۆی ئەوەی دەرماڵە و بودجەی سەنتەرەکەی بڕیوە.

خەلیل یابە کە سەرۆکی سەنتەری شانۆکارانی هەولێرە بە (رووداو)ی راگەیاند "چەند مانگێکە سەنتەرەکەمان دەرماڵە و بودجەی لێبڕاوە، ئەمەش راستەوخۆ لەلایەن وەزیری دارایی بووە، بێ ئەوەی هیچ حیسابێک بکات بۆ سەنتەرەکەی ئێمە و ئەوانەی چالاکیی بەردەوامیان هەیە".

خەلیل یابە پێیوایە بەهۆی ئەوەی بەشێکی زۆر لە هونەرمەندان حیزبین، بۆیە چاوەڕێی هەڵوێستی هونەرمەندان ناکات بەرامبەر ئەو بڕیارەی وەزارەتی دارایی.

## سایرس مێردی دەستناکەوێت



**رووداو- ئاژانسەکان**

ئەستێرەی پۆپی ئەمریکی مایلی سایرس بە ئاشکرا رایگەیاندووە کە ئێستا بە دوای کوڕێکدا دەگەڕێت بیکاتە هاوژینی خۆی.

مایلی سایرس لە چاوپێکەوتنێکی گۆڤاری Paper ئاشکرای کردووە، دەیەوێت کوڕێک بدۆزێتەوە نازی هەڵبگرێت و هەست و هۆشی لەگەڵ بەش بکات، هاوکات لەگەڵ رەوشت و هەڵسوکەوتی ئەو بگونجێت.

مایلی ئەوەشی ئاشکرا کردووە کە لە ژیانی خۆیدا گەلێک هەڵەی گەورەی کردووە لە هەڵبژاردنی هاوڕێیەکانی و دۆستەکانی کە بوونەتە هۆکاری ناوزڕاندنی.

مایلی سایرس زیاتر لە جارێک عاشق بووە، بەڵام لە هەموویاندا شکستی هێناوە و ئێستا بە تەنیا دەژیت.

## موحسین و کاروان دەیبەخشن






**پشتیوان جەمال**
**رووداو- سلێمانی**

هونەرمەندان موحسین عەبدوڵڵا و کاروان سابیر گۆرانییەکی هاوبەشیان تۆمار کردووە و لە ئایندەیەکی نزیکدا کلیپی گۆرانییەکە بڵاودەکەنەوە.

موحسین عەبدوڵڵا بە (رووداو)ی راگەیاند کە گۆرانییەکەیان بەنێوی بەخشینە و لە هۆنراوە و ئاوازی هونەرمەند زیاد ئەسعەدە. گوتیشی کە بۆ یەکەمجارە لەگەڵ هونەرمەندێکی دیکە گۆرانییەکی هاوبەش بڵێن "پێموایە دەبێتە یەکێک لە گۆرانییە جوانەکان و گوێگران و جەماوەری هونەری لێی رازی دەبن". موحسین عەبدوڵڵا یەکەم ئەلبوومی خۆی لەساڵی 2007 بڵاوکردەوە و دوای ئەوە هیچ بەرهەمێکی نوێی نەبووە.

## بەکر چاوی لە کەرتی تایبەتە



**رووداو – هەولێر**


دەرهێنەرێکی بواری دراما و شانۆ بەشێک لە قەیرانی دراما و شانۆ لە کوردستان دەگەڕێنێتەوە بۆ کەرتی تایبەت و دەڵێت هاوکاریی بواری هونەریی شانۆ و دراما ناکەن.

کەناڵە عەرەبییەکان بەبۆنەی رەمەزانەوە دراما لەدوای دراما پەخش دەکەن، بەڵام لە کەناڵە کوردییەکان کەمترین دراما پەخش دەکرێن کە زۆربەیان بیانین و دۆبلاژی کوردی کراون.

بەکر رەشید کە دەرهێنەرێکی کوردە، هۆکاری زۆریی دراما لە کەناڵە عەرەبییەکان دەگەڕێنێتەوە بۆ پاڵپشتیی کەرتی تایبەت و دەڵێت "لە وڵاتە عەرەبییەکان کەناڵەکان دراما بە پارەیەکی باش دەکڕن، ئەمە جگە لەوەی کەرتی تایبەت بودجەی بەرهەمهێنانی بۆ تەرخان دەکات".

بەکر رەشید دەڵێت رەوشەکە لە کوردستان تەواو پێچەوانەیە "کەرتی تایبەت لە کوردستان هاوکار نییە بۆ بەرهەمهێنانی هونەری، ئەگەر لە کوردستان کەرتی تایبەت هاوکار بووایە، ئێستا ئێمەش درامای زۆر باشمان دەبوو".

## بەختی رووداو



ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی
ayarfalak@hotmail.com

**کاوڕ**
هەوڵ دەدەی گۆڕانێک لەماڵدا بکەی یان کەلوپەلی نوێ بکڕی، مامەڵەیەکی نەرمتر لەگەڵ خێزانەکەت بکە. چالاکی زۆر ئەنجام دەدەی و ماندووبوون خۆشحاڵت دەکات. پەلەکردن لە پەیوەندی ئەڤینداری باش نییە.

**گا**
گوێ لە بیروڕای هاوڕێکانت بگرە، سوود لە ئەزموونیان وەردەگری. لە پەیوەندییە خۆشەویستیەکەت دڵنیا نیت، بەڵام هەستی ئاسوودەیی زیاد کردووی. خەیاڵەکانت زۆر دەبن و لە هەندێک کاتدا رەشبین دەبی ئەگەر کۆنترۆڵی خۆت نەکەی.

**جمک**
لەڕووی دەسکەوت و دەرامەتەوە ماوەیەکی باشە و دەتوانی بڕە پارەیەکی زیاتر بەدەست بهێنی بۆ پڕکردنەوەی پێویستیەکانت. کاتەکانی ئێستا بەنرخن بە بابەتی بەسوود بەسەریان بەرە.

**قرژاڵ**
ئەم هەفتەیە تیشکی هەتاو دێتە بورجەکەت، هەست بە چالاکییەکی نوێ دەکەیت و کارە تەواونەکراوەکان دەگەیەنیتە کۆتایی. هەوڵ دەدەی بەخێرایی دەست بەئەنجامدانی کاری نوێ بکەی.

**شێر**
ئەستێرەی ڤینۆس لەکەلوەکەتدایە، کاتێکی گونجاوە بۆ هەنگاوی نوێ، لەنێو ئەو پرۆژانەی بیریان لێدەکەیتەوە گرنگترینیان هەڵبژێرە بۆ جێبەجێکردن کە دڵنیابیت لەگەڵ توانات دەگونجێ.

**گوڵەگەنم**
بەهۆی دۆخی کارکردنی ئەم ماوەیە هەست بە ماندووبوون دەکەی، کارەکانیش بەشێوەی ئاسایی خۆیان دەڕۆن، چەند جارێک دەوەستن پاشان بەگەڕیان دەخەیەوە تا ئەنجامێکی باش بەدەست دەهێنی.

**تەرازوو**
بەجددی کارەکانت بکە، کەمتەرخەمی رووبەڕووی کێشەی زیاترت دەکاتەوە، کاتی گونجاو هەڵبژێرە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت. سەردان و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بیرۆکەی نوێت پێدەبەخشن.

**دووپشک**
بەهۆی ئەستێرەی زوحەل کارەکان بەخاوی بەڕێوە دەچن، بەڵام بڕوابەخۆبوون هاوکاریت دەکات بۆئەوەی هەنگاو بنێی بەرەو سەرکەوتن. بۆ گەڕانەوەی فرستێکی لەدەستچوو لە هەوڵەکانت بەردەوام بە.

**کەوان**
کارەکان کەوتوونەتە سەر رێچکەیەکی باش. پاشان دەتوانی ئاراستەیەکی باشتریان بۆ دیاری بکەیت. تواناکانت زۆرن بەڵام لە بابەتێکدا لێهاتوویی خۆت دەربخە. دەسکەوتی دارایی باشتر دەبێت.

**کارژۆڵە**
دوودڵ مەبە، ئەو گۆڕانکاریەی لە کارەکەتدا روودەدات لەگەڵ بەرژەوەندیی تۆ دەگونجێ. ئەم مانگە هەندێک رەشبینیی تێدایە، بەڵام هەستەکانت هەرچۆنێک بن ئەنجامەکان باش دەبن.

**سەتڵ**
بۆ ئەوەی کارێکی نوێ بکەی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان زیاد بکە. هاوڕێیەک هەوڵ دەدات هاوکاریت بکات، بەڵام توانایەکی زۆری نییە. هەواڵێکی خۆش دەبیستی کە چاوەڕوانی دەکەیت.

**نەهەنگ**
لەم هەفتەیەوە بەختەوەریت زیاد دەکات و هەست بەخۆشییەکی زۆر دەکەی، رابردوو لەیاد بکە و لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەوە. مامەڵەیەکی نەرم و نیان لەگەڵ چواردەورەکەت بکە.

# دە فەرمانی وەرگێڕان

ر. رەمەزانی
وەرگێڕانی: ساماڵ ئەحمەدی

1

ئەوەنـدەی بۆتان دەلوێ بەدوای کاری وەرگێڕان مەکـەون! مەگەر بەڕاسـتی متمانەتان بـە توانای خۆتـان لـە وەرگێڕانـدا هەبێـت. بێشـک گەلێک نووسراوی باش هەن کە پێویستە تەرجەمە بکرێن، بەڵام ئەم قسـەیە ئەوکاتە واتای دەبێت کە پێمان وابێ وەرگێڕانەکە بەباشی دەکرێت. تەرجەمەنەکردن زۆر لـە خـراپ تەرجەمەکـردن باشـترە! پێـش ئەوەی دەسـت بـە وەرگێڕان بکـەن، لە خۆتان بپرسـن ئاخـۆ وەرگێڕانەکەتان هیـچ زیان و خەسـارێک بە زمـان ناگەیەنێت؟ بیر لەو نووسـەرە بکەنەوە کە لەوانەیە بە وەرگێڕانـی خراپ نـاوی بزڕێت، یان بابەتەکەی بەهەڵـە درک بکرێت. بیر لـەو کڕیارەش بکەنـەوە کە بە پارە وەرگێڕانەکـەی ئێـوە دەکڕێت. ئەو خوێنەرەشـتان لەبەر زەین بێت کە لەوانەیـە کارەکەی ئێوە تووشـی سەرلێشێوانی بکات. هەروەها ژینگەشتان لەبیر نەچێت و بیر لـەو کاغەزانە بکەنەوە کە لەوانەیە بەخەسار بچن. خـۆ ئەگەر ئـەو بابەتانەی پێشـووش بۆ ئێوە گرینگ نین، هیـچ نەبێ بیر لـە ئابـڕووی خۆتان بکەنـەوە. ئـەم چەشـنە تێبینییانە لـە بەرامبـەر کەڵکەڵـەی وەرگێڕاندا زیاترتان رادەگرێـت. بەمجۆرە ئەگەر دەسـتتان بـۆ وەرگێـڕان بـرد، تەرجەمەکەتان جـودا دەبێتەوە لە هەموو چەشنە وەرگێڕانێکی بێ بایـەخ. هەروەها دەبێ ئەوەشـتان لەبیـر بێت، کە وەرگێڕان پێویستی بە کاتی ئـازاد هەیـە. کەواتە ئەگەر ئێوەش وەکو زۆربـەی خەڵک لە چەندین لاوە کار و کاسبیتان وەڕێخستووە و وەک دەڵێـن "کابـرا بـە هەزار سـەر دەڕوات!"، تکایە خەیاڵی وەرگێڕان وەلا بنێن.

2

تەنیا لەو بوارانەدا دەست بۆ وەرگێڕان بەرن کە پسپۆڕیتان تێیاندا هەیە. ئێستا هەموو پانتاییەکی تـۆرە، بگرە هەر بوارێک لە هـەر پانتاییەکدا، یان هەر لقێک لە هەر بوارێکدا زاراوەناسـیی تایبەت بە خۆی هەیە. هەر لقێکی تۆرە، خۆی گەلێک وشەی هەیە کە ئەگەر پێشـتر بە باشـی لەگەڵ بابەتەکە ئاشنا نەبن، ناتوانن لێیان تێبگەن. ئەوەشتان لەبیر بێت کە باسی ئاشـنایەتی لەگەڵ وشەکانی لقێکی تۆرە دەکەین، مەبەسـتمان زانینی مانای "وشە بە وشە" نییە، بگرە هەر وشەیەک چەندین واتا بەدوای خۆیدا کێش دەکات کە ناتوانین بە کەڵکوەرگرتن لە "وشەنامەکان" لێیان تێبگەین. پانتایی ئەدەبیاتیش لـەم بارەیەوە ئاوارتە نییە، تەنانەت ئەگەر بتانەوێ کورتە چیرۆکێک تەرجەمە بکەن کە بە زمانی خەڵکی کۆڵان و سەرجادە نووسراوە، دەبێ زمانی ئەو کۆڵان و جادەیە بە تایبەتمەندییە تایبەتەکانییەوە بناسن. ئەوەش راسـتە کە بەشێک لەو جۆرە خاڵانە بەدەم کارکردنەوە شـیاوی فێربوونن، بەڵام ئەمە هەردەم وەڕاسـت ناگەڕێت و پێویسـتە لەپێشـدا بەڕادەی پێویست زانیاریتان لە بوارەکەدا هەبێت.

3

پێویستە بزانن کاری وەرگێڕان لانیکەم پێویستی بە "زانین"ی دوو زمان هەیە. کەواتە بۆ تەرجەمەکردن، نابێ دڵ بـەوە خۆش بکەن، کـە بێجگە لە زمانی دایکیتان لەگەڵ زمانێکی دیکەش ناسیاویتان هەیە. ئەزقـەزا ئیـرادی زۆربـەی وەرگێڕانـەکان لەوەدایە وەرگێـڕ لە زمانی مەبەسـتدا کە زۆرجـاران هەمان زمانی دایکییەتی، بەڕادەی پێویسـت شارەزا نییە. لەوانەیـە ئێوەش، وەکو زۆر کەسـی دیکە، هەر لە سـۆنگەی ئەوەی کە لەگەڵ زمانێکی دیکەی بێجگە لە زمانی دایکیتان ناسیاویتان هەیە، وابزانن دەتوانن خۆ لە کاری وەرگێڕان بدەن. بەڵام لەبیرتان نەچێت کـە هەر لە ڕێگەی زمانی یەکەمتانەوە فێری زمانی دووەمیـش بوونە، هەربۆیـە چەندی زیاتر لە زمانی یەکەمتان شـارەزا بن و بیزانن، هێندەش لە زمانی دووەمدا شارەزاتر و زاناتر دەبن. خاڵـی جێـگای سـەرنج ئەوەیە کە ئاخێوەربوونـی زمانێک هـەردەم بـە مانای زانینی ئەو زمانە نییە. زانینی زمان پێویستی بە تێڕامانەوەی زمان، واتـە بەئۆبژەکردن و مەعریفەتی (شـوناس)ی ئەو زمانە هەیە، کەچی ئاخێوەری زمانێک، زمانەکە نەک بە شێوەی زمانزانانە، بگرە بە شێوەی سروشتی و "بەردەستی" (1) بەکاردێنێ.

4

وەرگێڕانەکەتـان بەپەلـە ئەنجام مـەدەن. ئەو تەرجەمانەی بەپەلـە دەکرێن، زۆربەیان باش لەکڵ دەرنایەن. دڵەڕاوکێ و گنخاندن لە هەموو شـتێکی دیکەدا خراپ بێت، لە کاری وەرگێڕاندا دەرهاویشتەی باشـی دەبێـت. باشـتر وایـە متمانـە بـە یەکەم تێگەیشتنتان نەکەن و هەردەم بە هەندێک گومانەوە کارەکـە بەرەوپێـش بـەرن. ئـەم کارە شـیمانەی هەڵەکردنتان کەم دەکاتەوە. بۆ نموونە، لەوانەیە لە زۆر جێدا تووشی زاراوەیەک ببن و پەلەکردن ببێتە هۆی ئەوەی نەزانستانە مانای وشەکە لێکبدەنەوە. ئەگـەر وەرگێڕێکـی باش بن، بـە خوێندنەوەی وەرگێڕانـی کەسـانی دیکەدا دەزانن کە لەڕاسـتیدا وەرگێـڕ چەنـدە زەحمـەت، وردبینـی و تاقـەت بەکاردێنـێ. وەکـو ئـەوەی کەم تـا زۆر لە گەلێک شـوێنی دیکەشـدا هەیە، لە بواری وەرگێڕانیشـدا چەندایەتـی و چۆنایەتـی پێوەندییەکی کەم تا زۆر پێچەوانەیان هەیە. هەر لەبەر ئەمەشە کە وەرگێڕاوی بەشـێک لـە وەرگێڕە فـرەکارەکان زۆر بـە دڵەوە نانووسێ.

5

## لەپێشدا بزانن ئاخۆ خۆتان لە وەرگێڕانەکەی خۆتان تێدەگەن!

دەتوانـن هـەردەم وەرگێڕانەکەتـان بدەن بە کەسـانی دیکە تاوەکو بۆچوونی خۆیانی لەسەر دەربڕن، بەڵام بەردەسـتترین بـژارە بۆ تاوتوێی وەرگێڕانەکەتـان ئەوەیە کە بزانـن ئاخۆ خۆتان لێی تێدەگەن! ئەگەر خۆتان بە دروستی لە تاکە رستەیەکی تەرجەمەکەتان تێنەگەیشتن، شکتان نەبێت کە ئەو رستەیەتان بەهەڵە وەرگێڕاوە. خۆ ئەگەر ژمارەی ئەو رستانەی وا خۆتان بە دروستی تێیان ناگەن لەنێو تەرجەمەکەتاندا زۆر بن، دەبێ بزانن کە وەرگێڕانی ئەو دەقە کاری ئێوە نییە و باشـتر وایە دەستی لێ هەڵگرن و لێی بێخەیاڵ بن. تێگەیشـتنی خوێنـەر دەچێتەوە سەر تێگەیشتنی وەرگێڕ. ناتوانن چاوەڕوان بـن خوێنەر لە شـتێک تێبـگات کە خۆتان تێی ناگەن. جـاری واش هەیە وەرگێـڕ هەرچـی دەکات و دەکرێنێـت لـە مانـای رستەیەکی نووسـەرێک تێناگات، هەربۆیە لە خۆی دەبوورێـت و بەگوێـرەی پاش و پێشـی رسـتەکە بەجۆرێک تەرجەمەی دەکاتەوە، کە سەرباری ئەوەی شـیاوی تێگەیشـتنە، کەچی دیار نییە بەڕاسـتی دروسـت بێت. ئەم کارەش لـە ئەخلاقی وەرگێڕان ناکاڵێتـەوە. دەبـێ لەگـەڵ خۆتان راسـتگۆ بن و تێبکۆشـن لە یەکە بە یەکەی رسـتەکانی نووسەر تێبگەن.



6

## چەندین جار وەرگێڕانەکەتان بخوێننەوە

وەرگێـڕە باشـەکان هـەر بە یـەک دوو جار خوێندنـەوە رازی نابـن وەرگێڕانەکەیـان بـە چـاپ و بڵاوبوونەوە بسـپێرن، ئـەوان لەهەمبەر وەرگێڕانەکەیاندا هەست بە بەرپرسیارێتی دەکەن. باشـتر وایـە لـە نێـوان کاتەکانـی دووبارە خوێندنـەوەی وەرگێڕانەکەتاندا مـەودا هەبێت. هەڵبـەت هیـچ کارێکیش لـەوە دژوارتـر نییە، کەسـێک چەندیـن جـار وەرگێڕانەکەی خۆی بخوێنێتـەوە. هەسـتکردن بـە پاتبوونەوە لەوانەیـە رێگە نـەدات ئیراد و کێماسـیی کارەکەتان بدۆزنەوە. لەبەر ئەمە، پێویستە وردە وردە و لەسـەرخۆ پێداچوونەوەکـە بکەن. هەرچەندێکـی لـە کاری وەرگێڕانـدا کارکوشـتەتر ببـن، نیازتـان بـە دووبارەخوێندنـەوە کەمتـر دەبێتـەوە. ئەوەشـتان لەبیـر بێـت، هەرکـە وەرگێڕانەکەتـان بـە چـاپ و بڵاوکردنـەوە سـپارد، ئیـدی کار لـەکار تـرازاوە: شـارەزایانی وەرگێـڕان کارەکەتـان تاوتـوێ دەکـەن، بەهەڵـە بەرچاوەکانتان پێدەکەنن و تەنانـەت رەخنەیـان لەسەر دەنووسـن. راستە دەتوانـن لـە چاپەکانـی دواتـردا بـە تەرجەمەکەتانـدا بچنەوە و چاکی بکەن، بەڵام هەرکە کارەکەتـان بـڵاو بـووەوە خـۆی دەبێتە خاوەنی بوونێکی سەربەخۆ و هەردەم لەجێی خۆیدا دەمێنێتەوە. ئەو وەرگێڕانە بێ بایەخەی چوار ساڵ لەمەوبەر کڕیم، ئێسـتاش لە سووچێکی ژوورەکەم لەنێو کتێبخانەکەمدا لە بەشی کتێبە بێ بایەخەکاندا کەوتووە. ماوەیەک لەمەوبەر چاوم بە وەرگێڕەکەی کـەوت و هـەر ئەوەنـدەم پێکـرا بـە دەربڕینێکی ناڕاستەوخۆ پێشـنیاری بۆ بکەم، لەبری وەرگێڕان بچێ چاو لە یاریی تۆپێن بکات.

7

بە ڕژدی فێری دەسـتوورەکانی خاڵبەندی ببن. باشترین کار بۆ فێربوونی دەستوورەکانی خاڵبەندی ئەوەیە کە نووسراوی کەسـانی زمانزان و شارەزای وەرگێڕان، نەک هەر پرزەنووسێک، بخوێننەوە و لە خاڵبەندییەکەیان ورد ببنەوە. بێگومان بژارچییەکی باش (هەڵەچن) دەتوانێ تاکو ڕادەیەک خاڵبەندیی وەرگێڕانەکەتـان ڕێکوپێک بکات، بەڵام خاڵبەندی، خـۆی تاکو ڕادەیەک بـە کاری وەرگێڕانەکەوە گرێ دراوە.

هەروەها لەبیرتان بێت کە خاڵبەندی پێڕەوی لە ژیربێژیی ماناسـازی دەکات، کە هەمان ڕەوانکردنی خوێندنەوە و ئاسانکاریی تێگەیشتنە. کەواتە ناکرێ لە هەرجێیەکی نووسراوەکەتاندا بە ئیشتیای خۆتان "خاڵبەندی" بکەن. بۆ نموونە، ناکرێ لەبەر ئەوەی هەناسەتان سوار بووە لەهەر جێیەکی ڕستەدا بینۆک "فاریزە" دابنێن.

ڕێگەیەکی بـاش بۆ فێربوونی خاڵبەندی ئەوەیە کە لە پێکهاتەی مانایی رسـتەکان تێبگەن. هەموو رستەیەک، تەنانەت ڕستەی سادەش، لە "نیهاد" و "گوزارە" پێک هاتووە. نیهاد ئەو شتەیە کە ڕستەکە لەبارەیـەوە دەدوێت و گوزارەش ئەو قسـەیەیە کە لەبارەی نیهادەوە دەکرێت، کە ئەم بەشە پێویستی بـە "فرمان" هەیە. کەواتە ئەوە شـتێکی زۆر دژوار نییە کـە بزانین دانانی "بینۆک" لەنێوان "نیهاد" و "گوزارە"دا لەگەڵ ژیربێژیی ماناسازی ناحەوێتەوە، هەرچەنـدە زۆرکەس ئەم کارە دەکەن. لەم ڕووەوە، لـەو ڕسـتانەدا کـە زۆر درێـژ دەبنـەوە و چەندین بـەش لەخۆ دەگـرن، دەبێ "بینۆک"ـەکان دوو-دوو بن، بە جۆرێک کە یەکیان پشـتیوانی لە ئەوی دیکەیان بکات. لەم کارەدا، "نیهاد" دەکەوێتە پێش "بینـۆک"ی یەکەمەوە، "گوزارە"ش دەکەوێتە پاش "بینـۆک"ی دووەمـەوە و بە شـێوەیەکی ژیربێژانە پێکـەوە دەبەسـترێنەوە. لـەم نموونەیـە بڕوانن: نیهاد، ....، گوزارە. لەم شێوازەدا دەتوانن ئەوەندەی کـە لە ڕسـتەکەتاندا بگونجێـت، چەندین بەش بە ڕسـتەکەتانەوە زیاد بکەن، بەبـێ ئەوەی ژیربێژیی ماناسـازییەکە تێکبچێـت. هەروەها تێگەیشـتن لـەوەی کە خاڵی (؛ ) دەبێ لە کوێی ڕسـتەدا دابنرێت، کاری هەموو کەسێک نییە.

8

دەسـت لـە وەرگێڕانەکەتـان وەربدەن، دەسـتکاریی یەکـە بـە یەکەی ڕسـتەکانی بکەن و بەشەکانی پاش و پێـش بکـەن، بـۆ ئـەوەی جوانترین و ڕەوانتریـن پێکهاتـەی بـۆ بدۆزنـەوە. ئەم دەسـتتێوەردانانە وەرگێڕانەکەتان باشتر و جوانتر دەکات.

هەموو زمانـەکان پێڕەوی لە پێکهاتەبەندییەکی یەکسـان ناکەن، لەبەر ئەمە، وەرگێڕان هەر دانانی واتای وشەکان لە جێگای یەکتردا نییە. هەوڵ بدەن پارستەکان و ئامرازە گەیەنەرەکان بە باشترین شێوە لەنێو شارستەکاندا جێگیر بکەن. بێجگە لەمە، دەبێ هەموو بەشە پێکهێنەرەکانی ڕستە لە باشترین جێگای خۆیانـدا دابنێن. بۆ نموونـە، دەکرێ "ئاوەڵکار" لە شـوێنە جۆراوجۆرەکانی ڕستەدا دابنرێت، بەڵام لە هەر ڕستەیەکدا شوێنێکی تایبەت هەیە کە باشترین شوێنە بۆ ئەوەی "ئاوەڵکار"ی تێدا دابنێن.

9

هـەوڵ بـدەن باشـترین هاوواتـا بـۆ هەمـوو وشـەیەک بدۆزنەوە. لەبیرتان نەچێت کە هاوواتای دروسـت، هەمیشە باشترین هاوواتا نییە. هەرچەند لەکارهێنانـی هاوواتای دروسـت خوێنـەر لە هەڵە تێگەیشـتن دەپارێزێت، بەڵام بەکارهێنانی باشترین هاوواتا تێگەیشتنەکە ئاسانتر و ڕەوانتر دەکات. بۆ دۆزینەوەی باشـترین هاوواتاکان پێویسـتە لە یەک دوو وشەنامە زیاترتان لەبەردەستدا هەبێت و هاوواتا جۆراوجـۆرەکان لە ڕسـتەکەتاندا دابنێن بۆ ئەوەی بزانن کامەیان زووتر و ڕەوانتر مەبەستەکە دەپێکێت. هەروەها ئاگادار بن کە "واتای یەکەم" جادووتان لـێ نـەکات (2). زۆربەی ئـەو وەرگێڕانەی کە زۆر کارکوشتە نین هاوواتای حازربەدەستیان بۆ زۆربەی وشـەکان لەبەردەسـتدا هەیە. دەبێ ئاگادار بن کە هاوواتای حازربەدەست هەردەم باشترین هاوواتا نییە و تەنانەت جـاری وا هەیە بەکارهێنانی لە دەقێکدا نادروسـتە. بۆ نموونە، لە دەقێکی "زەویناسی"دا، بەکارهێنانـی وشـەی ڕەخنەیـی (3) بۆ سـێڵاو، خوێنەر وەپێکەنین دەخات.

10

ئەو نۆ فەرمانەی سەرەوە لەبەرچاو بگرن، ئەویش پـاش دڵنیابوونەوە لەو بڕیارەی کە ئێوە وەرگێڕن، نەک ساختەکار.

لـەم نووسـراوەدا وا دانراوە کـە ئێوە تەڵەکەباز نیـن، بگـرە باوەڕتان بـە مانای "چاکـە / خراپە" یان "دروسـت / نادروسـت" هەیە. ئەگەر وانییە و ئێوە بیر لە هیچ شـتێک ناکەنەوە جگە لە قازانجی کەسیی خۆتان بە هەر نرخێک بێت، ئەوسا هیچکام لـەو خاڵانەی لەم نووسـراوەدا هاتـوون بەلاتانەوە گرنگیی نابێت. نە نووسـەر، نـە خوێنەر، نە زمان و نە تەنانەت خۆشـناوییی خۆشـتان. هەڵبەت ئەم نووسراوە پێی وانییە ئێوە ڕۆحانین و بە بای خودا بەڕێوەدەچن. زۆر ئاسـاییە کە لە بیری پەیداکردنی "پارە" یان دەسـتەبەرکردنی ناوبانگیشـدا بن، یان بیر لە "بەرزکردنەوەی ئاسـتی زانسـتی"ی خۆتان بکەنـەوە، کە بڕیارە پـارە و ناوبانگی بەدوادا بێت. لەم سەردەمەدا کە ڕوانگەی سەرمایەدارانە ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژ دەبێتە بابەتێکی ناچارەکی، جێی خۆیەتی کە ئێـوەش بچووکتریـن کار "بەخۆڕایی" نەکەن و هەر بیر لـە کاری فەرهەنگی و پەرەپێدانی زانست و ئەم جۆرە شتانە نەکەنەوە. بـەڵام لەبیرتـان نەچێت کـە دەبێ پارە، ناوبانگ و پەرەپێدانی زانستی تەنیا و تەنیا لە بەرامبەر "زەحمەت و کار"دا بـە ئێـوە بدرێت. ئەگەر لەمە بەدەر بێت، کارەکەی ئێوە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ دزی نابێت، ئەوەندە نەبێ کە ئەمە دزییەکی دووڕووانەیـە. بـەم پێیە، هەموو شـتێک لە پلەی یەکەمدا دەچێتەوە سەر ئەوەی کە ئێوە گەرەکتانە چ جۆرە مرۆڤێک بن، تەڵەکەبازێکی بێچاوەڕوو یان مرۆڤێکی دروسـتکار. کەواتە خۆتان لەگەڵ خۆتان ڕووبینـی مەکەن و یەکلا ببنـەوە، ئاخۆ دەتانەوێت کەسانێکی تەڵەکەباز بن؟

**پەراوێزەکان:**

**1. بەردەسـتی: (ئاڵمانیایـی Zuhanden؛ ئینگلیزی Ready-to-hand): ئیشارەیە بە چەمکی "بەردەسـتی" لە هـزری فەیلەسـووفی ئاڵمانیایی مارتـن هایدگەردا؛ "بەردەسـتی" ئـەو هەبوونانەن کـە بـەردەوام و لـە هەموو شـتێکی دیکـە زیاتر وەبەرچاومان دەکەون. هەروەها ئەو هەبوونانەن کە لە "نێزیک" ئێمەوەن. تایبەتمەندیی "نێزیکایەتی"، تایبەتمەندیی ئـەو "بەردەسـتی"یانەیە کە هەموو ڕۆژێک لە هەڵسوکەوتەکانماندا سەروکارمان پێیانەوە هەیە. (وەرگێڕ)**

**2. ئاماژەیـە بـۆ ئەم وتـارە: سـیروس پرهام، افسـون معنای اول. نشـر دانش. شماره 79 و 0 . ص11-9. تیر و اسفند 1372 .**

**3. critical**

**سەرچاوە: http://www. radiozamaneh.com/218800**


# پێشمەرگە خاک دەکاتەبەر



عزەدین مستەفا نەجمەدین

لەوەتەی هەم
ئاشنای تەقە و تفەنگ و بۆنی باروتم.
لەئامێزی مەتەرێزدا لەدایک بووم،
وەچەی خاکی قەرەبرووتم.
مامانەکەم هاوسەنگەرێکی دایکم بوو.. ناوکی بڕیم.
بە لچکی کۆڵوانەکەی خۆی
ئاوی سەر رووخساری سڕیم.
پارچەیەکی لە پشتێنی پشتی بڕی
پێچامیەوە وەک قۆنداغە.
شکۆدارن ئەو رۆژانەی
سەرینەکەم تفەنگێکی بێ قۆنداغە.
لە بری بانگ ..
دەسرێژ پەردەی گوێی کردمەوە.
لەنێو جەنگ و خوێنی یاران
چاوی گریاومم کردەوە.
دایکم تەوێڵی ماچکردم.
بە پێشمەرگە بانگی کردم.
تا ئازادی .. شاخ دەستاودەستیان پێکردم.
دواجار تفەنگەکەم ماچ کرد ..
خستمە ژووری یادەوەریم.
کەچی لەم بەرەبەیانە..
بەنەعرەتەی تفەنگی گۆرین ڕاچەنیم.
شاپەڕی سپی کۆتر و
چڵە زەیتونێکی وشک.
هەڵدەلەرزین" لەسەر کلکی
ژەهروەشێنی دوپشک.
چڵە زەیتونەکەم خستە
بەر کەمەری باخچەی هیوا.
پەڕامووچەی کۆترەکەشم
لە قوڕئاندا .. لەپاڵ سوورەی ئەنفال دانا.
سواری کۆڵی هەنگاوم بووم.
بەرەوتی با
بەدوای بانگی تفەنگداچووم.
لەدامێنی شینایەکانی شنگالدا .. شین دەگەڕا.
لەکۆڵانەکانی کۆبانی .. مرۆڤ دەبوونە قوربانی.
شنگال شنگی لێ بڕاوە ..
کۆبانی تەپین کۆبانی.
شیلەی شەڕ خوێنی شەهیدە
دوایین دەسرێژی قوربانیش
دایک ڕشاندی بە دیدە.
تفەنگ سواری دەستم بووە.
غەزەب سەرسێرەی گرتووە.
بۆ ئەو چەتە چەتوونانەی
لە نێو لوولەی تفەنگەوە
تەماشای فیردەوس دەکەن.
بۆ قاچاخچیەکانی ئیمان ..
هاتوون میهر لە قورئاندا قەدەغەکەن.
دڵیان لەنێو فرچکەی خوێنمان دەخوسێنن.
چڕنوک لە منارە دەگرن..
میحرابەکان دەڕووشێنن.
بەچاوداگرتنی گوللە عشق کەللەیان گڕ دەدا.
بە عەتری جەنگ مردن دەخەنەوە سەما.
خودا لە رشێنەی باران و
چاوتروکانی ئەستێرە و
مانگ بەجۆخینکردنەوە
تاڵێک نووری خۆی دەر دەخات.
ئەوان هێشتان بە غوباری دوای تەڕاتێنی زرێپۆش
دەسنوێژ هەڵدەگرن بۆ "صەلات".
بەهەشت لەدامێن کارێزە،
حۆری چوونەتە گوڵچنین،
ویژدان ئیمانی فرچکدا.
ئەوان لەکەلاوەکانی شنگالدا
چا دێم دەدەن.
لەسەرسێرەی تفەنگەوە
حۆری دەخەنە بۆسەوە.
لە خنکاندنی ویژداندا
خەریکی کەلەپچەکردنی ئیمانن.
تفەنگ سەربالم بەرنادا.
چاوم سەرسێرە قان نادا.
ئۆقرەم لەگەڵ خوێنی هاوسەنگەرێک رژا.
تۆڵە .. خوێن بوو.. بەچوارلەتی نیشتیمانەکەمدا پژا.
خودا بەدیار کۆچی شنگالیٔ راماوە!
فرمێسکی چاوی کۆبانێی وەکو شەددە
لەسەر چەمکی ژان داناوە.
خودا هەر میهرەبانە
من هێشتا هەر لەسەنگەرم
ئەمشەو ئاگردانەکانی شنگال
پڕدەکەمەوە لە ئاگر.
سبەش دەڕۆمە کۆبانی
بۆ نەورۆزیان
دڵ دەکەمە مەشخەڵی گڕ.

# نیچە و دەروونشیکاری لە ڕۆمانی (کاتێک نیچە گریا) دا



**بەفراو نوری**

ڕۆمانی (کاتێک نیچە گریا) ڕۆمانێکی دەروونناسانەیە، لەلایەن ئێرڤین یالۆم نووسەری ئەمریکیی بوونگەرا لە ساڵی 1992دا نووسراوە. لە چیرۆکی ڕۆمانەکەوە فیلمێکیش بە هەمان ناو دروستکراوە کە ژمارەیەک خەڵاتی وەرگرتووە. ڕۆمانەکە تێکەڵێکە لە خەیاڵ و حەقیقەتی ژیانی پاڵەوانەکان. یالوم بە جۆرێک چیرۆک و ڕووداوەکانی گرێداوەتەوە کە خوێنەر هەست بەوە ناکات چیرۆکی ڕۆمانەکە بەشێکی بەرهەمی خەیاڵی خودی نووسەر بێت. مێژووی ڕووداوی ڕۆمانەکە دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی نۆزدەی زاینی، واتە سەدەی زاڵبوونی ئەقڵ و بە سەنتەربوونی ئەقڵی زانستی.

چیرۆکی ڕۆمانەکە بەو شێوەیەیە: خانمێک بە ناوی لو سالومە کە کچە ڕووسێکە و بەو جۆرەی باس دەکرێت خانمێکە تا بڵێی جوان و دڵڕفێنە، سالومە بە گەشت دەچێتە سویسرا و بە هاوڕێیەکی نیچە ئاشنا دەبێت. هاوڕێیەکەی نیچە، سالومە دەناسێنێ بە نیچە و زۆر نابات کە هەم نیچە و هەمیش هاوڕێکەی نیچە عاشقی سالومە دەبن. نیچە بەهۆی ئەوەی کە لە بنەماڵەیەکی ئاینیدا گەورە بووە و لەژێر فشاری قسەی دایک و خۆشکەکەیدا بۆ ئەوەی هەست بە گوناه نەکات، لەڕێگای هاوڕێکەیەوە خوازبێنی سالومە دەکات و داوای هاوسەرگیریی لێدەکات. هاوڕێکەی نیچە هەرچەندە خۆشی عاشقی سالومەیە و زۆری پێناخۆشە، بەڵام ئەوە دەکات و پێشنیازەکەی نیچە بە سالومە دەگەیێنێت. بەڵام بەوەدا سالومە کچێکی سەرکێشە و پێیخۆش نییە بە کۆت و بەندی هاوسەرێتی خۆی ببەستێتەوە، پێشنیازەکە قەبووڵ ناکات و لەگەڵ هاوڕێکەی نیچەدا پەیوەندی دەبەستێ. نیچە بەو هۆیەوە تووشی تەنیایی و حاڵەتێکی دەروونیی خراپ دەبێت و تەنانەت وای لێدێت کە خۆی بکوژێت.

لێرەدا سالومە دەچێتە لای ژۆزێف برۆیەر کە دەروونناسێکی بەناوبانگی سەردەمە و داوای لێدەکات نیچە ببینێ و یارمەتیی بدات. نیچە و برۆیەر ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، بەڵام نیچە هیچ هاوکارییەکی برۆیەر ناکات بۆ چارەسەری، زۆر پێیناخۆشە کەسێک یارمەتی بدات و بەزەیی پێدابێتەوە. بەڵام برۆیەر چونکە دەزانێت نیچە کەسێکی گرنگە و کتێبەکانی خوێندووەتەوە، نایەوێت بە ئاسانی واز بهێنێ و لەگەڵ نیچەدا مامەڵەیەک دەکات و پێیدەڵێت تۆ یارمەتی من بدە و منیش یارمەتی تۆ دەدەم. لێرەوە ئیدی برۆیەریش چیرۆکی خۆی بۆ نیچە دەدرکێنێ و بۆی باس دەکات کە لەگەڵ ئەوەی سێ منداڵ و ژنێکی باشی هەیە، بەڵام عاشقی نەخۆشێکی خۆی بووە بەناوی بێرتا. لەگەڵ ئەوەش کە نەخۆشەکەی لەسەر داوای ژنەکەی داوە بە پزیشکێکی تر بۆ ئەوەی نەیبینێ، بەڵام وای لێدێت کە هەموو چرکەکانی ژیانی پڕ دەبن لە خەیاڵی بێرتا و هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی و تایبەتی بەو هۆیەوە تێکدەچێ، بۆیە داوای یارمەتی لە نیچە دەکات بۆ ئەوەی لەو دۆخە ڕزگاری بێت. لێرەدا هاوکێشەکە پێچەوانە دەبێتەوە، لە بری ئەوەی دکتۆر چارەسەری نەخۆشەکە بکات، نەخۆشەکە دەبێتە پزیشک و بە کارێکی دەرونناسانە دەچێتە نێو جیهانی دەروونیی دکتۆر برۆیەرەوە.

پێدەچێت کە نووسەر بە مەبەست ئەو ڕۆڵەی بە نیچە دابێت لە ڕۆمانەکەدا، تا ئەو بۆچوونە پشتڕاست بکاتەوە کە نیچە بە باوکی ڕاستەقینەی دەروونناسی و دەروونشیکاری دەزانێت. نیچە بە دکتۆر برۆیەر دەڵێت بۆ ئەوەی بتوانی جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆ لای ژن و منداڵەکەت، دەبێ بەجێیان بهێڵی و بڕۆیت بە دوای بێرتادا. ئەم بۆچوونە بەشێکی گرنگی فەلسەفەی نیچە خۆیەتی کە وەک لە کتێبی (ئەمەیە مرۆڤ) دا دەڵێت: بۆ ئەوەی لێم تێبگەیت و قەبووڵم بکەیت، سەرەتا دەبێت ڕەتمبکەیتەوە. لای نیچە (ڕەتکردنەوە) هەنگاوی یەکەمە بۆ گەیشتن بە حەقیقەت و پاککردنەوەی لە بیروبۆچوونی پێشینە. برۆیەر سەرەتا ئەم پێشنیازەی نیچەی پێناخۆش دەبێت، دواتر لەگەڵ فرۆید کە قوتابیی خۆیەتی، قسە دەکات. فرۆیدیش هەمان قسەی نیچە دەکات و پێیدەڵێت بڕوات و ژن و منداڵەکانی بەجێبهێڵێت. لێرەشدا نووسەر کاریگەریی نیچە لەسەر بۆچوونەکانی فرۆید دەردەخات. بۆیە برۆیەر دەچێتەوە ماڵەوە و جانتاکەی هەڵدەگرێت و دەچێت بە دوای بێرتادا بۆ ئەو خەستەخانەیەی کە لەوێیە و لای دکتۆرێکی تر چارەسەری وەردەگرێت، بەڵام هەرکە دەگات، دەبینێ بێرتا هەمان ئەو ڕەفتار و جووڵانەوانە لەگەڵ دکتۆرە نوێیەکەیدا دەکات کە پێشتر لەگەڵ ئەمیش کردوویەتی. واتە دەبینێ کە بێرتا ئێستا دکتۆرەکەی دیکەی خستووەتە شوێنی برۆیەر، بۆیە هەر بە ڕێگای خۆیدا دەگەڕێتەوە و ئەمجارەیان دەچێتەوە لای سکرتێرەکەی و داوای پەیوەندی لێدەکات و ئەویش ڕەتیدەکاتەوە و دواتریش شێوەی خۆی دەگۆڕێت و هەموو شتێک دەکات بۆ ئەوەی سەرنجی ژنان رابکێشێ و ئەوەی لە رابردوودا بە هۆی خێزان و ژنەکەیەوە نەیکردووە ئێستا بیکات. بەڵام کە ناکام دەبێت و لە ئیش و شوێنی کۆمەڵایەتی خۆی دەبێت، لە کۆتاییدا دەچێتە ڕێستورانتێک و دەبێت بە گارسۆن و لەوێ فرۆید لەگەڵ دەزگیرانەکەی دەیبینن. برۆیەر ئەم یەکدی بینینەی زۆر پێناخۆش دەبێت و لەوپەڕی هەست بە ناکامی و بچووکبوونەوەدا خۆی دەخاتە نێو ڕووبارێکەوە و فرۆید دەچێت بە دوایدا و بۆ ڕزگارکردنی خۆی دەخاتە ناو ئاوەکەوە. لێرەدایە کە فرۆید بە زللەیەک برۆیەر لە خەوی دەستکرد (هیپنۆتیزم) وریا دەکاتەوە. ئیتر ئەو کاتەیە کە برۆیەر هەست بە سووکبوونێکی زۆر دەکات، هەست دەکات دڵی بۆ ژن و منداڵەکەی تەنگ بووە و دەگەڕێتەوە ماڵ و خۆشەویستیی خۆی بۆ ژنەکەی دووبارە دەکاتەوە. ژنێک کە پێشتر لای ئەو کابوس و زیندانەوان بوو. هاوکات نیچەش زمان دەکاتەوە و باسی خۆی و عەشقی خۆی بۆ سالومە دەکات، برۆیەر بە نیچە دەڵێت کە سالومە عاشقی تۆ نەبووە و نیچەش دەگات بەوەی کە سالومە حەزی لە هەموو پیاوێک بووە و ئەو کەسە نەبووە کە لە خەیاڵیدا بیری لێ کردووەتەوە و تووشی ئەو خەم و تەنیاییەی کردووە، دوای دەرکەوتنی ئەم حەقیقەتانەش، نیچە بە حاڵ و دۆخێکی باشترەوە دەگەڕێتەوە بۆ شارەکەی خۆی.

ڕۆمانەکە هەڵگری خوێندنەوەی زۆرە، بە تایبەتی لەڕووی دەروونناسییەوە دەکرێت زۆر لایەن و حەقیقەتی مرۆڤەکانمان بۆ دەربخات. لێرەدا لە باتی خوێندنەوەی خودی کارەکتەرەکان وەک یەمزی لبیدۆ و ئارەزوو، باس لە هەندێ دیوی تری ڕۆمانەکە دەکەم.

یەکەم، باس لەو فەزا کۆمەڵایەتی و زانستییەی سەدەی نوزدە دەکەین کە چیرۆکەکەی تێدا ڕوودواوە، ئەو فەزایەی کە ئەقڵی زانستی زاڵ دەبێت بەسەر هەموو بیرکردنەوەیەکی مرۆڤدا. ئەم ئەقڵە تەنانەت خەون و ئارەزوو و خولیاکانی مرۆڤیش دەگرێتەوە و بە هەموو شێوەیەک هەوڵی خۆسەپاندن و کوشتنی ئەو شتانە دەدات کە لە دەرەوەی ئەو بن. لەم ڕۆمانەدا دەبینین کە بۆ یەکەمجار برۆیەر وەک مامۆستای فرۆید هەوڵی چارەسەریی نەخۆشییە دەروونییەکان دەدات و دەیەوێت لەڕێگای ئەقڵی زانستییەوە چارەسەری بۆ خەون و عەشق بدۆزێتەوە. فەزای ڕۆمانەکە باس لەو سەردەمە دەکات کە فۆکۆ دەڵێت چیدی مرۆڤ وەک مرۆڤ سەیر ناکرێت، بەڵکو تەنیا بابەت و ئۆبژەیەک دەبێت بۆ شیکردنەوە و خوێندنەوەی لەڕێگای زانستەوە، بۆ ئەوەی زانست بتوانێت دەسەڵاتی خۆی پیشان بداتەوە، فۆکۆ دەڵێت هاتنی دونیای پزشکی و گەمارۆی مرۆڤ لە لایەن گوتاری زانستی و پزیشکییەوە، وایکرد کە بتوانن دەست بۆ هەموو بوارێکی ژیانی مرۆڤ ببەن و دەستی بەسەردا بگرن. مرۆڤ لەو کاتەوە کە لەدایک دەبێت تاوەکو دەمرێت، لەژێر کۆنترۆڵی پزیشکەکاندایە.

لای فۆکۆ، لە کۆتایی سەدەی هەژدە و سەرەتای سەدەی نۆزدەدا پزیشکی وای لێهات کە زمان و گوتاری تایبەت بەخۆی بەرهەم هێنا و لەڕێگایەوە شێوەیەکی تر لە شێوەکانی کۆنترۆڵ بەسەر مرۆڤەوە زیادی کرد. برۆیەر وەک ڕەمزی ئەو گوتارە لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت کە تەنانەت ڕەحم بە خەون و هەستەکانی خۆی و ئەوانی تر ناکات و هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدات. دەیەوێت زانست وەک چەکێک بۆ سڕینەوەی هەست و عاتیفە بەکاربهێنێ، ئەمەش وەک تێزی سەرەکی دەروونشیکاری لە سەردەمی پۆست مۆدێرنەدا و لەلایەن فەیلەسوفە پۆستەکانەوە، دەبێت بە ڕەخنەی سەرەکی لە دەروونشیکاری مۆدێرن، وەک چەکێک کە سیستەم بۆ کۆنترۆڵی مرۆڤ بەکاریدەهێنێ.

خاڵی دووەم کە دەمەوێت باسی بکەم، ڕەنگدانەوەی بیری نیچەیە بەسەر ڕۆمانەکەوە، ئەو کاتەی برۆیەر بەسەرهاتی خۆی دەگێڕێتەوە بۆ نیچە و دەڵێت ئەم ژیانەی ئێستام وەک زیندان وایە و ژنەکەی وەک کابووس و خەونێکی ناخۆش دێتە بەرچاوی و دڵی لای بێرتایە، نیچە بۆ دەربازبوونی لە دۆخەکە پێیدەڵێ: بۆ ئەوەی جارێکی تر بگەڕێیتەوە بۆلای ژن و منداڵەکانت، پێویستە بەجێیانبهێڵی و بچیتە لای بێرتا. لێرەدا جگە لەو خاڵەی لە سەرەوە باسمکرد، لایەنێکی تری فیکری نیچە بەڕوونی دەردەکەوێت، ئەوەی کە نیچە پێیدەڵێت: (ئیرادەی دەسەڵاتخوازی- ئیرادەی مایل بە دەسەڵات). لای نیچە ئیرادەی دەسەڵاتخوازی تەنیا شتێکە کە وادەکات مرۆڤ لە دونیادا بجولێنێ، لای نیچە هەر شتێک لە مرۆڤ ڕوودەدات و دەوەشێتەوە، لەسەر بنەمای ئیرادەی دەسەڵاتخوازییە. مرۆڤ لە ڕوانگەی نیچەوە تەنیا ئیرادە و خواستی گۆڕان (صیرورە) یە. پێیوایە ئەوەی مرۆڤ و ئاژەڵ جیادەکاتەوە ئەو ئیرادە بوونناسەیە کە مرۆڤ بۆ گۆڕانی خۆی بەکاری دەهێنێ. (صیرورە- گۆڕان لە حاڵەتێکەوە بۆ حاڵەتێکی نوێ) بەو شێوەیەی کە مرۆڤ دەبێت لە قەبووڵکردنی بەرپرسیارێتی خولقاندنی خۆیەوە دەستپێبکات، چون تەنیا لەڕێگای ئەو کارەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێ دەرک و هۆشیاری خۆی بۆ دونیا بەدەستبهێنێ. لێرەوەیە کە نیچە دژی هەموو گوتارێکی زاڵ و چەسپاو دەوەستێتەوە، چونکە وەک ئەو دەسەڵاتە دەیانبینێ کە بە دوای گرتن و جڵەوکردنی ئیرادەی گۆڕانەوەن. بەڕای نیچە مرۆڤ تا کاتێک بەردەوام لەژێر کاریگەریی ئەم گوتار و ئەو ئایدۆلۆژیانەدا بێت و خۆی نەبێت بە تەواوی، ئەوە دەرفەتی دروستبوونی ژیانێکی نوێ و مرۆڤێکی نوێ ئەستەم دەبێت. نیچە لە کتێبی (وای گوت زەردەشت) دا باس لەو مرۆڤانە دەکات کە توانای شکاندنی هەموو تابۆکانیان هەیە و خۆیان بۆ خۆیان بەها و نۆرمەکان دروست دەکەن نەوەک مل بخەنە ژێر بەها و ئەرزش و گوتارەکانی کۆمەڵگاوە. بۆیە نیچە بە برۆیەر دەڵێت کە ژنەکەت بەجێبهێڵە، چونکە پێیوایە برۆیەر ناگات بە ئاسوودەیی، لەبەرئەوەی ئەو ژیانەی تێیدا گیری کردووە بۆی هەڵبژێردراوە و خۆی هەڵینەبژاردووە. ژن و منداڵەکانی ئەو ژیانە نین کە برۆیەر بە ئیرادەی خۆی هەڵیبژاردبێ، ئەوەی تووشی ئەو حاڵەتەی کردووە عەشقی بێرتا نییە، بەڵکو زەوتکردنی ئەو ئیرادەیەیە کە لای نیچە بنەمای مرۆڤبوونە لە دونیادا. پێیوایە دەبێت برۆیەر کارێک بکات دڵنیا بێت لەوەی کە ئەم ژیانەی ئێستا ژیانی خۆیەتی و بە ئیرادەی خۆی هەڵیبژاردووە، بۆیە کاتێک دەچێتە لای بێرتا و ژنانی تر، دەبینێ ئەوانە ئەوە نین کە ئەو ویستوویەتی، ئەمجارە بە ئازادی و خواستی خۆی دەگەڕێتەوە و هەست بە سووکی و ئاسوودەگی دەکات. ڕۆمانەکە بۆ نیچەش هەمان ڕێگاچارە پێشان دەدات.

ئەوەی وای کردووە نیچە تووشی پەشێوی بێت عەشقی سالومە نییە، بەڵکو ئەو تەنیاییە کە سالومە بە سەریدا سەپاندووە، کاتێک نیچە دەگات بەوەی سالومە ئەوە نییە کە ئەم عاشقی بووە، خۆی بە ئیرادەی خۆی ئەو تەنیاییە قەبووڵ دەکات و لە کۆتاییدا برۆیەر بە جێدەهێڵێت و بە ئاسوودەیی تەنیایی خۆی هەڵدەبژێرێتەوە. لێرەدا دەبینین کە تەنیایی یەکەمی نیچە، تەنیایی خۆی نەبووە، بەڵکو سالومە بەسەریدا سەپاندووە، بەڵام تەنیایی دووەمی تەنیای خۆیەتی. بەگشتی ڕۆمانەکە زمانحاڵی ئەو بەشەی فەلسەفەی نیچەیە کە داوا لە مرۆڤ دەکات نەترسێ و ژیانی خۆی بگرێتە دەست و هەڵبژاردنەکانی ملکەچی خواست و ئیرادەی خۆی بن. نیچە ئەمەش بە سیفەتێکی گرنگی مرۆڤی باڵا دەبینێ، جۆرە مرۆڤێک نیچە نموونەکەی لە زەردەشتدا دەبینێتەوە.




# شاعیری ڕاستگۆ



**حەمە سەعید حەسەن**

شێخ ئیمام کە شیعری ئەحمەد فوئاد نەجمی بە گۆرانی دەچڕی، دەنگی دەنگی ئەوانە بوو، دەنگیان کپ کرابوو، سترانبێژێک بوو لە چەشنی ڤیکتۆر گارا، ئەوی کودەتاچییەکانی شیلی، لە سێپتێمبەری 1973دا پەنجەکانیان بڕییەوە، ئینجا کوشتیان. شێخ ئیمام و ئەحمەد فوئاد نەجم، تەواوکەری یەکتری بوون، کەسیان نەیدەتوانی بێ ئەوی دیکەیان هەبێت، ناوبانگیان بە یەکدییەوە بەند بوو، وەک چۆن دیجلە و فورات پێکەوە ناویان دێت، ئەوانیش پێکەوە ناویان دەهات. ئەحمەد فوئاد نەجم لە زانکۆی ژیاندا دەرسی خوێندبوو، لە زینداندا بە ڕۆشنبیران ئاشنا بووبوو.

ئەحمەد فوئاد نەجم یەکەمین کۆمەڵە شیعری ناو دەنێت، (چەند دیمەنێک لە ژیان و لە زیندان) و سوهێر قەلەماوی پێشەکیی بۆ دەنووسێت. ئەوانە ستەمی لێ دەکەن کە دەڵێن، شیعری نەگوتووە، هەر کێش و سەرواى بۆ دروشمی سیاسی دۆزیوەتەوە، ئاخر ئەو پشتی بەو گوتە میللییانە قایم بوو کە پڕبوون لە مانا و دەوڵەمەندبوون بە موزیک. ئەو قامووسێکی شیعریی تایبەت بە خۆی هەبوو، قامووسێک زوو کاروانی وشەی، دەگەیێشتە هەواری ویژدانی خەڵک.

ئەحمەد فوئاد نەجم کە تەمەنیشی هەڵکشابوو، مەشخەڵی ڕۆحی هەر لە هی گەنجێک دەچوو، هەر بە خوێنگەرمییەکی گەنجانەوە، گۆرانیی بۆ شۆڕش دەگوت. زمانێکی بێداری بریندارکەری هەبوو، زمانێک چێژی گشتیی بریندار و دەسەڵاتداری ستەمکاری هەراسان دەکرد. تۆماری شیعری تژییە لە هێرشکردنە سەر، ناسر، سادات، موبارەک و فریای (مورسی)یش کەوت. ئەگەر هەست بە ئازار و خەمی هەژاران نەکەین، با دەست لە ئینسانبوونی خۆمان بشۆین، ئەو بە هەق شاعیری هەژاران بوو، ئاخر بە درێژایی تەمەنی سەنگەری هەژارانی چۆڵ نەکرد. ئەوی ئەحمەد فوئاد نەجم بۆ سەفیری هەژاران پێشنیار دەکات، نیلسۆن ماندێللا دەبێت. ئەو هەر شۆڕشگێر نەبوو، عاشقێکی گەورەی شۆڕش بوو، هەمیشە دڵی بۆ شۆڕش لێی دەدا و کە شەقام شەپۆلی دەدا، ئەو هەمیشە لە پێشەوە بوو. سەروەختی شۆڕشی 25ی یەنایەری 2011 و شۆڕشی 30ی یۆنیۆی 2013 تاقە شتێک کە هەموو لاوانی میسر کۆدەکاتەوە، شیعری ئەحمەد فوئاد نەجم دەبێت.

ئەزموونی ئەحمەد فوئاد نەجم لە دڵ و لە ئاوەزی چەپی میسرەوە نزیک بوو، کە چەپ دەکەوتە بەر پەلامار، ئەویشی دەگرتەوە، ئیدی ڕاونان بووایە، یان بەندکردن. نیکراسۆڤ دەیگوت: (ناچار نیت شاعیر بیت، بەڵام ناچاریت هاونیشتمانییەکی مەزن بیت.) شاعیر زۆرن، بەڵام کەمن ئەو شاعیرانەی بە درێژایی عومریان، هەڵوێستیان جێگیر بێت، کەمن ئەو شاعیرانەی، نە سامان و پلە و پایە فریویان دەدا، نە گوشار و زیندان، بێدەنگیان دەکات. ئەحمەد فوئاد نەجم یەکێک بوو لەو شاعیرە دەگمەنانە. ئەمیش وەکوو سەلاح چاهین و بەیرەم تونسی و فوئاد حەداد، شیعری بە شێوەزاری پەیڤینی میسرییەکان دەنووسی، بەڵام وەک ڕەچاوکردنی هونەری شیعر، ئەوان لەم شاعیرتر بوون، وەک چۆن ئەم، لەوان شۆڕشگێڕتربوو.

ئەو شیعرەی ئەحمەد فوئاد نەجم دەینووسی، شیعرێک بوو هاندەرانە، شیعری هەڵچوونی شەقام بوو، شیعری بەرەنگاربوونەوەی ستەم بوو، شیعری دژە نائومێدی و دژە ملکەچی بوو. خۆیشی ویژدانێک بوو، یاخی و چاوکراوە و زیندوو، ویژدانێکی کڵپەسەندووی عاشقی گۆڕانکاری و هەمیشە نزیک لە خەمی خەڵک. شیعری بۆ کەسانی سادە و پەراوێزخراو دەنووسی، بەڵام خۆی شاعیرێک نەبوو لە پەراوێزدا. مەحموود دەرویش بە ئەحمەد فوئاد نەجمی دەگوت: شاعیرێکی ڕووتوقووت، ئاخر شاعیرێک بوو، بێ دەمامک، هیچی وای نەبوو کە شەرمی پێی بێت و بیشارێتەوە.

ئەحمەد فوئاد نەجم و عەبدولحەلیم حافیز لە خانەیەکی تایبەت بە پەروەردەکردنی منداڵانی بێ سەرپەرشتیاردا یەکدییان ناسیبوو، دواتر ئەمیان نازناوی (ڕاستگۆی چاونەترس) و ئەویان نازناوی (شالوور)ی پێ بەخشرا. ئەحمەد فوئاد نەجم ساڵانێکی دوورودرێژ، بە چەکی وشە و بە شیعری گاڵتەجاڕانە، بە گژ عەسکەری ستەمکار و ئیسلامچیی فاشیستدا دەچووەوە. بڕووخێت حوکمی ڕێبەری ئیخوان! ئەوە دوا هاواری ئەو بوو. لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (30ی یۆنیۆی 2013 ) وە دەڵێت: (ئێستا لە سەرەتای ڕێداین.)

نەریتێک هەیە ڕۆشنبیرانی ڕووس ڕەچاوی دەکەن، کە یەکێکیان کۆچی دوایی دەکات، بۆ دوا ماڵئاوایی لە دەوری مەزاری کۆ دەبنەوە، چەپڵەی بۆ لێ دەدەن و پڕ بە گەروویان پێی دەڵێن: براڤۆ.
ئەحمەد فوئاد نەجم کە نموونەی باڵای بوێری و پاکژی بوو، هەقی خۆی بوو لە دڵەوە پێی بگوترێت: براڤۆ.

*

**(1) إيهاب الملاح، من الفاجومى إلى الإنسانيه.**
**(2) محمود قرنى، صوت الألم الجوال. ٩**
**(3) مجموعه من الكتاب، أحمد فؤاد نجم الذى أضاع حياته من أجل سعاده البشر.**



گۆران محەممەد
goran.mohammed@rudaw.net

# چڵێسمان

تۆ لە برساندا مردووی، یان لە خۆشەویستیی خودا؟ ئاخر ئەوەی شیرە شیرپ لە سەرەی شەربەت و ترشیاتدا ببیستێ، هەرگیز باوەڕ ناکات ئەمە تۆ بیت لە مزگەوتدا خەوتووی! تۆ بەڕۆژوو دەبی، یان بەخەوتن ڕۆژ بەڕێدەکەیت؟ تۆ یان خەوتووی، یانیش خواردن دەکڕی، ناشێ بەمە بڵێی ئیمانداری!؟ خۆ بە ریتمی تۆ بێت، زۆرخۆر لە چەقی بەهەشتدایە و کەمخۆر ناوەندی دۆزەخ جێیەتی.

وەک بڵێی خودای مەزن، نوێژ و تاعەت تەنێ لە دشداشە لەبەر قەبووڵ دەکات، ئەگەر نا، ئەوە خێرە هەر کە ڕەمەزان هات، دشداشە جێ بە شەرواڵ لێژ دەکات؟ من دیومە منداڵ کە خەتەنە دەکرێت، بۆ ئەوەی سەری هەرامەکەی نەکولێتەوە دشداشەی لەبەر دەکەن، شانت مەترێک پان بێت، کە بە دشداشەوە دەتبینم بە تازەخەتەنەکراو دێیتە بەرچاوم. تۆ چەند عەرەبت بە رانک و چۆغەوە بینیوە؟

زۆرترین کاڵای خەراپ و بەسەرچوو، شەربەتی لە سوبوخ و شەکر دروستکراو لە ڕەمەزاندا ساخ دەکرێنەوە، زۆرترین درۆ، ساختە و قۆڵبرین لە ڕەمەزاندا ڕوو دەدەن. سوێند بە سێسەت قورئان دەخوا کاڵاکەی نوێیە و لە ڕاستیدا ئێکسپایەرە، تەقلە لەسەر بەرماڵ لێدەدا کە تۆزقاڵێک قازانج دەکات کەچی بە سێ قات دەیفرۆشێ، قسەش بکەیت دەڵێ قابیلە بە زوانی بەڕۆژووەوە درۆیان بکەم!؟ ئێ کاکە تۆ کە دەروونت پۆخڵ بوو، با زمانت هەر بەڕۆژوو بێت.

لە کاتێکدا کار عیبادەتە، حکومەت دەوام کەم دەکاتەوە، وەک بڵێی لە کاتی تەواودا کار زۆر دەکرێت، بۆیە ئێستا کەمی دەکەنەوە. ئەمە مانگی تاعەتە، یان تەمبەڵخانە!؟ قسەی لەگەڵ دەکەی بێحەوسەڵە و تووڕە و مڕومۆچ وەڵامت دەداتەوە، وەک بڵێی من بەزۆر لە زیندانی تاکەکەسیم کردووە، نەک ئەو بە ویستی خۆی بۆ خودا بەڕۆژوو بێت.

شەو بێت یان ڕۆژ، هەر کە فەیسبووکت کردەوە، لوقمەقازییەک بە چاوتا دەچێ، قاپەکە بەپڕی، دوایی بە بەتاڵی، هەردووکی داناوە، بۆی بلوێ قڕقێنەکەی تۆمار و پۆست دەکات، چاوەڕێی لایک و کۆمێنتیش دەکات.

ئەرێ لە کەینێوە چڵێسی بووەتە عیبادەت؟ ئاخر من تا موسڵمانێک دەبینم، چل چڵێسمان بەدی دەکەم، یەک دانە ڕۆژوودار ناناسم، بۆ تاقیکردنەوەی بەرگەگری و هەست بە نەبوو بەڕۆژوو بێت، ئاخر زۆربەیان ئەوەی لە ڕۆژانی ئاساییشدا لەبەر تەندروستیی خۆیان نایخۆن، لە ڕەمەزاندا هەلهەلەی پێ لێدەدەن. شەویلاگی چڵێسمان، ئەوەندەی بە خواردنەوە سەروخوار دەکات، چارەکی ئەوە بۆ زیکری خودا کار ناکات. مانگی قەلاچۆکردنی مەڕ و مریشک، قڕکردنی لوقمەقازی، لەبەینبردنی ناوساجی، جینۆسایدکردنی چەرەزات، وشککردنی سەرچاوە سروشتییەکان لە چڵێسمانان پیرۆز بێت و خودا فرسەتی موسڵمانان بدات.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar.karim@rudaw.net

# کۆتایی مانگی هەنگوینیی گۆڕان و پارتی

## 1

ساڵی ڕابردوو، بەشێک لە پارتی (نەک هەمووی) بەو ئومێدەی کە بزووتنەوەی گۆڕان دەتوانێ دوای تاڵەبانی ببێ بە شەریکی حوکمیان لە کوردستاندا، دوای 22 ساڵ گەورەترین دابەشکاریی دەسەڵاتیان لەگەڵ هێزێکی دەرەوەی یەکێتی نیشتمانیی کوردستاندا کرد. بزووتنەوەی گۆڕان کە پێشتر لە 2009 تا 2013 لە پەرلەماندا ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی سەرەکیی دەگێڕا، دوای هەڵبژاردنەکانی ئەیلولی 2013 بە قورساییەکی زۆرەوە چووە ناو حکومەت و لایەنە ئۆپۆزیسیۆنەکانی دیکەشی پەلکێشی ناو حکومەت کرد. ئەو کەشوهەوای حکومەتی نیشتمانیی بنکە فراوانە بۆ کوردستان گەلێک پێویست بوو، چونکە کوردستان لە پەیوەندییەکانی لەگەڵ بەغدا تووشی قۆناغێکی دژوار هات و هاوکات داعشیشی هاتەسەر.

دوای نزیکەی 5 ساڵ لە ململانێ و بەربەرەکانێی نێوان پارتی و گۆڕان، قۆناغێک دەستیپێکرد کە جێگای ئیرەیی و ڕەخنەی یەکێتی نیشتمانی بوو، ئەگەرچی بیرۆکەی بەشدارکردنی گۆڕان لە حکومەتدا سەرەتا لای یەکێتییەوە سەرچاوەی گرت، بەڵام لە ئەمری واقیعدا ئەو بەشدارییەی گۆڕان، ئەوانی لەشەریکی سەرەکییەوە کردە یەکێک لە شەریکەکان.

یەکێک لە گەورەترین تاقیکردنەوەکانی شەریکەکانی پارتی لە حوکمڕانیدا، مەسەلەی مانەوەی مەسعود بارزانییە لە پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا و بۆ پارتی وەک مەسەلەی مان و نەمان وایە. پارتی ئامادەیە هەموو پۆست و دەسەڵاتێک لە پێناوی درێژەدان بەو پۆستە فیدا بکات. بە دیوێکی دیکەشدا هەموو جۆرە هاوپەیمانییەکی نوێ دروست بکات کە زامنی ئەو مانەوەیە بێت و هەموو ڕێککەوتنەکانی پێشووش هەڵبوەشێنێتەوە ئەگەر ڕێگریی لێبکەن.

لای پارتی مەسەلەی مانەوەی بارزانی و جۆری هەڵبژاردنی (کە پارتی هەموو هەڵبژاردنێک و بەدیلێک لەدەرەوەی بارزانی و خەڵک ڕەت دەکاتەوە) هێڵی سوورە و، هەڵوێستی لایەنەکانی دەرەوەی خۆی لەسەر ئەم بابەتە پێوەری دۆستایەتی و دووری و نزیکییە. گۆڕان و تەنانەت یەکێتیش بە پێشکەشکردنی پرۆژە و پێداگیری لەسەر گۆڕینی بارزانی و جۆری هەڵبژاردنەکەی پارتییان غافڵگیر کرد. ئێستا پارتی لەگەڵ ئەوەیدا کە سوورە لەسەر هەڵبژاردنی ڕاستەوخۆی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگیرکردنی دەسەڵاتەکانی ئێستای، لە ئەگەری نەهێشتنی ڕێگە لەبەردەم بارزانیدا بۆ مانەوەی بۆ چوار ساڵی دیکە، نەک ڕێککەوتنەکانی لەگەڵ گۆڕان هەڵدەوەشێنێتەوە، بگرە بەپێدانی ئیمتیازاتی زیاتر بە یەکێتی و حیزبە ئیسلامییەکان گۆڕان دەخاتە دەرەوەی بازنە.

## گرەو لەسەر بارزانی

## 2

پێشکەشکردنی پرۆژە لای حیزبە ڕکابەرەکانی پارتی بووەتە بابەتی موزایەدەی سیاسی. لایەنەکان کە دەزانن پارتی بەچی سەغڵەت دەبێ، دەزانن چۆن هەم ئیمتیاز لە خۆی وەربگرن و هەمیش لە دەرەوەی ئەو لە ئاستی ناوخۆیی و ئیقلیمی ئیمتیازاتی پێ وەربگرن. سەرباری ئەوەی گۆڕان دوای پێشکەشکردنی پرۆژەکەی بەڵێنی بە پارتی دابوو کە پرۆژەکەی بۆ هەمووارکردنی یاسای سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان لە پەرلەمان بکشێنێتەوە (کە نەیکشاندەوە) و، یەکێتی و حیزبە ئیسلامییەکانیش بەڵێنیان بە پارتی دابوو کە پرۆژە پێشکەش نەکەن، بەڵام ئیدی پۆستی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بووەتە کەرەستەیەکی سیاسیی زۆر بەپێز.

گۆڕان هەست دەکات وورووژاندنی ئەو بابەتە پاکانەیەکی باشە بۆ ئەو هەموو ڕەخنانەی لەبارەی بەشداریی لە حکومەتدا لێی دەگیرا و دەنگدەرەکانی نائومێد کردبوو. هاوکات ئەوەش بەدەرفەت دەزانێ کە لە غیابی سەرکردایەتیدا پاشماوەی یەکێتی بەتەواوەتی بباتە ژێر باڵی خۆیەوە. چونکە شکانی ئاکپارتی لە تورکیا و سەرکەوتنە یەک لەدوای یەکەکانی بەرەی ئێرانی لە ناوچەکەدا، بە شکستی پارتی و بارزانی لە هاوکێشە ناوخۆیی و ئیقلیمییەکاندا تەرجومە دەکرێت، یان وێنا دەکرێت. ڕەنگبێ هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە یەکێتی بە لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی پارتی و کوردستان، پرۆژەیەک پێشکەش بکات و لە کاروانەکە بەجێ نەمێنێ، کە ئەگەر بە مەنتقی لە پرۆژەکەی یەکێتی بڕوانرێ، ئەوا نە شیش بسووتێ و نە کەبابە. هەم دڵی پارتی ڕاگیراوە و هەمیش هی ڕکابەرەکانی.

بەڵام تا ئەم لەحزەیە پارتی ئەویشی پێ قەبوڵ نییە و هەموو هەڵبژاردنێک لە دەرەوەی دەنگی خەڵک ڕەت دەکاتەوە و ئەگەر پێویست بکات هەموو جۆرە شەڕێکیشی بۆ دەکات. چونکە پارتی پتر لەوەی مەسەلەی سەرۆکایەتیی هەرێمی کوردستان بە دەستاودەستکردنی دەسەڵات بزانێ، جیا لەو هەموو ڕێککەوتن و دابەشکاریی پۆستەی لە کوردستاندا لە نێوان هێزەکان هەیە، بە پیلانێکی دەزانێ بۆ ڕێگرتن لە خەونی سەربەخۆیی کوردستان و پێیوایە کە لانیکەم دەبێ چوار ساڵی دیکە شەریکەکانی ئەو دەرفەتە بە بارزانی بدەن.

## شەکرەکەی حاجی ئەحمەدی

## 3

جیا لەو بەیاننامە توندەی پژاک لە دژی بزووتنەوەی سیاسی و چەکداریی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پەیوەست بە ڕووداوەکانی ئەو دواییەی کێلەشین دەریکردووە و بۆنی خوێنی لێدێت، سەرۆک یان هاوسەرۆکی ئەو ڕێکخراوە ئاپۆچییە (کە تاپۆی کاری سیاسی و سەربازیی هەر چوار پارچەیان لە باخەڵدایە)، لە دیمانەیەکی تەلەڤزیۆنیدا قسەیەک دەکات کە پیاو بە بیستنی لەشەرمان ئارەقە دەکات. ئەو کە لە ڕابردوودا ئیدیعای ئەوەی دەکرد سەرۆک ئاپۆ هەزار کتێبی لەسەر سیستەمی فیدراڵی نووسیوە و ئەو هەموویانی خوێندووەتەوە (لە دیمانەیەکدا لەگەڵ VOA) خۆی لێبووە بە دۆن کیشۆتێک کە سێرڤانتسەکەی پەکەکەیە. حاجی ئەحمەدی دەڵێ: "حیزبەکانی ڕۆژهەڵات قوونی شەڕکردنیان نەبووە!" بەڵام ئەگەر وابێت، ئەدی بۆ لە 2011 دا پژاک کە لەخت و خۆڕایی و ئەو کاتەی بارەگاکانی باوکی (پەکەکە) لە ورمێ و شارەکانی دیکەی ڕۆژهەڵات ئاوەڵا بوون، (قوونەشەڕی) لەگەڵ ئێراندا دەکرد و بەو (قوونەشەڕانە) ئێرانی لە قووڵایی کوردستانی باشوور جێگیر کرد؟ مەحاڵە وەڵامی ئەو پرسیارەشی پێبێت.



محەممەد حاجی کەریم

# گۆڕان چی داهێنا؟

ئۆپۆزسیۆنی دوێنێ هەمان کاری دەسەڵات کە خۆی خستبوویە بەر نەشتەری ڕەخنە، دووبارە دەکاتەوە. حزبگەلی کوردی، خاوەن یەک دونیابینی و پەروەردەی یەک کولتوورن، هیچیان بەدەر نین لە خاڵی ڕەش و نەرێنی.

لەم سۆنگەیەوە، ئەگەر بزووتنەوەی گۆڕان بە نموونە وەربگرین، لەوە تێدەگەین کە ئەو جیاوازیەی ئیدیعای بۆ دەکات، زێدەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین، بێ ناوەڕۆکە.

ئەو بزووتنەوەیە کە بە ناو و دروشمی جیاوازەوە سەریهەڵدا، هەرچەند دەکرێ لە شێوازی دروستبوون و گەشەکردنیدا، وەک مۆدیلێکی نوێی سیاسی لە هەرێمی کوردستان ببینین. وەلێ ناکرێ لە ناوەڕۆکدا بە بزووتنەوەیەکی ریفۆرمخوازیی ناتەقلیدی بچوێنین.

گۆڕان بۆ جیاوازە؟ ئەگەر لە ڕابردووی دوور بڕوانین، هەرچی هەڵە و پەڵەی ڕەشی مێژووە، بە تەوێڵی ئەوانیشەوە دیارە. زۆر سەرکردە و هەڵسوڕاویان کاراکتەری نێو ململانێ نێوخۆییەکان بوونە، ڕێکخەرەکەشیان ئەگەر بەرپرسیارێتی هەڵگیرسان و درێژەدانی شەڕی نێوخۆی لە سەرکردەکانی دیکە زیاتر بەرنەکەوێ، کەمتری بەرناکەوێ. خودی یاداشتەکانی بەڕێز نەوشیروان مستەفا، یارمەتیمان دەدەن باشتر بەو ڕاستیە ئاشنابین. لای هەموانیش ڕوونە ڕێکخەری بزووتنەوەی گۆڕان، هیچ کاتێک خاوەن هەڵوێستی دژە شەڕی نێوخۆ نەبووە. هەروەک کاراکتەرێکی بەهێز و کاریگەری نێو ململانێ خوێناوییەکانی مێژووی کوردیش بووە.

خۆ بە فریشتە وێناکردن، ئەگەر مێژوویەکی بێ غەل و غەشی لە پشت نەبێ، خۆڵکردنە لە چاوی خەڵک. ئەگەر وردتر لە مەسەلەکە بڕوانین، ناتوانین هیچ حیزبێکی کوردی بخەینە دەرەوەی بازنەی هەڵە و تاوان، هەریەکەیان بە شێوازی جیاواز بەرپرسیارێتی خوڵقاندنی ئەو دۆخەیان بە چاکی و چەوتییەوە کەوتووەتە ئەستۆ.

بزووتنەوەی گۆڕان، ئەگەرچی ڕێکخراوێکی سیاسیی تازەیە، بەڵام لێکدانەوەیەکی ساویلکانەیە ئەگەر بە هێزێکی جیاوازی واقیع و دونیابینیی کوردی وێنا بکەین. نکۆڵی لەوە ناکرێ، لە ڕووی فۆرم و هاشوهوشەوە، بزووتنەوەیەکی جیاواز بووە. وەلێ لە پرۆسەی سیاسی و ئەرزی واقیعدا، شتێکی جیاوازی نەبەخشیوە، تا لە دەرەوەی بازنە تەقلیدیەکە شوێنپێی خۆی بکاتەوە.

ئەوەی بزووتنەوەی گۆڕان دایهێناوە، دوو ڕووییە لە سیاسەتدا، نەخوێندنەوە و بێبایەخکردنی ئەوانی دیکەیە، ئەوانەی وەک ئەو بیرناکەنەوە. یان ئەوانەی تۆزقاڵێک ڕووبەڕووی ڕەخنەی دەکەنەوە. هەروەک هەفتەی ڕابردوو بینیمان، بە هۆی وتارێکی ڕەخنەئامێز لە بارەی پرۆژەکەی ئەم دواییەی گۆڕان، هەندێک لە ئەندام و لایەنگرانی بزووتنەوەکە هیچی ناشیرین نەما، بە نووسەر و مامۆستای زانکۆ ڕێبوار سیوەیلی نەڵێن.

پرسیار ئەوەیە، ئایا جیاوازبوون، یان گۆڕانی کۆمەڵایەتی و چاکسازیی سیاسی، بریتییە لە ناشیرینکردن و ڕەتکردنەی بەرامبەر و نادیدەگرتنی سەروەری و بە کەم سەیرکردنی ئەوانی دیکە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو ئەدەبیاتە سیاسی و میدیاییەی کە گۆڕان دایهێنا. بەو مانایەی ئەوەی مێژووی بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان بەتاڵ بکاتەوە لە خاڵی پۆزەتیڤ، ئەوەی جنێو بدا و بە زمانی زبر بدوێ، ریفۆرمخواز و دژ بە ڕەوتی گەندەڵییە. ئەگەر داهێنانی ئەو ئەدەبیاتە مانای سەروەریی بێ، بێ سێ و دوو، فەزڵەکەی بۆ گۆڕان دەگەڕێتەوە.

بە گشتی، لە نێو حزبگەلی کوردیدا، ئەگەر هەر جیاوازییەک بوونی هەبێ، جەوهەری نییە، ئەوان کاتێک جیاوازن، تا دەگەن بە دەسەڵات و مەرامەکانیان. وەک ئەوەی جیاوازیبوونەکەی گۆڕانیش، تەنیا لە فۆرمەوەیە و بێ ڕەهەندێکی جەوهەرییە.

شەڕی بزووتنەوەی گۆڕان، شەڕی فراوانکردنی مەوداکانی دیموکراسی و ئازادیی سیاسی و ڕادەربڕین نییە، شەڕی بەدەستهێنانی دەستکەوتی حزبی و کەسییە. ئەو شەڕە، شەڕکردنێک نییە دژ بە گەندەڵی و بێدادیی کۆمەڵایەتی، شەڕی بەدەستهێنانی بەشە گەندەڵییە.

مرۆڤ، بەرلەوەی ئەوی تر ڕەتبکاتەوە، یان هەوڵی ریسواکردنی بدات، پێویستە شوناس و ماهیەتی خۆی باش بناسێ و بە قووڵی و فراوانی لە خۆی تێبگات، ئەوجا بڕیار لە بارەی خەڵکی تر بدات.

زۆرمان بینی و بیست، لە رووکەشدا ڕەخنەگر و داکۆکیکەری سەرسەختی دیموکراسیەت و مافی مرۆڤ و هاونیشتمانیبوون بوون، وەلێ کە بە پۆست و پلە شاد بوون، نەک هەر بەرەنگاری گەندەڵی نەبوونەوە، بەڵکو لە ئەوانی بەر لە خۆشیان گەندەڵتر دەرچوون.

لە کاتێکدا هەرێمی کوردستان بە قەیرانێکی سەختی ئابووریدا تێدەپەڕێ، شەڕی داعش فشارێکی دەروونی و بارگرانییەکی گەورەی دروست کردووە، خەڵکی بەدەست گرفتگەلی زۆرەوە دەناڵێنن، کەچی حزبەکانی کوردستان، بە هێنانە پێشەوەی پرسی دەستوور و کێشەی سیستەمی سەرۆکایەتی، گۆمەکە شڵۆقتر و دەروونی ماندووی میللەت ئاڵۆزتر دەکەن.

ئێستا کەی کێشەی هاونیشتمانیان یەکلاکردنەوەی مەسەلەی هەڵبژاردنی سەرۆکی هەرێمە، لە نێو پەرلەمان، یاخود لە نێو جەماوەردا. ڕاستە دەستوور گرنگە، بەڵام مادام کاتی زۆرمان لە دەستچووە، ئەو پەلە پەلەییەی ئەمڕۆی بۆچییە.

ئینجا نازانین بۆچی دوای بیست و چوار ساڵ هەڵکردن لەگەڵ بێ دەستووریدا، لەم قۆناغە پڕ لە قەیرانەدا، دەستوور وەک پێویستیی نان و هەوا بە میللەت دەفرۆشرێتەوە. دەستوور چ بە هایەکی هەیە، ئەگەر لە جیاتی خۆشگوزەرانی و ئاشتەوایی، ئاڵۆزی و پەرتەوازەیی لەگەڵ خۆی بێنێ؟ حەقە لە هەستیاریی بارەکە تێبگەین و ئەو بابەتە بۆ وادەیەکی گونجاو هەڵگرین.

ئەو بۆچوونە زۆر بێ مانایە، کە وای دەبینێ کوردستان هیچ مەترسیەکی لەسەر نییە و لە کەنارێکی ئارامدایە. بە پێچەوانەوە، هەرێمی کوردستان لە جوگرافیایەکی پڕ مەترسیدایە و هەڕەشەی زۆری لەسەرە. پەلاماری ساڵی ڕابردووی داعش تێیگەیاندین، هێشتا ئەم هەرێمە چ مەترسییەکی گەورەی لەسەرە.

هەرێمی کوردستان پێویستی بە بوژاندنەوەی ئابووری و سەقامگیریی سیاسی هەیە، نەک خەریکبوون بە شتێک کە بەلای هاونیشتمانییەوە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. ئەوەی هەنووکە بۆ خەڵکی بووەتە ئەولەویەت، دابینکردنی مووچە و خزمەتگوزارییە بنەڕەتیەکانی وەک ئاو و کارەبا و پەروەردە و تەندروستی و ڕێگەوبان و ئاسایش و ئارامییە.



هێمن خۆشناو

# کورد و جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو

لە تورکیا چەندین ڕووداوی گرنگ لە ئارادان. هەرە گرنگترینیان ئەو گۆڕانکارییە ریشەییەیە کە بە سەرۆکایەتی کەمال کلیچدارئۆغڵو جەهەپەی گرتووەتەوە. ئەگەرچی ئەوە پەیوەندی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی بە کوردەوە هەیە، بەڵام هێشتا باکوور هەموو ڕەهەندەکانی ئەو مەسەلەیەی نەبینیوە، باشووریش هەر درکی پێ نەکردووە.

پارتی گەلی کۆماری (جەهەپە) کۆنترین پارتی سیاسی تورکیایە، لە 9ی ئەیلولی 1923 لەسەر دەستی کەمال ئەتاتورک دامەزراوە. ئەو پارتە تا ساڵی 1950 بە تەنیا حوکمی تورکیای کرد. لەسەردەمی دەسەڵاتی ئەو پارتەدا کورد ڕووبەڕووی کۆمەڵکوژی، ئاسیمیلاسیۆن و گۆڕینی دیمۆگرافیای خاکەکەی بووەوە.

لەگەڵ ئاوابوونی سەردەمی یەک پارتی لە ساڵی 1950، بەهۆی سیاسەتی چەپی نەتەوەپەرستی و عەلمانیەتی ڕەها، مۆمی جەهەپە بەرەو کزبوون ڕۆیشت. جەهەپە لە پارتی زۆرینەوە بووە پارتی توێژێکی دیاریکراوی دەنگدەران، بووە پارتی بیرۆکراتەکانی دەوڵەت، چەپە کەمالیستەکان و سوپا و کارمەندانی دەزگا گشتییەکان.

سەرانی جەهەپە، بەر لە هاتنی کەمال کلیچدارئۆغڵو بۆ سەرۆکایەتی ئەو پارتە، هەوڵیان دا ئەو بارودۆخە بگۆڕن، بەڵام بوێریی ئەوەیان نەبوو، چونکە کلیلی کردنەوەی دەروازەی ئەو بارودۆخە گۆڕینی پارادیگمای کۆنەپەرست و نەتەوەپەرستانەی ئەو پارتە بوو لەبارەی کێشەی کورد.

هەرچەندە لەدوای ساڵی 2000 و ساڵانی دواتریش بەتایبەتی لەگەڵ هاتنی ئاکپارتی بۆ سەر دەسەڵات، جەهەپە وەکو پارتەکانی (ڕێگای ڕاست، نیشتمانی دایک) لەسەر شانۆی سیاسەت ڕەش نەکرایەوە، توانی لەبەرامبەر هەڵمەتە بەرفراوانەکەی ئەردۆغان خۆی بگرێت، بەڵام ئەو خۆڕاگرتنەی زۆر بە گران لەسەری کەوتەوە و هێزی زۆری لەدەستدا، تا دەهات لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی دەنگەکانی دادەبەزی، بەتایبەتی لە باکووری کوردستان هیچ پێگەیەکی نەمابوو. دەبووایە بەدوای دەرفەتێکدا بگەڕێت بۆئەوەی ڕێگای خۆقورتارکردن لە چارەنووسی پارتەکانی دیکە بدۆزێتەوە.

زەمینەی ئەو دەرفەتە بۆ یەکەمجار لە 11ی ئایاری 2011 بە دەست لەکارکێشانەوەی دەنیز بایکاڵ هاتە ئاراوە. بایکاڵ کە کەسێکی چەپی کەمالیستە، لەماوەی سەرۆکایەتی جەهەپەدا (1992 — 2011) وەکو سەرۆکەکانی پێش خۆی ڕێگەی نەدا خوێنی تازە لە جەستەی ئەو پارتە بگەڕێت. لەسەردەمی ئەودا چەندین کەسایەتی لیبراڵ و دیموکرات لە جەهەپە دوورکەوتنەوە، لە مەسەلەیەکی هەستیاری وەکو مەسەلەی کورددا، جیاوازییەک لە نێوان خیتابی جەهەپە و مەهەپە نەمابوو.

11 ڕۆژ دوای دەست لەکارکێشانەوەی بایکاڵ، لە 22ی ئایاری هەمان ساڵدا و لە کۆنگرەی 33یەمینی جەهەپە، کەمال کلیچدارئۆغڵو، کە کوردێکی دێرسمیە، بووە سەرۆکی جەهەپە. کلیچدارئۆغڵو لە یەکەمین گوتاری دوای هەڵبژاردنی بە سەرۆکی گشتیی جەهەپە، لەگەڵ ئەوەی دەیزانی ڕێگاکەی زۆر سەختە، بەڵێنی گۆڕانی ریشەیی و گەیاندنی پارتەکەی بۆ سەر کورسی دەسەڵات دا.

ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە چوار ساڵ بەسەر هاتنی کلیچدارئۆغڵو بۆ سەرۆکایەتی جەهەپە، هێشتا بەڵێنی دووەمی کە بریتییە لە گەیاندنی پارتەکەی بە کورسیی دەسەڵات بەدی نەهێناوە. بەڵام بەڵێنی یەکەمی کە جەهەپەیەکی نوێیە، بردە سەر و پرۆژەکەی لەسەر لێواری تەواوبووندایە.

جەهەپەی نوێ، یان جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو هەوڵ دەدات لە جیاتی ناسنامەی چەپی کەمالیست ناسنامەی چەپی دیموکرات وەربگرێ. جەهەپەی دەوڵەت نەبێ، بەرەو جەهەپەی دەنگدەر هەنگاو دەنێ. جەهەپەیەک کە تەنیا عەلمانیەکان لەخۆناگرێ، هەوڵ دەدات موسڵمان، ئاین و مەزهەبی جیاواز لەخۆبگرێ. لەکاتی خوێندنەوەی بەیاننامەی هەڵبژاردنی جەهەپە، ژمارەی ژنە سەرپۆشەکان لە ژمارەی ژنانی دیکە زیاتر بوو. ئەوەی زۆر گرنگە، نەتەوەپەرستانی کەمالیست بە دەگمەن نەبێت، لەناو سەرکردایەتی و ئۆرگانەکانی جەهەپەدا نابینرێن. جگە لە دەنیز بایکاڵ، نەتەوەپەرستانی دیکە نەکرانە کاندیدی جەهەپە بۆ پەرلەمانی تورکیا. لە 2ی نیسانی 2012دا پەیامنێری ڕۆژنامەی "ڕووداو" لە دیمانەیەکی تایبەت لەگەڵ کلیچدارئۆغڵو ئەو پیاوەی بە "کڕی بنبڕ" وەسف کردبوو. ئەمڕۆ دوای تێپەڕبوونی چوار ساڵ، ڕاستیی وەسفەکەی ڕووداو دەردەکەوێت. کلیچدارئۆغڵو دوای چوار ساڵ توانی ببێتە سەرۆکی بێ ڕکابەری جەهەپە و کۆتایی بە هۆگۆمۆنیای باڵی نەتەوەپەرست هێنا.

جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو لەدوای هەڵبژاردنی 7ی حوزەیران هەوڵ دەدات تاقیکردنەوەی مەسەلەی کوردیش بەسەرکەوتوویی تێپەڕێنێ. کلیچدارئۆغڵو بە ڕێگای هەردوو جێگرە کوردەکەی (گورسەل تەکین، سەزگین تانڕیکولو) پرۆژەیەکی بۆ چارەسەری کێشەی کورد ئامادە کردووە، گرنگترین بنەمای ئەو پرۆژەیەش گواستنەوەی پرۆسەی چارەسەری کێشەی کوردە لە ژوورە تاریکەکانەوە بۆ ناو هۆڵی پەرلەمانی تورکیا. واتە دەخوازێ بەرگێکی فەرمی و شەفاف بەو پرۆسەیە ببەخشێ، بێگومان ئەمەش کێشەی کورد بەرەو ئاقارێکی ڕووناکتر دەبات و هەنگاوێکە لەسەر ڕێگای ڕاست.

سەرکەوتنی جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو لە تاقیکردنەوەی مەسەلەی کورد، بە واتای تەواوبوونی پرۆژەی جەهەپەی نوێ دێتە ئاراوە. ئەگەرچی ئەو گۆڕانکارییەی جەهەپە بەخۆوەی دەبینێ ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە باکوور و باشووری کوردستانەوە هەیە، بەڵام پێناچێ کورد بە وردی ئەو گۆڕانکاریانەی خوێندبێتەوە، یان ئاگای لێبێت.

دەبێت بزووتنەوەی سیاسیی کورد لە باکووری کوردستان، وەکو پارتێکی دەوڵەت سەیری جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو نەکات، هەوڵ بدات جەهەپە بەرەو گۆڕانکاریی زیاتر هانبدات. لە هەڵوێستی ئەو بزووتنەوەیە لەبەرامبەر جەهەپە گۆڕانێک بەدی دەکرێت، بەڵام هێشتا ئەو هەڵوێستە ئەسیری خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژییە، دوورە لە خوێندنەوەی سیاسی واقیعیانە.

هەرێمی کوردستانیش کە گۆڕانکارییەکانی جەهەپە بە ناڕاستەوخۆ کاری تێدەکات، وەکو ئەوەی نە بای پێداهاتبێ و نە باران، هێشتا نە لە دوور و نە لە نزیک درکی بەوە نەکردووە. بێگومان جەهەپەی کلیچدارئۆغڵو پەیوەندیەکانی هەرێمی کوردستان و تورکیا بۆ ئاستێکی باڵاتر دەگوازێتەوە. جەهەپە دەبێتە گەرەنتی بۆ ئەوەی پرۆتۆکۆڵی فرۆشتنی نەوتی هەرێمی کوردستان بە ڕێگای تورکیا لە هەموو بارودۆخێکدا جێبەجێ بکرێت. بۆیە هەرێم ناچارە خوێندنەوەیەکی دیکە بۆ پەیوەندییەکانی لەگەڵ تورکیا بکات.



عەبدوڵڵا ڕێشاوی

# حەرامەکانی دەوڵەت

ئایا هیچ جیاوازییەک لەنێوان حوکمە شەرعیەکانی حەڵاڵ و حەرام لەسەر ئاستی کەسی و لەسەر ئاستی دەوڵەتی هەیە؟ ئایا ئەو حوکمە فیقهی و تێکستییانەی باس لە حەرامێک دەکەن لەسەر ئاستی تاک، هەمان ئەو حوکمانە بۆ دەوڵەت و بەڕێوەبردنی دەسەڵات شیاون و هەمان شتن؟ ئایا جیاوازییەک هەیە لەنێوان حوکمە شەرعیەکان لە تاکەکەسەوە بۆ دەوڵەت؟ ئایا حەرامەکانی دەوڵەت هەمان حەرامە شەرعیەکانی تاکن؟ یان جیاوازییەک لەم بابەتەدا هەیە و پێویستە ببینرێت؟

ئەم پرسیارانە بەتەواوەتی پێویستیەکی میتۆدین بۆ کەسێک کە لەبواری گشتیدا کاردەکات و نایەوێت ئەحکامە شەرعیەکانی حەرام و حەڵاڵ ببەزێنێ و دەخوازێت بە پرەنسیپە شەرعیەکانی ئایەت و فەرمووده و فیقهی ئیسلامی کاروبارەکانی جڤات و دەوڵەت بەڕێوە ببرێت.

لەماوەکانی ڕابردوودا چەندینجار کۆمەڵگەی موسوڵمانی کوردستان لەگەڵ بابەتی لەم چەشنە دەرگیربوون، هەر لە "سلفەی عەقارەوە" تا دەگاتە پرسی قەرزەکەی حکومەت کە ماوەیەکی زۆر نییە لە پارلەمان وروژا و لەلایەن هەندێک لە پارلەمانتارانەوە وەک پرسێکی (حەرام) قسەی لەبارەوە کرا.

لەسەر ئاستی جیهانیش، واقیعی بانکە ربەویەکانی ئەوروپا و بابەتی سۆشیال لە کۆمەڵگا ئەوروپیەکاندا- بۆ موسوڵمان- جێگەی پرسیار و ئیشکالن ئەگەر بەدیدێکی مۆدێرنی فیقهی ئیسلامی چارەسەر نەکرێن.

بێگومان بابەتێکی لەم شێوەیە پەیوەست بێت بەئاینەوە یان نا، ئەوە ڕەهەندێکە و ڕەهەندێکی دیکەشی ئەوەیە ئایا ئەم پرسە بە چ چەشنێک پەیوەندی بە ئاینەوە هەیە؟ کورت و پوخت ئایا بابەتی "سوودی سەر قەرزی نێودەوڵەتی" یان "سوودی سلفەی عەقار"ی حکومەت هەمان ئەو سوود و ڕبایەیە کە لە ئیسلامدا حەرام کراوە؟

ئایا کەسایەتی حکومەت هەمان کەسایەتی تاکەکەسە هەتاوکو بەهەمان ترازووی شەرعی ئەحکامەکانیان بۆ بپێوین؟ ئایا لە سیستمی ربەویدا حکومەت ڕۆڵی "مرتەشی" و هاووڵاتیانیش ڕۆڵی "ڕاشی" دەبینن؟ ئەمانە هەمووی پرسیاری جدین کە دەبێت لەم پرسە هەستیارانەدا ڕەچاو بکرێن و وەڵام بدرێنەوە بەر لە دەرکردنی هەر بڕیارێکی حەرام و حەڵاڵ کە دواتر لێکەوتەکەی زۆر گەورەتر دەبێت لەوەی کە چاوەڕوان دەکرێت.

بۆنموونە کاتێک تۆ قەرزێکی حکومەت بە "سووخۆری" و چوونە ناو بازنەی حەرامەوە بڕیار لێدەدەی، دەبێت لە سەرئەنجامیشدا بایی ئەوە ئازایەتیت لەباردا بێت بایکۆتی حکومەت و دامودەزگاکانی بکەی و لە خەڵکیش داوا بکەیت بایکۆتی هەموو جۆرە پەیوەندییەک لەگەڵ حکومەت بکەن، وەک ئەوەی مەهاتما گاندی لەگەڵ بەریتانیەکان کردی، ئایا تۆ دەتوانی ئەمە بکەیت؟

لای هەموومان ڕوونە تاکەکەس کەسێتیەکی هەیە و حکومەتیش کەسێتیەکی دی. لە کورتترین جیاوازیدا تاکەکەس کەسێتیەکی ماددی هەیە و حکومەتیش کەسێتیەکی مەعنەوی ، لە پانتایی جیاوازییە گەورەکانیشدا تاکەکەس خاوەنی کۆمەڵێک ئەرک و مافە کە تەواو جیاوازە لە ئەرک و مافەکانی تایبەت بە دەوڵەت و حکومەت.

جیاوازیەکە لە نێوان تاک و دەوڵەتدا هێندە گەورەیە کە ناکرێت و ناشێت بەهەمان ترازوو بیانپێوین، هەروەک نەشمانتوانیوە لە ڕابردوودا هەمان ئەرک و ماف بۆ ئەم دوو کەسێتیە دیاری بکەین. بەڵکو بە درێژایی مێژوو هەمیشە ئەرک و مافەکانی ئەم دوو کەسێتیە، یان ئەم دوو بوارە، لەیەکدی جیاواز بوون.

ئەوە ئەرکێکی گەورەی فەقیە و زانایان و ڕۆشنبیرانی ئاینییە بە تەواوی ئەحکامەکانی دەوڵەت لە ئەحکامەکانی تاکەکەس جیا بکەنەوە، هەروەک دەبینین مۆراڵەکانی ئەم دووانە بەتەواوی لەیەک جیاوازن. لە مۆراڵدا ئەوەی بۆ تاکەکەس حەرامە زۆرکات بۆ دەوڵەت نەک حەڵاڵە بەڵکو پێویست و واجبە.

جیانەکردنەوەی ئەم دوو بوارە لەیەکتر کۆمەڵێکی زۆری لە زانایان و پەرلەمانتاران و چالاکوانانی ئێمەی خستووەتە هەڵەی میتۆدییەوە.

بێگومان لێرەدا قسەی من لەسەر قەرزەکەی حکومەتی هەرێم نییە، بەڵکو قسەم لەسەر ئەو میتۆدە شەرعیەیە کە هەندێک پارلەمانتار و خەڵکی دیکەش لەسەر ئەم بابەتە قسەیان پێ کردووە.

ئەوان کورت و پوخت و سادە قەرزی حکومەت بە حەرام دەزانن بەو پاساوەی "ربا"ی لەسەرەو لە قورئانیشدا "ربا" حەرام کراوە.

ئەگەر بابەتەکە بەم سادەییە بێت، بێگومان قسەی ئەم بەڕێزانە تەواوە، بەڵام خودی پرسیارەکە هەر ئەمەیە (ئایا ئەم بابەتە هەر ئاوا سادەیە؟) (ربا) حەرامە و حکومەتیش قەرزێک دەکات کە ربای لەسەرە کەواتە حکومەت گوناهبارە و سەرچاوەی ئاوخواردنەوەی میللەت ژەهراوی بووە؟ بابەتەکە بەم شێوەیە سادەیە؟

بە بۆچوونی من ئەم لۆژیکە بەم سادەییە نییە و قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە بەم سادەییە هەڵەیەکی کوشندەیە، "کوشندە بە تەواوی مانا"، چونکە پێوەر لەکاروباری دەوڵەت و جڤاتدا بەرژەوەندییە، ئەوە تەنها بەرژەوەندیی کۆی گشتی خەڵک و حکومەت و دەسەڵاتە کە دیاری دەکات چی حەرامە و چی حەڵاڵە، نەک دەقێکی پێشوەخت بۆ حاڵەتێکی جیاواز، بۆ دنیایەکی تەواو جیاواز، بۆ ژیار و سیستمێکی تەواو جیاواز.



هێمن عەبدوڵڵا

hemen@rudaw.net

# هەویرەکەی ئێران

کەمتر لە دە ڕۆژ ماوە بۆ واژۆکردنی ڕێککەوتنی نێوان ئێران و وڵاتانی پێنج کۆ یەک. ئەگەر ڕێککەوتنەکە واژۆ بکرێت، پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئۆپۆزیسیۆنی ئێران ڕووداوەکە وەکو گورزێکی بەهێز لەو هەوڵانە دەبینن کە چەند ساڵە داویانە بۆ جووڵاندنی جیهان لەدژی کۆماری ئیسلامی. لەئێستاشەوە حیزبەکانی ڕۆژهەڵات گەواڵە هەوری نائومێدبوون بە ئاسمانیانەوە دێت و دەچێت. بەڵام بەڕاستی ئەو نائومێدییە لەجێی خۆیدایە؟

دۆسیەی ئەتۆمیی ئێران تازە نییە و هی سەردەمی شایە. لە نێوەڕاستی حەفتاکاندا ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژئاوا نیگەران بوون لەو خەونانەی حەمەڕەزای پەهلەوی بۆ وەدەستهێنانی چەکی ئەتۆمی دەیبینین. لەماوەی شەڕی نێوان ئێران و عێراقیشدا لەساڵانی هەشتاکان، خەونی شا لە سەری دەوڵەتی ئایەتوڵڵادا زیندووبووەوە. بەدواشیدا لە سەرەتای دووهەزارەوە نیشانەکانی وەدیهاتنی خەونەکە بۆ وڵاتانی ڕۆژئاوایی بەزەقی دەرکەوتن.

لەوەتەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەیە، مەسەلەی گەمارۆکان لەسەر ئێران لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی یان لەسەر دۆسیە زۆرەکانی دیکە، گەرم بوون. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێبەرایەتی ئەو سیاسەتە نێودەوڵەتییەی کردووە کە پێیوابووە "کۆماری ئیسلامیی ئێران لە سەرتاسەری جیهاندا پشتیوانی لە تیرۆریزم دەکات، بۆیەش دەبێ سزابدرێ". ئێستاش دیسان ئەوەی بڕیاری یەکلاکەرەوە لەسەر گەیشتنە ڕێککەوتن لەگەڵ ئێران لەسەر دۆسیەی ئەتۆمی دەدات، هەر ئەمریکایە. زۆر لە لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێران، بە پارتەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیشەوە، دیواری هیوایان لەسەر دوژمنایەتیی ئەمریکا لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا هەڵچنیوە. بۆیە ڕازیبوونی ئەمریکا بە لابردن یان هەڵپەساردن یان سووککردنی گەمارۆکانی سەر ئێران، بەوە لێکدەدەنەوە کە چیدی ئەمریکا لاوازکردنی تاران بە پێویستییەکی بنەڕەتی بۆ سەرکەوتنی سیاسەتی دەرەوەی خۆی نازانێ. بەڵام بەڕاستی وایە؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە دوو شت گرنگن بزانرێن، یەکەمیان: ڕێککەوتنی پاش کەمتر لە دە ڕۆژی دیکە، کۆتایی بە ناکۆکیی قووڵی نێوان ئەمریکا و ئێران ناهێنێ و بەوهۆیەوە باڵیۆزخانەی ئەمریکا ناچێتەوە تاران. دووەمیش: لە ڕابردووی نادووردا نموونەی ڕێککەوتنی هاوشێوە هەبوون کە بەرلەوەی مرەکەبەکانیان وشکبێتەوە، ئەمریکا لە ڕیزی قۆشەنی ئەو سوارانەدا بینراوە کە لایەنی بەرامبەر بەچۆکدا دەهێنن.

ئەو ڕێککەوتنە بۆیە پەیوەندییەکان ئاسایی ناکاتەوە، چونکە هێشتا وردەکاریی زۆر ماون کە هەر لایەنێکی ڕێککەوتنەکە تێگەیشتنی خۆیان بۆ وردەکارییەکانی هەیە. ئەمەش وادەکات وەکچۆن گەیشتنە ڕێککەوتنەکە ئاسان نەبوو، ئاواش جێبەجێکردنی ئیشێکی قورس بێت. ئەوەی ئێستا ئەمریکا و وڵاتانی دیکە دەیانەوێ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی بیگەنێ، دروست ئەوەیە کە لە نەوەتەکاندا لەگەڵ ڕژێمی سەددام لەسەر دۆسیەی چەکە کۆکوژەکانی عێراق پێیگەیشتن، بەڵام لەماوەی کەمتر لە دە ساڵدا، سوپای ئەمریکا لە مەیدانی فیردەوس پەیکەری سەددامی هێنایە خوارەوە.

نموونەیەکی نوێتر ئەو ڕێککەوتن و ئاساییکردنەوەیەی پەیوەندییەکانە کە لیبیای قەزافی لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژئاوایی پێیگەیشت. هێندە پەیوەندییەکان ئاسایی ببوونەوە کە قەزافی لە ئیتاڵیا لەبەردەم پۆلێک خانمی ناسکی ئیتاڵیدا وردەکارییەکانی کتێبە سەوزەکەی شیدەکردەوە، بەڵام لەماوەیەکی کەمدا فڕۆکەی فەڕەنسی و ئەمریکی و وڵاتانی دیکە دڵی سەوزی قەزافییان شکاند و لە تەرابلوس ڕاویاننا.

ئەو گەمارۆیەی یەکێتیی ئەوروپا و ئەمریکا و تەنانەت نەتەوە یەکگرتووەکانیش خستوویانەتە سەر تاران، بەشێکی پەیوەندی بە دۆسیەی ئەتۆمییەوە هەیە، بەشەکەی دیکەی پەیوەندی بە دەستتێوەردانی ئێران لە کاروباری وڵاتانی دیکە و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە نێو ئێران و زۆر دۆسیەی دیکەوە هەیە. بۆیە ئەوانەی پێیانوایە هەویری ناکۆکیی ڕۆژئاواییەکان لەگەڵ دەوڵەتی ئایەتوڵڵاکان لە کۆتایی ئەم مانگەوە چیدی ئاو ناکێشێ، پێویستیان بە سەرلەنوێ بیرکردنەوەیە.



دانا نەوزەر

# سیستەمی یەک نەفەری

وەکو کیلۆ و مەتر "یەک نەفەر"یش بۆ ژماردن و پێوانەی شتەکان بەکاردێت. یەک نەفەر کەباب چوار شیشە و ئەگەر کەبابچیەکە لێزان بێ، خۆشترین ژەمی دونیایە. لە گەراجیش، یەک نەفەر مەحبوبترین کەسە کە سەرنشینی پاس و تەکسی چاوەڕێی دەکەن تا بەڕێبکەون. بەڵام لە ژیاندا یەک نەفەربوون شتێکی ناخۆشە. سروشتی هەموو گیانەوەران بە مرۆڤیشەوە وایە کە حەز دەکەن جووت بن. جووتبوون ڕێگەی زۆربوون و بەردەوامیی ژیانە. هەر لەبەر ئەوەشە کەشتیەکەی نوح تەنها بۆ جووتەکان بوو. بێگومان مرۆڤ جار جار پێویستی بەتەنیایی هەیە، بەڵام هیچ مرۆڤێکی ئاسایی نایەوێت تا مردن بەتەنیا بژی و ئینگلیز گوتەنی سینگڵ بێ.

بەپێچەوانەی گۆرانیەکەی شێرکۆ تاڵەبەوە کە دەڵێت "سەرینەکەم بۆ دوو کەسە، دوو کورسی تامەزرۆم هەیە، دوو پیاڵەشم هەیە بۆ چا"، مرۆڤی سینگڵ شتەکانی ژیانیشی زۆربەیان یەک نەفەرین. بەتانیی یەک نەفەری و سیسەمی یەک نەفەری. ئەگەرچی شت زۆرە تەنیابوون بیری سینگڵەکان بخاتەوە، بەڵام هیچ شتێک هێندەی کات و شوێنی خەو تەنیابوون بیری سینگڵەکان ناخەنەوە. مرۆڤ چەند رقی لە سیسەمی یەک نەفەرییە ئەوەندەش حەزی لە سیستەمی یەک نەفەریە.

بە پێچەوانەی سیسەمی یەک نەفەرییەوە کە مرۆڤ ئازادیی کەمترە و توانای جووڵەی زۆری نییە، سیستەمی یەک نەفەری دەسەڵاتێکی زۆر بە یەک نەفەر دەدات. ئەگەر ئەو یەک نەفەرە لەلایەن خەڵکەوە هەڵبژێردرێت پێی دەگوترێ دیموکراسی و ئەگەر ئەو نەفەرە بەزۆر خۆی بسەپێنێ پێی دەگوترێ دیکتاتۆری و ئەگەر لە باوانیشیەوە دەسەڵاتی بۆ بمێنێتەوە ، پێی دەگوترێ پادشایەتی. مرۆڤ حەز دەکات هەموو دەسەڵاتەکان بەدەست خۆی بێت. مێژووش هیچ نییە جگە لە چیرۆکی هەوڵدانی کەسەکان بۆ گرتنە دەستی دەسەڵات و مانەوە تێیدا.

سیستەمی یەک نەفەری مەرج نییە باش بێت یان خراپ بێت. بەشێکی زۆری مێژووی مرۆڤایەتی لەژێر سایەی سیستەمی یەک نەفەریدا بووە. ناوە گەورەکانی مێژووش، ئەوانەی لە بیرەوەریی مرۆڤایەتیدا ماون، دەسەڵاتداری سیستەمی یەک نەفەری بوون. لەم جۆرە سیستەمەدا، کەسایەتی و کارەکتەری دەسەڵاتدار کاریگەری گەورەی لەسەر ڕووداوەکان دەبێت. ئەگەر زۆر باش بێت، شتی زۆر باش ڕوودەدات و ئەگەر خراپیش بێت، شتی زۆر خراپ دەقەومێت. ئەفلاتون لە "کۆمار"دا ڕژێمەکان دابەش دەکات بۆ پێنج جۆر: ئەریستۆکراسی، تیمۆکراسی، ئۆلیگارکی و دیموکراسی و تیرانی. ئەریستۆکراسی و تیرانی هەردووکیان دەسەڵاتی یەک نەفەرین، بەڵام یەکێکیان باشترین و ئەوی تریان خراپترین جۆری حوکمکردنە. ئەریستۆکراسی دەسەڵاتی "پادشای فەیلەسوف"ە کە تێیدا کەسێکی ژیر و خاوەن توانا دەسەڵاتی هەیە، بەڵام تیرانی بریتییە لە دەسەڵاتی یەک کەسی سەرکوتکەر کە بە ترس و تۆقاندن حوکم دەکات و پابەند نییە بە هیچ ڕێسا و یاسایەکەوە. ئەفلاتون پێیوایە دیموکراسی نزیکترین سیستەمی حوکمکردنە لە تیرانی، چونکە دیموکراسی سەر بۆ ئاژاوە دەکێشێ و لە ئاژاوە و نەبوونی دەسەڵاتێکی ڕوونیشدا، خەڵک ئامادەن دەست لە ماف و ئازادییەکانی خۆیان هەڵگرن لەپێناوی ئاسایش و پاراستنی سەر و ماڵ و موڵکیاندا. دەسەڵاتدار لە سیستەمی تیرانیدا ناتوانێ دەست لەدەسەڵات بەربدات، چونکە هەموو بوون و ژیان و مانەوەی بەندە بە دەسەڵاتەکەیەوە.

15ی ئەم مانگە ساڵیادی ئیمزاکردنی ماگنا کارتا بوو. ماگنا کارتا کە بە لاتینی واتە "پەیڕەوە گەورەکە"، بە یەکێک لە هەنگاوە گرنگەکانی هەنگاونان بەرەو دیموکراسی دادەنرێت لە مێژووی مرۆڤایەتیدا. بەپێی ئەم ڕێککەوتنە کە لە 15ی حوزەیرانی 1215 ی زاینیدا ئیمزا کرا، بۆ یەکەم جار پادشای ئینگلتەرا لەژێر فشاری نەیارەکانیدا بەشێک لە دەسەڵاتەکانی سنووردارکرد. نەیارەکانی پادشا خەڵکی ئاسایی نەبوون، بەڵکو ئەو کەسانە بوون کە دەسەڵاتی ئابووریيان هەبووە و چیدی ئامادەنەبوون ملکەچی هەموو بڕیارێک بن.

بەپێچەوانەی گەنجەکانیەوە کە خەون بە سیسەم و بەتانیی دوو نەفەرییەوە دەبینن، حیزبەکانی کوردستان خواستێکی گەورەیان هەیە بۆ سیستەمی یەک نەفەری، بەڵام هەمووشیان دەزانن لە سیستەمی یەک نەفەریدا تەنها یەک نەفەر حوکم دەکات، هەر بۆیە ئێستا زۆرینەی حیزبەکان سیستەمی پەرلەمانی داوا دەکەن و دژایەتی سیستەمی سەرۆکایەتی دەکەن. بابەتی سیستەمی یەک نەفەری دەبێت خەریکی سیستەمەکە بێت نەک نەفەرەکە، بەڵام ئەوەی ئێستا دەبینرێت، قسەکردن نییە لەسەر سیستەمەکە بەڵکو قسەیە لەسەر نەفەرەکە کە ئەمەش تەنها گرژی و کینەی سیاسی لێدەکەوێتەوە. کوردستان لەبەردەم دووڕیاندایە، دەکرێت لەوە باشتر بێت کە ئێستا هەیە و دەشکرێت لەوە خراپتر بێت کە ئێستا هەیە. ئەگەری خراپتربوونیشی لە باشتربوونی زیاترە. نەگبەتی ئەوەیە زۆرێک بەناوی بەدەستهێنانی باشترەوە ئامادەن خراپترەکەش هەڵبژێرن. سیستەمی یەک نەفەری واقیعە. دەکرێت سیستەمەکەش بگۆڕین و دەکرێت نەفەرەکەش بگۆڕین. یان دەکرێت یەکێکیان بگۆڕین و یەکێکیان بهێڵینەوە. بەڵام لە هەموو سیستەم و نەفەرەکان گرنگتر، ئاسایش و بوون و مانەوەی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە.



غیاسەددین نەقشبەندی

# تەعریب بەدەستی کورد

هاتنی پەنابەر بۆ کوردستان بەوشێوازە، بار و ئەرکێکی زۆر دەخاتە سەر شانی حکومەتی کوردستان و خەڵکەکەشی، لەوانەیە وەکو هەڵوێستێکی سیاسی، کوردستان تا ڕاددەیەک سوودی مەعنەویی لێ وەرگرتبێ، بەڵام زیانی زیاتربووە، چونکە ئەو گرفتانەی لە ئەنجامی هاتنی پەنابەرانەوە دێنە ئارا، بەڕۆیشتنیان چارەسەرناکرێن و شوێنیان هەردەمێنێ.

نازانم ئەو حکومەتەی ئێمە بە چ پێوەرێک شتەکان لێکدەداتەوە، هێشتان خێزانی پێشمەرگە و شەهیدەکان کرێچین و خانوویان نییە، کوڕەکانیان بێ مووچە و بە چەکی خۆیان بەرگری لە خاکی کوردستان دەکەن و خوێن دەبەخشن. لەکاتێکدا عەرەب لە کوردستان دەبنە خاوەنی خانوو و گەشت بۆ هاوینەهەوارەکان دەکەن، پێشمەرگە بەرگریيان لێدەکات و ئەوانیش لە کافتریا و مۆڵەکان نارگیلە دەکێشن. دونیا هەمووی قەرزداری پێشمەرگەیە و پێشمەرگەش قەرزاری خاوەن خانوو.

حەفتەی ڕابردوو پارێزگاری هەولێر لەگەڵ مانگی سووری ئیماراتی بەردی بناغەی ئاڤاکردنی 500 خانووی لە بەحرکە بۆ ئاوارەی عەرەب دانا!

ئەمە بەشێکە لە پرۆگرامێکی کودەتایی تەعریبکردنی کوردستان کە ئێمە پێی نازانین، بەڵام ئەمجارەیان بەدەستی خۆمان و بەپارەی ئیماراتی 1500 خانووی کۆنکریت- نەک خێوەت و کابینە و کەرەڤان- خانووی بەبنیات کە دەبێتە سامانی نەگوازراوە، بۆ عەرەب دروست دەکرێت، بۆ؟ بۆچی لە بەحرکە ؟ بۆچی لە تەل ئەلوەرد و سوڵتان عەبدوڵڵا دروست ناکرێن؟ یان لەودیوی حەمرین لە دەرەوەی سنووری کوردستان و لەژێر کۆنترۆڵ و پارێزگاریی پێشمەرگە؟ ئەوسا خاکەکەی ئەولاشمان مسۆگەر دەکرد و هەرکاتێ بمانویستبایە سنوورەکانی خۆمان دەبردە پشت هێڵەکانی ئەوان و ئەو خاکەشمان مسۆگەر دەکرد، بەڵام وا دیارە جگە لەوەی کە کورد حەزی لەوەیە پێی بڵێن: ئافەرین، کۆمیسیۆنێکی چاکیشی تێدایە و چەند کەسێکی تر پێی دەوڵەمەند دەبن، بۆیە خاکی کوردستان وا بەئاسانی دەفرۆشرێت و کەسیش نییە لێی بێتە دەنگ.

هاتنی پەنابەر بۆ هەرشوێنێک تەنانەت لەکاتی جەنگیشدا پێوەر و ڕێسای خۆی هەیە و ناکرێت بەهەڕەمەکی و بێ پلان بەلێشاو بێنە ناو وڵاتێکی تر. مەبەستم پەنابەری عەرەبە، چونکە ناکرێ بە کوردی ڕۆژئاوا بگوترێ پەنابەر، ئەوان وڵاتی خۆیانە و هیچ منەت و پیاوەتییەکی تێدا نییە، تەنانەت ئەگەر نانەکەی سەرسفرەشمان بکەینە دوو کەرت و نیوەی بدەینە ئەوان، تەنیا عەرەبەکان پەنابەرن بۆ ناو خاکی کوردستان کە بۆ ئەوان شوێنێکی ئاسایشە و بۆ خۆیان و خێزانیان جێگای حەسانەوەیە، بەڵام ئەوانەی دێن و خانووبەرە دەکڕن و دەبنە خاوەنی موڵک، ئەوانە جارێکی دی کوردستان بەجێناهێڵن، چونکە منداڵیان فێری کوردی دەبێت و کۆبوونی خۆراک نەقڵی کوردستان دەکەن و بێگومان دیمۆگرافیای کوردستان زیاتر دەشێوێنن.

کاتی خۆی ڕژێمی بەعس عەرەبی بۆ کەرکووک هێنا و دیمۆگرافیای گۆڕی، ئێستاشی لەگەڵدابێ وا لەدەستی دەناڵێنین و پێمان چارە ناکرێت، ئەی تەعریبکردنی کوردستان ئەگەر بەدەستی خۆمان بکرێت چۆن چارە دەبێت؟ پرسیارێکە بۆ هەرکەسێک کە دەستی لەو کودەتایەدا هەیە.



بێستون عوسمان

bestoon.othman@rudaw.net

# هاوپەیمانێتی AKP و MHP تورکیا بەرەو کوێ دەبات؟

ڕۆژ نییە سیناریۆیەکی جیاواز لەسەر ئەگەرەکانی پێکهێنانی حکومەتی نوێی تورکیا لە میدیاکان بڵاونەبێتەوە. دوایین سیناریۆش کە خەڵکی بەخۆوە سەرقاڵ کردووە، ئەگەری هاوپەیمانێتی AKP و MHP یە. من پێموایە بەدیهاتنی ئەمە تابڵێی گرانە، خۆ ئەگەر ڕووشبدات مانای دەستپێکی قۆناغی قورپەسەرییە بۆ تورکیا و دۆزی کورد و پەیوەندییەکانی ئەنقەرە و هەولێر.

پارتی بزووتنەوەی نەژادپەرست MHP نوێنەرایەتی تورکە ڕاسیست و شۆڤێنیستەکان دەکات. تەنانەت دەڵێت "نامەوێ ناوم لە نێو ڕستەیەکدا بێت کە ناوی HDP ی تێدایە". خودی کورد بە تیرۆریست و کێشە دەبینێت و هێرشی تورکیاش بۆ سەر قەندیل بە چارەسەرەکەی.

مەرجی سەرەکیی MHP بۆ گرێدانی هاوپەیمانێتی کۆتاییهێنانە بە پرۆسەی چارەسەری. مەرجێکی دیکەیان ئەوەیە ئەردۆغان کۆشکی ئاک سەرای جێبهێڵێت و بگەڕێتەوە بۆ کۆشکی چانکایا، هاوکات بگەڕێتەوە بۆ نێو سنوورە دەستوورییەکانی دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار. دەشڵێت دەبێ جارێکی دیکە لێکۆڵینەوەی دۆسیەکانی گەندەڵی و بەرتیلخۆری (17 و 25 ی کانوونی یەکەم) دەستپێبکاتەوە کە ئەردۆغان سەری نابوونەوە.

یەک: ئەردۆغان دەتوانێ بگەڕێتەوە نێو سنوورە دەستوورییەکانی دەسەڵاتی سەرۆک کۆمار (هیچ نەبێت وا پیشان دەدات کە گەڕاوەتەوە)، بەڵام ناتوانێ بگەڕێتەوە کۆشکی چانکایا! کۆشکی ئاک سەرای بۆ ئەردۆغان وەک مەسەلەی شەرەف وایە.

دوو: ئەردۆغان دەتوانێ دۆسیەی 17ی کانوونی یەکەم بخاتەوە بەردەم لێکۆڵینەوە، ئەوپەڕی ئەوەیە ئەو چوار وەزیرەی کە ناویان لەو مەسەلەیەوە گلابوو، دەنێرنە (دیوانی مەزن). بەڵام ناتوانێ ڕێگە بدات بەوەی دۆسیەی 25ی کانوونی یەکەم جارێکی دیکە بوروژێنرێتەوە. لەبەر ئەوەی بیلالی کوڕی و خودی خۆی تیایدا تۆمەتبارن بە بەرتیلخۆری و گەندەڵی.

لە هەمووی گرنگتر پرۆسەی چارەسەرییە، AKP ناتوانێ بەفەرمی ڕایبگەیەنێت کە کۆتایی بە پرۆسەی چارەسەری هێناوە. پرۆسەی چارەسەری تەنها پرۆژەیەکی AKP یە کە زۆرترین پشتگیری هەیە لەلای دانیشتووانی تورکیا. کۆتاییهێنان بەو پرۆژەیە، خۆکوژیی سیاسی دەبێت.

ئەو سیناریۆیەی کە ئێستا هەیە دەڵێت "ناوی پرۆسەکە دەگۆڕن و ناوی دەنێن دیموکراتیزەبوون". مەسەلە ناوەکەی نییە! مەسەلە دەست خستنە ناو دەستی ڕاسیستەکانە، کە دوور نییە ببێتە هۆی هەڵگیرسانەوەی شەڕ. AKP ئۆباڵی ئەوەی پێ هەڵناگیرێت.

ئەگەر هەموو ئەمانەیان لەنێوان خۆیان چارەسەر کرد و AKP و MHP لە ئەنجامی دەستتێوەردان و هاندانی دەوڵەتی قووڵ و ناوەندە نایاساییەکانی هێز حکومەتێکی ئیئتیلافییان پێکهێنا، ئەوا تەمەنی لە ساڵ و نیوێک زیاتر نابێت! ئەو ساڵ و نیوەش 20 ساڵ تورکیا دەباتەوە دواوە.

وەک یەکەم ڕۆژی دوای هەڵبژاردنەکەش گوتم، تورکیا لەبەردەم قۆناغێکی زۆر ئاڵۆزدایە. ئەردۆغان لەم ماوەیەدا هەموو شتێک دەکات بۆ هەڵگەڕاندنەوەی هاوکێشەکە لە بەرژەوەندیی AKP. هەتا ئێستاش هەموو ئەگەرەکان کراوەن و قابیلی ڕوودانن، لە هەڵبژاردنی پێشوەختەوە بیگرە هەتا پێکهێنانی حکومەتی هاوپەیمانی لەلایەن AKP وە لەگەڵ هەر یەکێک لە پارتەکان، تەنانەت گۆڕانکاری دەستوور لەڕێگەی ڕێکەوتنێکی لابەلاوە لە دەرەوەی پرۆسەی پێکهێنانی حکومەت.

هەڵبژاردنی سەرۆکی پەرلەمان کە لەم چەند ڕۆژەدا دەبێت ئەنجام بدرێت، بەرچاوڕوونکەرێکی باش دەبێت بۆئەوەی بزانین کام لەم سیناریۆیانە ئەگەری بەدیهاتنی هەیە.

ئاسۆ

ئەم وتارانە گوزارشت لە رای نووسەرەکانیان دەکەن و بەهیچ شێوەیەک دەربڕی بۆچوونی تۆڕی میدیایی ڕووداو نین.

WWW.RUDAW.NET

RÛDAW
Rudaw Media Network
Rudaw readers know more




بێژەرە بالأپۆشەکەی ڕووداو:

## هەرگیز لەچکەکەم لانادەم

« 12


خاوەنی ئیمتیاز : تۆڕی میدیایی ڕووداو
سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam@rudaw.net
جێگری سەرنووسەر : ساڵح قادر rodan@rudaw.net
بەڕێوەبەرانی نووسین: نەوزاد مەحموود newzad@rudaw.net
هیڤیدار ئەحمەد hevidar@rudaw.net
بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیمەتی himati@rudaw.net
ئەندامی شانازی ستاف : عەبدوڵڵا قرگەیی
دیزاینەران : بەختیار مستەفا ، هونەر مەرجان ، شاهۆ محەممەد

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە تۆڕی میدیایی ڕووداو دەریدەکات | نووسینگەی سلێمانی : بەرامبەر پارکی ئازادی 07501130997 | ناونیشان: هەولێر ـ شەقامی ڕووناکی | Tel: 0750 486 34 12 - 0750 488 56 96 | rudaw@rudaw.net



